حکومەتی هەرێمی کوردستان –عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی
بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان

# ئاڕاستەی مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە قوتابخانە بنەڕەتییەکان بۆ بەکارهێنانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی

ئەم نامەیە

پێشکەش بەئەنجومەنی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی لەزانکۆی سلێمانی کراوە وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر/زانستە کۆمەڵایەتییەکان/پەروەردە/ ڕێگاکانی وانەوتنەوەی جوگرافیا

لەلایەن
فریدە محمد محمود

بەسەرپەرشتی
پ.د.سۆلاڤ فائق محمد
پ.ی. د. فؤاد خالد سعید

کوردی 2722 زایینی 2022 کۆچی 1444

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿يَرْفَعِ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ

وَالَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ دَرَجَاتٍ ﴾

صدق الله العظيم

(سورة المجادلة- الآية: 11 )

# بڕیاری سەرپەرشتیاران

ئەم نامەیە بەناونیشانی [ئاراستەی مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە قوتابخانە بنەڕەتییەکان بۆ بەکارهێنانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی] لەلایەن خوێندکار (فریدە محمد محمود)ەوە بە سەرپەرشتیاری ئێمە لە زانکۆی سلێمانی – کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی- ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی[ماستەر] لە بواری پەروەردە/ لەڕێگاکانی وانەوتنەوەی جوگرافیادا لەوپێناوەدا واژۆمان کردوە .

| | |
|---|---|
| واژۆ | واژۆ |
| پ.د.سۆلاڤ فائق محمد علي | پ.ی.د. فؤاد خالد سعيد |
| سەرپەرشتیار | سەرپەرشتیار |
| بەروار: / /2022 | بەروار: / /2022 |

بەپێی ئەو پێشنیازانە، ئەم نامەیە پێشکەش بەلیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەین.

واژۆ

پ.ی.د.فواد خالد سعيد

سەرۆکی بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان

بەروار: / /2022

## **بڕیاری هەڵسەنگێنەری زانستی**

**ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ئاڕاستەی مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە قوتابخانە بنەڕەتییەکان بۆ بەکارهێنانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی) ئەرکی پێداچونەوە و وردبینیکردنی زانستی و زمانەوانیی بە من سپێردرا، دوای سەرنجدان دەرکەوت، بە جۆرێکە هەڵە و گوزراشتی زانستی و زمانەوانی نادروستی تێدا نییە و لەبەر ئەوە واژۆم کرد .**

**هەڵسەنگێنەری زانستی**

**واژۆ :**

**ناو:**

**بەروار:** / / 2022

# بڕیاری لیژنەی گفتوگۆکردن

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان بەناونیشانی [ئاراستەی مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە قوتابخانە بنەڕەتییەکان بۆ بەکارهێنانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی] لەگەڵ خوێندکاری ماستەر (فریدە محمد محمود) گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی دیکەی کرد و بڕیارماندا، بە پلەی [ ] بڕوانامەی ماستەر لەبواری پەروەردە/ ڕێگاکانی وانەوتنەوەی جوگرافیای پێ بدرێت .

| | | |
|---|---|---|
| سەرۆکی لیژنە | ئەندام | ئەندام |
| واژۆ : | واژۆ : | واژۆ: |
| ناو: د.وعد محمد نجاة صبري | ناو: د.عبدالصمد احمد محمد | ناو: د.سرمد صلاح محی الدین |
| پلەی زانستی: پرۆفیسۆر | پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر | پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر |
| بەروار : / /2022 | بەروار: / / 2022 | بەروار: / / 2022 |

| | |
|---|---|
| ئەندام و سەرپەرشتیار | ئەندام و سەرپەرشتیار |
| واژۆ: | واژۆ: |
| ناو: د.سۆلاڤ فائق محمد علي | ناو: د.فؤاد خالد سعيد |
| پلەی زانستی: پرۆفیسۆر | پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر |
| بەروار / /2022 | بەروار: / /2022 |

لەکۆبونەوەی ئەنجوومەنی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی ژمارە( ) لەرێکەوتی ( )پەسەند کرا .

واژۆ:

پ.د.علی قادر عثمان

ڕاگری کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی

بەروار: / /2022

# پێشکەشە بە

**گیانی پاکی باوکم ... خوای گەورە لێی خۆشبێت.**

**دایکی زۆر خۆشەویستم ... خوشک و برا ئازیزەکانم.**

**خۆشەویست و هاوڕێی ژیانم... هاوسەرەکەم.**

**هەموو ئەو کەسانەی هاوکارو پشتیوانم بوون.**

**توێژەر**

# سوپاس و پێزانین

❈ سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە و میهرەبان، درودو سەلام لەسەر مامۆستای مرۆڤایەتی و پێغەمبەرمان (محمد) سەلامی خوای لەسەر بێت.

❈ سوپاس بۆ هەردوو سەرپەرشتیاری بەڕێزم (پ.د. سۆلاڤ فائق محمد) و (پ.ی.د.فؤاد خالد سعید)، کە ئەرکی سەرپەرشتی کردنی ئەم ماستەر نامەیەیان گرتە ئەستۆو بە تێبینیەکانیان و خوێندنەوە زانستیەکانیان توێژینەوەکەیان دەوڵەمەندکرد.

❈ سوپاس بۆ بەڕیز ڕاگری کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی ( پ.د. علی قادر عثمان )، بۆ یارمەتی وپاڵپشتییەکانی بۆ جێبەجێکردنی توێژینەوەکەم.

❈ سوپاس بۆ بەڕیز یاریدەدەری ڕاگری کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی ( پ.ی.د.حسن فخرالدین خالد)، کە هاوکار و پاڵپشتی هەمیشەیی بووە.

❈ سوپاس و پێزانینم بۆ مامۆستایان و سەرۆک بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەڕێز (پ.ی.د. فؤاد خالد سعید)، کە دڵسۆزانە یارمەتیدەرو پاڵپشتی سەرخستنی پرۆسەی خوێندنەکەمان بووە.

❈ سوپاسی مامۆستایانی زۆر بەڕێز (سامان حسێن أحمد) و(عادل محمد نوری) و (کوردستان محمد ئازاد)کە دڵسۆزانە هاوکار و پاڵپشتم بوون لە تەواوکردنی توێژینەوەکەمدا.

❈ سوپاس بۆ هاوڕێیانی زۆر خۆشەویستم (دیمن محمد محمود) و (ئاڤان دڵزار خضر) کە پاڵپشت و هاندەرم بوون لەجێبەجێکردنی توێژینەوەکەمدا.

❈ سوپاسی بێ پایانم بۆ ڕێزدار(پ.ی.د.عطا رشید حسین)دڵسۆزانە هەڵەی زمانەوانەی توێژینەوەکەی بۆ کردم.

❈ سوپاس بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی و هەردوو بەڕێوبەرایەتی ڕۆژهەلات وڕۆژئاوا. و سەرپەرشتیاران و بەڕێوەبەری قوتابخانەکان و مامۆستایانی بەڕێز هاوکارم بوون بۆ جێبەجێکردنی توێژینەوەکەم.

❈ سوپاس بۆ سەرجەم ئەو پسپۆڕ و شارەزایانەی، کەبەشداریان کردووە بە وەڵامدانەوەی ڕاپرسی و پێشنیار و ڕاوبۆچوونەکانیان بۆ سەرخستنی نووسینی توێژینەوەکەم.

❈ سوپاس بۆ سەرجەم هاوڕێ ودڵسۆزانم کەیارمەتیدەر و ڕێنیشاندەرم بوون. .

توێژەر

## پوختەی توێژینەوەکە

ئامانجی توێژینەوەکە، بریتی بوو لە زانینی ئاراستەی مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە قوتابخانە بنەڕەتییەکان بۆ بەکارهێنانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی بۆ ساڵی خوێندنی (2021-2022)، ڕێبازی بەکارهاتووی توێژینەوەکە میتۆدی وەسفی شیکارییە، بەپێی سروشتی توێژینەوەکە، کۆمەڵگای توێژینەوەکە پێکهاتبوو لەسەرجەم مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتیەکان لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی بازنەی (سێیەم) لە هەردوو پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای شاری سلێمانی، کەژمارەیان (530) مامۆستا بوو لە (148) قوتابخانە، کە (65) قوتابخانەیان سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژهەڵاتی سلێمانیە و (83) قوتابخانەیان سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژئاوای سلێمانیە، نموونەی توێژینەوەکەش پێکهاتبوو لە (254) مامۆستا لە قوتابخانەکانی سەر بەهەردوو بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای شاری سلێمانی، کە (31) قوتابخانەیان سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژهەڵاتی سلێمانیە و (32) قوتابخانەیان سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژئاوای سلێمانیە، تیایدا (254) مامۆستا وەرگیرابوون بۆ نموونەی توێژینەوەکە، کە (103) مامۆستای ڕەگەزی نێر و(151)مامۆستای ڕەگەزی مێ بوو، پاش ئامادەکردنی ئامرازەکەش ڕاستی ئامرازەکە دۆزرایەوە بەخستنە بەردەستی ژمارەیەک لە پسپۆڕو شارەزایان لە بواری ڕێگاکانی وانەوتنەوەو پێوانەو هەڵسەنگاندن وپەروەردەو دەروونزانی وجوگرافیا و سەرپەرشتیاری پەروەردەییدا، هەروەها پەسەندکردنی برگەکانی ڕاوەرگریەکەش بە ڕێژەی (80%). دواتر بۆ دەرهێنانی جێگیری فۆڕمی ڕاوەرگری، ئەوەش بە پشتبەستن بەڕێگەی بەنیوەکردن و ئەلفا-کرونباخ نرخی جێگیری ئامرازەکە دەرهێنرا، دواتر هەڵسان بە جێبەجێکردنی بەسەر نموونەی ڕەسەنی توێژینەوەکە، پاشان ئامرازەکە بەسەر نموونەی توێژینەوەکەدا جێبەجێ کرا بە بەکارهێنانی هاوکێشە ئامارییەکان، لەگەڵ شیکردنەوەی گۆڕاوی (ڕەگەز، بڕوانامەی زانستی، پسپۆڕی وساڵانی خزمەت) بە بەکارهێنانی بەرنامەی (SPSS)، پاشان بۆ شیکردنەوەی زانیارییە کۆکراوەکان هاوکێشەی ناوەندە شیاو بەکارهێنرا بۆ پێدانی نمرە (1،2،3،4،5) بەپێوانەی لیکرت بەپێوەرەکانی پێوانەکردن، کە (زۆر پەسەندە، پەسەندە، تاڕادەیەک پەسەندە، پەسەند نیە، بەتەواوی پەسەند نیە) بەپێی ڕیزبەندیان. لەگرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکەش بریتی بوولە ئاستی بەکارهێنانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی لای مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لەشاری سلێمانی بەشێوەیەکی گشتی لەئاستێکی بەرزدابوو، هیچ جیاوازییەکی ئاماریی نەبوو لە ئاستی بەکارهێنانی فێرکردنی

ئەلیکترۆنی لای مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی گۆڕاوەکانی(ڕەگەز، بڕوانامەی زانستی و پسپۆڕی)، وە جیاوازی ئاماریی هەبوو لە ئاستی بەکارهێنانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی لای مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی گۆڕاوی ساڵانی خزمەت، لەکۆتایی توێژینەوەکەشدا کۆمەڵێک دەرئەنجام و ڕاسپاردەو پێشنیار خراوەتەڕوو.

## پێرستی ناوەڕۆک


| ناوەڕۆک | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|
| ناونیشانی توێژینەوە | |
| ئایەتی قورئانی پیرۆز | أ |
| بڕیاری سەرپەرشتیاران | ب |
| بڕیاری هەڵسەنگێنەری زانستی | ج |
| بڕیاری لیژنەی گفتوگۆکردن | د |
| پێشکەشە بە | ه |
| سوپاس و پێزانین | و |
| پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی کوردی | ز-ح |
| پێرستی ناوەڕۆک | ط-ک |
| پێرستی خشتەکان | ک-م |
| پێرستی پاشکۆکان | ن |
| بەشی یەکەم: ناساندنی توێژینەوەکە: | 1 |
| پێشەکی | 6-2 |
| 1-1 کێشەی توێژینەوەکە: | 9-7 |
| 2-1 گرنگی توێژینەوەکە: | 10-9 |
| 3-1 ئامانجی توێژینەوەکە: | 10 |
| 4-1 سنوری توێژینەوەکە: | 11 |
| 5-1 پێناسەکردنی چەمک و زاراوەکانی توێژینەوەکە: | 16-11 |
| بەشی دووەم: چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو: | 17 |
| 1-2 چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە: | 18 |
| 1-1-2 چەمکی ئاڕاستە: | 19-18 |
| 1-1-1-2 تایبەتمەندی ئاڕاستەکان: | 19 |
| 2-1-1-2 جۆرەکانی ئاڕاستە: | 20 |
| 2-1-2 فێرکردنی ئەلیکترۆنی: | 22-21 |

| | |
|---|---|
| | بەشی دووەم: چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو: |
| 23-22 | 1-2-1-2 مێژووی فێرکردنی ئەلیکترۆنی: |
| 24-23 | 2-2-1-2 ئامانجەکانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی: |
| 27-25 | 3-2-1-2 بەراوردکردنی جۆرەکانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی: |
| 28-27 | 4-2-1-2 گرنگی بەکارهێنانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی: |
| 29-28 | 5-2-1-2 سوودەکانی بەکارهێنانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی: |
| 30 | 6-2-1-2 پاساوەکانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی: |
| 32-31 | 7-2-1-2 ڕۆڵی مامۆستا لە فێرکردنی ئەلیکترۆنی دا: |
| 35-32 | 8-2-1-2 ڕۆڵی خوێندکار لەکاتی بەکارهێنانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی دا: |
| 37-35 | 9-2-1-2 ڕێگاکانی وانەوتنەوە لە فێرکردنی ئەلیکترۆنی دا: |
| 38-37 | 10-1-1-2 ژینگەی پەروەردەیی لە فێرکردنی ئەلیکترۆنی دا: |
| 41-38 | 11-2-1-2 شێوازەکانی هەڵسەنگاندن لە فێرکردنی ئەلیکترۆنی دا: |
| 42-41 | 3-1-2 بابەتەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان: |
| 43-42 | 1-3-1-2 چەمکی زانستە کۆمەڵایەتییەکان: |
| 45-43 | 2-3-1-2 گرنگی زانستە کۆمەڵایەتییەکان: |
| 46 | 2-2 توێژینەوەکانی پێشوو: |
| 53-46 | 1-2-2 خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو: |
| 55-54 | 2-2-2 شیکاری بەراوردکردنی توێژینەوەکانی پێشوو: |
| 55 | 3-2-2 سوود بینین لە توێژینەوەکانی پێشوو: |
| 56 | بەشی سێیەم :هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی توێژینەوەکە: |
| 57 | هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی توێژینەوەکە: |
| 57 | 1-3 میتۆدی توێژینەوەکە: |
| 58 | 2-3 کۆمەڵگەی توێژینەوەکە : |
| 61-58 | 3-3 نموونەی توێژینەوەکە: |
| 61 | 4-3 ئامرازەکانی توێژینەوەکە: |

| | |
|---|---|
| بەشی سێیەم :هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی توێژینەوەکە: | |
| 3-4-1 ئامادەکردنی ئامرازی توێژینەوەکە: | 64-61 |
| 3-4-2 ڕاستگۆیی پێوەرەکە (الصدق): | 64 |
| 3-4-2-1ڕاستگۆی ڕواڵەت (الصدق الظاهري) | 66-65 |
| 3-4-2-2 هێزی جیاکاری بۆ بڕگەکانی پێوانەی فێرکردنی ئەلیکترۆنی: | 67 |
| 3-4-2-3 پەیوەندی نمرەی هەربڕگەیەک بە نمرەی گشتی پێوانەکە: | 68-67 |
| 3-4-3 جێگیری توێژینەوەکە: | 69-68 |
| 3-4-4 جێبەجێکردنی ئامرازەکە بەسەر کۆمەڵگەی توێژینەوەکە : | 70 |
| 3-5 ئامرازە ئامارییەکانی توێژینەوەکە: | 73-71 |
| بەشی چوارەم: خستنەڕوو و شیکردنەوەی ئەنجامەکان و دەرئەنجامەکان | 74 |
| 4-1 خستنەڕوو و شیکردنەوەی ئەنجامەکان: | 88-75 |
| 4-2 دەرئەنجامەکان: | 89 |
| 4-3 ڕاسپاردەکان: | 90 |
| 4-4 پێشنیارەکان: | 91 |
| سەرچاوەکان: | 92 |
| لیستی سەرچاوەکان: | 101-93 |
| پاشکۆکان: | 102 |
| پوختەی توێژینەوەکە بەزمانی عەرەبی : | أ |
| پوختەی توێژینەوەکە بەزمانی ئینگلیزی: | A |


## پێڕستی خشتەکان


| ژمارەی خشتەکان | ناونیشانی خشتەکان | ژمارەی لاپەرە |
|---|---|---|
| (2-1) | پۆلێنکردنی فێرکردنی ئەلیکترۆنی | 26-25 |
| (2-2) | توێژینەوەی یەکەم | 46 |
| (2-3) | توێژینەوەی دووەم | 47 |

| ژمارەی خشتەکان | ناونیشانی خشتەکان | ژمارەی لاپەرە |
|---|---|---|
| (2-4) | **توێژینەوەی سێیەم** | 48 |
| (2-5) | **توێژینەوەی چوارەم** | 49 |
| (2-6) | **توێژینەوەی پێنجەم** | 50 |
| (2-7) | **توێژینەوەی شەشەم** | 51 |
| (2-8) | **توێژینەوەی حەوتەم** | 52 |
| (2-9) | **توێژینەوەی هەشتەم** | 53 |
| (3-1) | **ژمارەی قوتابخانەکان ومامۆستاکانی کۆمەڵگای توێژینەوەکە** | 58 |
| (3-2) | **ژمارەی قوتابخانەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەڕێژەی سەدی** | 59 |
| (3-3) | **ژمارەی مامۆستایانی نموونەی توێژینەوەکە بەڕێژەی سەدی** | 59 |
| (3-4) | **نموونەی توێژینەوەکە بەپێی ڕەگەز** | 60 |
| (3-5) | **نموونەی توێژینەوەکە بەپێی پلەی زانستی** | 60 |
| (3-6) | **نموونەی توێژینەوەکە بەپێی پسپۆڕی** | 60 |
| (3-7) | **نموونەی توێژینەوەکە بەپێی سالانی خزمەت** | 61 |
| (3-8) | **تەوەرەکانی فۆڕمی ڕاوەرگری سەرەتایی** | 62 |
| (3-9) | **تەوەرەکانی فۆڕمی ڕاوەرگری کۆتایی** | 63 |
| (3-10) | **ڕوونکردنەوەی نمرەکانی پێوەری ڕاپرسیەکە بە پلەبەندی بۆ هەر بڕگەیەک لە بڕگەکان (ئەرێنی)** | 64 |
| (3-11) | **ڕوونکردنەوەی نمرەکانی پێوەری ڕاپرسیەکە بە پلەبەندی بۆ هەر بڕگەیەک لە بڕگەکان (ئەرێنی)** | 64 |
| (3-12) | **بڕگە لابراوەکانی فۆڕمی ڕاوەرگری لەلایەن پسپۆڕانەوە** | 66 |

| ژمارەی خشتەکان | ناونیشانی خشتەکان | ژمارەی لاپەرە |
|---|---|---|
| (13-3) | برگە لابراوەکانی فۆڕمی ڕاوەرگری لەڕێگەی t.Test هاوکۆلکەی پێرسۆن بۆ بڕگەکان | 68 |
| (14-3) | هاوکۆلکەی جێگیریی بۆ پێوانەی ئامرازەکە | 69 |
| (15-3) | مامۆستایانی نموونەی توێژینەوەکە بۆ وەڵامدانەوەی پێوەرەکە | 70 |
| (1-4) | پلانی پرۆگرامی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لەکاتی بەکارهێنانی فێرکردنی ئەلیکترۆنیدا | 76 |
| (2-4) | ڕۆڵی مامۆستا لەکاتی بەکارهێنانی فێرکردنی ئەلیکترۆنیدا | 77 |
| (3-4) | ڕۆڵی فێرکار (خوێندکار) لەکاتی بەکارهێنانی فێرکردنی ئەلیکترۆنیدا | 78 |
| (4-4) | ڕێگای وانەووتنەوەی گونجاو لەکاتی بەکارهێنانی فێرکردنی ئەلیکترۆنیدا | 79 |
| (5-4) | پێکهاتەی ژینگەی پۆل لەکاتی بەکارهێنانی فێرکردنی ئەلیکترۆنیدا | 80 |
| (6-4) | شێوازی هەڵسەنگاندنی گونجاو بۆ خوێندکار لەکاتی بەکارهێنانی فێرکردنی ئەلیکترۆنیدا | 82-81 |
| (7-4) | ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی (t.Test) ( دوو نموونە ) بۆ نمرەکانی مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان (نموونەی توێژینەوەکە) لەسەر پێوەری فێرکردنی ئەلیکترۆنی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر و مێ) | 83 |
| (8-4) | ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی (t.Test) ( دوو نموونە ) بۆ نمرەکانی مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان (نموونەی توێژینەوەکە) لەسەر پێوەری فێرکردنی ئەلیکترۆنی بەپێی گۆڕاوی بڕوانامەی زانستی (دبلۆم – بەکالۆریۆس) | 84 |
| (9-4) | ئەنجامی شیکاری یەک ئاراستە (ANOVA) بۆ نمرەکانی مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر پێوەری فێرکردنی ئەلیکترۆنی بەپێی گۆڕاوی پسپۆڕی | 85 |
| (10-4) | ئەنجامی شیکاری یەک ئاراستە (ANOVA) بۆ نمرەکانی مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر پێوەری فێرکردنی ئەلیکترۆنی بەپێی گۆڕاوی ساڵانی خزمەت | 86 |
| (11-4) | تاقیکردنەوەی (LSD) بۆ فێرکردنی ئەلیکترۆنی بەپێی ساڵانی خزمەت | 88-87 |

## پێڕستی پاشکۆکان


| ژمارەی پاشکۆ | ناونیشان | ژمارەی لاپەرە |
| --- | --- | --- |
| 1 | نموونەی توێژینەوەکە بۆ ڕاوەرگری سەرەتایی | 103 |
| 2 | نموونەی توێژینەوەکە بۆ ڕاوەرگری کۆتایی | 105-104 |
| 3 | فۆڕمی ڕاوەرگرتنی کراوە | 108-106 |
| 4 | فۆڕمی ڕاوەرگرتنی شارەزایان | 116-109 |
| 5 | فۆڕمی ڕاوەرگرتنی کۆتایی | 121-117 |
| 6 | ڕاستی ئامرازی توێژینەوەی (فۆڕمی ڕاوەگری) بۆ پێوەری فێرکردنی ئەلیکترۆنی لەلایەن شارەزایانەوە بەپێی ڕیزبەندی پلەی زانستیان | 122 |
| 7 | هێزی جیاکاری بۆ بڕگەکانی پێوانەی فێرکردنی ئەلیکترۆنی | 124-123 |
| 8 | هاوکۆلکەی پەیوەندی نمرەی هەر بڕگەیەک بەکۆی گشتی نمرەکانی پێوانەی فێرکردنی ئەلیکترۆنی | 125 |
| 9 | نووسراوی ڕێگەپێدان بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی | 126 |
| 10 | نووسراوی ڕێگەپێدان بۆ هەردوو بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوای سلێمانی | 127 |

س

# بەشی یەکەم

# ناساندنی توێژینەوەکە

**پێشەکی**

**1-1 کێشەی توێژینەوەکە**

**2-1 گرنگیی توێژینەوەکە**

**3-1 ئامانجەکانی توێژینەوەکە**

**4-1 سنوری توێژینەوەکە**

**5-1 پێناسەکردنی چەمک و زاراوەکانی توێژینەوەکە**

# بەشی یەکەم

# ناساندنی توێژینەوەکە

## پێشەکی

هەر بوارێک لە بوارەکانی ژیان پێویستی بە گۆڕانکاری و نوێبوونەوە هەیە، بواری پەروەردەو فێرکردنیش، گرنگترین و کاراترین بوارە، کە زۆرترین گۆڕانکاری و تازەگەری تێدا ئەنجام دەدرێ، (بەکرەجۆیی، 2014: 91 )، پەروەردەش بۆ ئەوەی هەمیشە لە نوێبوونەوەی بەردەوام و سەردەمیانە دانەبڕێت، دەبێ لەگەڵ ئەو گۆڕانکاری و تازەگەریانەدا بڕوات و سوودیان لێببینێت و بواری پەروەردەیی و زانستی خۆیی پێ باشترو چاکتر بکات. سیستەمی پەروەردە لەئێستادا لەهەموو کاتێک زیاتر پێویستی بە چاکسازی و گەشەپێدانی بەردەوام هەیە لەشێوە باوو ناکاراکەیەوە بۆ شێوازێک، کەلەگەڵ ڕەوتی بەرەوپێشچوونی دنیای هاوچەرخدا بگونجێت، هەر لەبەر ئەوە پێویستە توێژینەوەی زانستی بەبەردەوامی لەسەر کێشەو گرفتەکانی بەشێوەیەکی زانستیانە بخرێنە بەرباس و لێکۆڵینەوە و ڕێگەچارەی گونجاویان بۆ بدۆزرێتەوە، چونکە نەهێشتنی گرفتەکان ڕێگەخۆشکەر دەبن بۆ بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەیی و زانستییەکان. (هەرێمی کوردستان – وەزارەتی پەروەردە، ڕاپۆرتەکانی کۆنگرەی پەروەردەیی، 2007: 19-20).

پەروەردەناسی، یان زانستی پەروەردە بابەتێکی هەمیشە زیندوو و بواریکی فراوانی ژین و ژیانی تاکەکانی هەر کۆمەڵگایەکە، بەجۆرێک نەتەوە و وڵات و کۆمەڵەیەکی مرۆیی نابینین بەدەر بن لە بەر کەوتنیان بە سێکتەری پەروەردە ، تەنانەت لەنێو هەر دامەزراوەیەکی بچووک (خێزان)، تاکو دامەزراوەیەکی گەورە (حکومەت) بەدەر نین لە مامەڵە کردنی ڕاستەوخۆ و کاریگەری ئەم کەرتە بەسەریانەوە (بەباش، یاخود بەخراپ).

بێگومان، ئەم هەژموونەی پەروەردە لەسەردەمی پێشکەوتنی تەکنەلوجیا و ئامێرە خوود کارە کۆنترۆڵکراوەکان، کەسەراپای ژیانی مروڤی گرتوتەوە، بە های زیاتر و پانتایی فراوانتری کارکردنی هێناوەتە ئاراوە، بەجۆرێک پەروەردە وەک سێکتەرێکی ئابووری و داهات و سامان خوی نواندوەو زیاتریش خۆی دەنوێنێت. (عزیز، 2020: 5). لەڕاستیدا، پرۆسەی فێربوون، کەکاری سەرەکی دامەزراوە پەروەردەییەکانە، چالاکیەکی خودییە و خوێندکار بۆ ئەوەی فێری وەڵامدانەوەی پێویست بێت و خۆی لەگەڵ ژینگەکەدا بسازێنێت، بەئەنجامی دەگەیەنێت، کەواتە ڕۆڵی دامەزراوە پەروەردەییەکان لە بواری فێرکردندا ئەوەیە، کە هەوڵ بدرێت لە ڕێگەی شێواز و ڕێگاکانی

وانەوتنەوەو پرۆگرام و ئامرازە جۆربەجۆرەکانی ترەوە گۆڕانکاری لە ڕەفتاری فێرخوازاندا بکرێت، چونکە فێربوونیش وەک پرۆسـەیەکی عەقڵی لەڕێگەی شـوێنەوارەکانیەوە هەسـت بەڕوودان و کاریگەرییەکانی دەکرێت، کەدەبێتە هۆی گۆڕانکاری و چاککردنی ڕەفتاری تاک، ئەو گۆڕانکارییەش لایەنی هەڵچوون و ویژدانی بێت، یان لایەنی عەقڵی کۆمەڵایەتی جەستەیی ،گرنگ ئەوەیە لەکۆتاییدا ببێتە بەشێک لەڕەفتارو کەسێتی مرۆڤ .(رسول،2014:14 ).

ئەو گۆڕانکارییە خێراییانەش تەواوی بوارەکانی ژیانی گرتۆتەوەو بۆتە سـیمایەکی دیاری ئەو سـەردەمە. ئەنجامی ئەم گۆرانکارییانەش بوونەتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاسـتی پێویسـت بۆ پێشـخسـتنی پرۆگرام و دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییەکان، بۆ هاوشـان بوون لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانە بەتایبەتیش داواکاری بۆ دووبارە پێداچوونەوە بە پرۆسـەی پەروەردەو فێرکردن و پێکهاتەو ئامانج و هۆکارەکانیدا، لەپێناو ڕەخسـاندنی دەرفەتی زیاتر بۆ فێرخوازان لە سـوود وەرگرتنی ئامرازە فێرکارییەکان و ئەو زانیاریانەی لەگەڵ سروشتی ئەو سـەردەمە بگونجێت، کە تێیدا دەژین (العبادي،2006: 6).

ئەم کاری فێربوونەش لە دێر زەمانەوە وابەسـتەی پرۆگرام کراوە بۆ ئەوەی بگاتە ئامانج، پرۆگرامی خوێندن چەقی پەروەردەیە ورۆڵی گرنگی هەیە لەسـەرخسـتنی پرۆسـەی پەروەردەو فێرکردن (أدوري، 2009: 58)، هەر بۆیە پرۆگرامی خوێندن گرنگی تایبەتی هەیە لە هێنانەدی ئامانجەکان و بونیادنانی کەسـایەتی تاک و ئامادەکردنی لەڕووی بیرکرنەوە ورۆشـنبیری وکۆمەڵایەتییەوە. ئەم پرۆگرامەش بەشێوەیەک دادەڕێژرێت، کە بەردەوام لەگەڵ واقیعی پەروەردەیی وزانستی سەردەمدا بگونجێت، بۆیە هەمیشە لەگۆڕانکاریدایە و شێوازی گەیاندنیشی بە فێرخوازان بەهەمان شێوە لەگۆڕانکاریدایە.

ئامانجی وانەوتنەوە چاککردنی ڕەفتارە، بۆیە دەبێت فێربوونی ڕاسـتەقینە هاوشـانی وانەوتنەوە بێت، ئەگەر نا گرنگی و مانای خۆی لە دەسـت دەدات و بە وانەوتنەوە دانانرێت. واتە وانەوتنەوە تەنها چالاکییەکی سـادەنییە لەکار و کاردانەوە، بەڵکو پیشـەیەکی ئاڵۆزە وپێویسـتی بە زانیاری جۆراو جۆرەو توانای باش و کارامەیی پێویسـتە، کە بەشـێوەیەک بێت باشـترین دەسـتکەوتی فێرکاری و پەروەردەیی بەدیبێت، ئەم چالاکیەش ئەنجام دەدرێت لە چوارچێوەی سـێ بواری پەیوەسـت بە یەک ئەوانیش بریتین لە: (پلاندانان ، جێ بەجێکردن ، هەڵسـەنگاندن) کەواتە ڕادەی سـەرکەوتوویی پلانی وانەوتنەوە و جێ بەجێکردنی لە بەدیهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکانە (سیوەیلی، 2017: 14).

هەر بۆیە وانەوتنەوە بریتییە لە ئەرکێکی گران و ئاڵۆزو پیشەیەکی هونەری ورد، کە پێویستی بە مەعریفەیەکی جۆراوجۆرو توناو لێهاتوویی بەرزو کۆمەڵێک چالاکی لێکدراو هەیە، واتە ئەرکێکی گشتی نییە وتەنها بەمانای گواستنەوەی زانیاری بۆ خوێندکار نایەت، بەڵکو لەبنەڕەتدا بۆ ڕاستکردنەوەی ڕەفتار بەئامانج دەگیرێت، یان پێکدێت لەکۆمەڵێک ڕێکارو چالاکی، کەمامۆستا دەیانگرێتەبەر بەمەبەستی هێنانەدی کۆمەڵێک ئامانجی دیاریکراو. (عطیة، 2008، 25)

دەتوانین بڵێین وانەوتنەوە لەو هەنگاوانە پێکدێت، کەمامۆستا لەپۆلەکاندا ئەنجامی دەدات بەمەبەستی پێکانی ئامانجە فێرکارییەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی تواناو شارەزایی خوێندکاران لەبوارێکی دیاریکراودا، مەرجەڕێگای وانەوتنەوە لەگەڵ تایبەتمەندی خوێندکاران و ئاستی گەشەیان و لەگەڵ جۆری بابەتەکەیاندا گونجاو بێت.(محمد، 2019: 12) .

گومان لەوەدا نییە، تەکنەلۆجیای زانیارییەکان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەگەشەکردنێکی خێراو بەردەوامدایە لەهەموو بوارە جۆراوجۆرەکاندا، بەتایبەتیش لەبواری پەروەردەو فێرکردن و بواری فێرکردنی ئەلیکترۆنیدا، ئەمەش لەڕێگەی پرۆگرام و ئەپڵیکەیشنە جۆراوجۆرەکانی بواری فێرکردنەوە بەدیهاتووە. لەم سۆنگەیەوە پرۆسەی بەئەلیکترۆنی کردنی خوێندن و فێرکردن بەگرنگترین سەرچاوەی کێبرکێ هەژماردەکرێت لەنێوان وڵاتانی جیهاندا، بەتایبەتی لەکۆمەڵگەی زانیارییدا، چونکە پرۆسەی خوێندن و فێرکردن کلیلی تێپەڕبوونە بۆ چوونە ناو سەردەمی مەعریفەو پێشکەوتنی کۆمەڵگەکان بە شێوازێکی جیاوازتر (کاکە شێخ، 2018: 20-21)، هەر بۆیە پسپۆڕانی بواری پەروەردە لەهەوڵی ئەوەدان لەڕێگەی تەکنەلۆجیای زانیارییەوە زۆرترین سوود بەپرۆسەی فێرکردن و باشکردنی چۆنایەتی پرۆسەی پەروەردە بگەیەنن، ئەوەش بەگەڕانەوەیان بۆ بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری، جا چ لەبواری مادی وەک کەلوپەلەکانی تەکنەلۆجیادا بێت، یان لە پرۆگرامسازی و ئەپڵیکەیشنە بەرفراوانەکانی بواری تەکنەلۆجیای زانیاریدابێت، لەبەرئەوەی یارمەتی مامۆستاو خوێندکار و کارگێڕی قوتابخانەکان دەدات لەدانانی پلانێکی گونجاو لەپێناو ئامادەکردنی نەوەیەک، کە توانای وەرگرتنی گۆڕانکارییە تازەکانی تەکنەلۆجیا وشۆڕشی زانیاریەکانیان هەبێت (عبدالله و ئەحمەد، 2018: 37).

فێرکردنی ئەلیکترۆنی یەکێکە لە گرنگترین بەکارهێنانە تەکنەلۆژییەکان لە بواری پەروەردە و فێرکردن وشێوازەکانیدا هەربۆیە دەتوانرێت بڵێین نوێنەرایەتی ئەو مۆدێلە نوێیە دەکات کە کاردەکات بۆ گۆڕینی فۆرمی تەواوی پەروەردەی تەقلیدی لە دامەزراوەی پەروەردەییدا، بەم شێوەیە فێرکردنی ئەلیکترۆنی بووەتە یەکێک لەو پرسە سەرەکیانەی کە پەیوەندی بە پەروەردەکارانەوە هەیە بە تایبەتی

ئەوانەی ئارەزووی بواری تەکنەلۆجیای پەروەردەییان هەیە، کە بووە هۆی تەقینەوەی زۆرێک لە توێژینەوەکان لەسەر ئەم شێوازەی فێربوون. (عامر، 2014: 20)

لەئەمڕۆدا وڵاتان بۆ دەستهێنانی هێزی مرۆڤە لێهاتووەکان تەواوی سەرچاوەکانیان خستووەتە گەڕ، چونکە هەستانەوەو بەرەوپێش چوونی هەر وڵاتێک پەیوەستە بە هێزی مرۆڤە لێهاتووەکانەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، بەدەستهێنانی ئەو هێزەی مرۆڤە لێهاتووەکانیش لە نزیکەوە پەیوەندی بەسەرکەوتوویی مامۆستاکانییەوە هەیە، هەر لەبەر ئەمەشە، کە مامۆستایی پیشەیەکە پێوستی بەزۆرترین هەوڵدان و هەستیاریی بەرپرسیارییەتی هەیە، لەو چوارچێوەیەشدا، پێویستە هەر مامۆستایەک لە بوارەکەی خۆیدا هەڵگری ڕۆشنبیرییەکی تەواو گشتی و خاوەنی زانست و لێهاتوویيەک بێت کە وەک مامۆستایەک بیزانێت، چونکە مامۆستایی پیشەیەکە کار لەسەر عەقڵی مرۆڤ دەکات، لەبەر ئەوە هەر هەڵەیەک یان کەمتەرخەمییەک، یا خود ناتەواوییەک لە پیشەکەیدا ڕوودبدات، کاریگەری لەسەر خێزان و کۆمەڵگە و داهاتووی دەوڵەت دەبێت، لەبەرئەوە پەروەردەکردنی مامۆستا و خوێنکاریش یەکجار گرنگە. کەواتە مامۆستایان بۆ ئەوەی بتوانن کارێکی سەرکەوتووانە جێبیەجێ بکەن، پێیوستە لە بەدەستهێنانی زانست و گەیاندنی بەکارهێنانیدا لێهاتوویی بە دەست بهێنن. هەروەها چاوەڕوانیان لێ دەکرێت، بتوانن شێوازەکانی بنیاتنانی پەیوەندییەکی کاریگەر لەگەڵ خوێندکار و دایک و باوکی خوێندکار و کەسانی تردا بە دەستبهێنێت و ئەرکی مامۆستایە ڕەفتاری ئەرێنی لە خوێندکارەکانیدا بنیات بنێت. هەروەها خوێندکارەکانی فێری بڕیاردان و بیرکردنەوە و بەکارهێنانی مەنتیق و لێکدانەوە و پەیوەندی بەستن و تێگەیشتن بکات. (ئورتوغورول، 2017: 7)

لەڕاستیدا، مامۆستا بەرلەوەی فێرکار و وانەبێژبێت، دەبێت کەسێکی داناو زاناو ڕۆشنبیربێت، چونکە پەروەردەو پێگەیاندنی هەر مرۆڤ و تاکێکی کۆمەڵگە پێویستی بە کۆمەڵێک سەرچاوەی زانستی و هونەری و ئەدەبی و مەعریفی هەیە، بۆیە مامۆستا وەک توێژێکی زیندوو بەردەوام کارلێک و سەروکاری لەگەڵ تاکی کۆمەڵگادایە. مامۆستا ڕۆڵێکی کارای لە پرۆسەی فێرکردندا هەیە، لەبەرئەوەی پایەی دووەمی پرۆسەی پەروەردەیە، کە لە دوای خوێندکارەوە دێت، مامۆستا چالاکی زۆر جۆراو جۆری لەپرۆسەی پەروەردەدا هەیە و هەموو چالاکیەکانی لەیەک ئامانجدا یەک دەگرنەوە، کە پێگەیاندنی کەسایەتی تاکە لە سەربنەمای پرۆسەیەکی ڕاست و دروستی زانستی و ئەکادیمی، بۆ ئەوەی تاک بتوانێت لەگەڵ گۆڕانکاری و پێداویستییەکانی سەردەمدا هەڵبکات و گەشەبکات. مامۆستا، تائێستاش لای ئێمە ئەوەیە، کە کەسێکە دەچێتە پۆلەوە و وانەشیدەکاتەوە و ئامۆژگاری فێرخواز دەکات، بەڵام

ئەبێت ئەوە بزانین، کەوا باشترە بڵێین مامۆستا وەک ڕێگە نیشاندەرێکە، واتە ڕێنیشاندەرێکە بۆئەو کەسەی، کە لە ژێردەستیدا دانیشتووە، کە فێرخوازە. مامۆستا فەلسەفەی تایبەت بەخۆی هەیە و ناکرێ دید و تێروانینی خۆی بسەپێنێ بەسەر فێرخوازەکانیدا، بەڵام مامۆستا لێرەدا وەک ڕێگە نیشاندەرێک ڕۆڵ ئەبینێت، چونکە بەتەنها پەروەردەو فێرکردن لەلایەن مامۆستاوە نییە، بەڵکو خوێندکار لەزۆر لایەنەوە ئەتوانێ فێرببێت، یان پەروەردە بکرێت وەک: (ماڵ ، هاورێکانی ، تەلەفزیۆن ، ئینتەرنێت .....) بۆیە لێرەدا مامۆستا ڕۆڵی ڕێنیشاندەرێک ئەبینێت، نەک سەپاندنی بیرو ڕای خۆی. کەواتە بەپێی فەلسەفەی هاوچەرخ، جارێکی تر ئەبێت پێناسەیەکی نوێ بۆ چەمکی مامۆستا دابڕێژێتەوە، بەوەی مامۆستا ڕێبەرو ڕێنیشاندەرە بۆ خوێندکار و خوێندکاریش خۆی ڕێگای گونجاوی خۆی هەڵدەبژێرێت و ڕێگای تایبەت بەخۆی دەدۆزێتەوە. کەواتە ئەرکی مامۆستا ئەوە نییە پۆلەکە بێدەنگ بکات و بەزۆر وانەکە بخاتە مێشکی خوێندکارەکانەوە، هەروەکو (پاولۆ کویلۆ) دەڵێت (بەڕوونکردنەوە کاتی خۆت بەفیرۆمەدە، چونکە خەڵکی تەنها گوێ لەوە دەگرن، کە ئەیانەوێ گوێیان لێبێت)، (اسماعیل، 2014: 160).

خوێندنی بابەتەکۆمەڵایەتییەکانیش وەک بەشێک لەپرۆگرامی خوێندن سەرچاوەیەکە بۆ فێربوونی پەروەردەی کۆمەڵایەتی، کەلە ڕێگایەوە تاک دەچێتە ناو ژیانێکی کۆمەڵایەتی وڕەنگدانەوەی سروشتی دابونەریتی کۆمەڵگاکەیەوە. (محمود،2008: 5)، بابەتە کۆمەڵایەتیەکانیش جیاواز لەبابەتەکانی تری پەروەردەو فێرکردن ڕۆڵی کارا دەگێڕن لەپەرەپێدانی توانای فێرخواز لە تێگەیشتنی ڕاستییەکان و خۆگونجاندن لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا، ئەو بابەتانەشی، کەلەم پرۆگرامەدا دەخوێندرێن لەهەموو بابەتەکانی تری خوێندن زیاتر پەیوەستە بە ژیانی ڕۆژانەی خوێندکارانەوە، هەر لەبەر ئەوەیە توانای بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییەکانی هەیە، ئەویش بریتییە لەهەنگاونان بەرەو کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو (العیسی، 1974: 2). دەتوانین بڵێیین زۆربەی بابەتەکانی خوێندن لەدامەزراوەکانی فێرکردندا بەگشتی و بەتایبەتیش لە بابەتی زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا توانیویەتی زۆر سوود لەم تەکنەلۆجیایە (پۆلی تەکنەلۆجی) وەربگرێت بەهۆی سروشتی وانەکەوە، لەبەرئەوەی گرنگیدان بەم جۆرە لەخوێندن و زانینی ئاڕاستەی مامۆستایان و گرفتەکانی بەردەمی کارێکی تەواو پێویستەو حەقی خۆیەتی ببێتە کەرەستەی چەندین توێژینەوەی زانستی.

## 1-1 کێشەی توێژینەوەکە

لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای زانیاری سەردەم و بەدیهێنانی ڕێگاو هۆکاری نوێ بۆ گواستنەوە و گەیاندنی زانیارییەکان لە هەموو بوارەکاندا دەبینین ڕۆڵی گەورەی بینی لە پێشخشتن و گەشەسەندنی شارستانیەتدا بە تایبەتیش لە بواری پەروەروەردەو فێرکردن و خوێندنی باڵادا، فێرکردنی ئەلیکترۆنی E-learning جۆرێکی فێرکردنی نوێیە و لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامێری کۆمپیوتەر و تۆڕی ئەنتەرنێت و ئامرازی دەنگ و وێنە و ڤیدیۆوە ئەنجام دەدرێت و هاندەر و بەهێزکەری پرۆسەی خوێندن و فێرکردنە و خوێندکار دەپارێزێت لە وەرگرتنی ڕاستەوخۆی زانیارییەکان، کە دەبێتە هۆی کوشتنی توانا و کارامەیی و لێزانینیان. (صالح، 2020: https://garmian.edu.krd/ )

لە بەر ڕۆشنایی ئەو پێشهاتانەی، کە ئەمڕۆ جیهان بە چاوی خۆیەوە دەبینێت، دوای ئەوەی پەتای کۆرۆنا زۆربەی جیهانی گرتەوە و ئەمەش وایکرد، کە هەموو دامەزراوە پەروەردەییەکان لە خوێندنی تەقلیدییەوە بگۆڕدرێن بۆ خوێندنی ئەلیکترۆنی، یان خوێندنی دوور، کە دوورکەوتنەوەی مامۆستاو خوێندکار لەژینگەی قوتابخانە دەسەپێنێت. لەو چوارچێوەیەشدا، ملیۆنان خوێندکار لە سەرانسەری جیهان ناچار بوون لە ماڵەکانیاندا بمێننەوە. وە دوای داخستنی قوتابخانەکان و دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا و فێربوونی دوور، یان ئەلیکترۆنی بوو بە جۆرێک لە جۆرەکانی فێربوون، کە ماوەیەکی زۆرە باسی لێوە دەکرێت و مشتومڕ لەسەر پێویستی یەکخستنی لە پرۆسەی پەروەردەدا، بەڵام بووەتە جێگرەوەیەک و پێویستییەکی بەپەلە بۆ بەردەوامبوونی پرۆسەی پەروەردە لەو بارودۆخانەدا، کە مەودای جەستەیی دەسەپێنن. لەورووەشەوە (کومی) (Koumi) پێی وایە، کە فێرکردنی ئەلیکترۆنی لە ئەنجامی پێشکەوتنە تەکنەلۆجییەکانەوە هاتووە، بەتایبەت دوای ئەوەی پرۆسەی پەروەردەیی ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر بوو بەهۆی ئۆتۆماتیکیکردنی پیشەسازی و پەرەپێدانی تەکنەلۆژیای "زیرەکی دەستکرد"ەوە هەروەها شۆڕشێک بوو (Koumi, 2006: 109) تەکنەلۆجیای زانیاری، کە هێرشی کردە سەر جیهان بڵاوبوونەوەی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی و بەکارهێنان و گرنگیدان بە تەکنەلۆژیاو ئامێرە ئەلیکترۆنیەکان لەلایەن خەڵکیەوە زیاتر بوو، دواتریش بەهۆی ئەو هەلومەرجەی، کە هەموو جیهان بەدەستییەوە گیرۆدەبوو، کە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوو. لەناکاو دامەزراوە پەروەردەییەکان خۆیان بە ناچاری بینیەوە، کە بگۆڕدرێن بۆ فێربوونی ئەلیکترۆنی و دوور بۆ دڵنیابوون لە بەردەوامی وانەوتنەوەکە و پرۆسەی فێربوون، بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و مۆبایلە زیرەکەکان. (Yulia, 2020: 49).

فێرکردنی ئەلیکترۆنی ڕۆڵێکی گرنگ و جەوهەریی هەیە لە سەرکەوتنی پرۆسەی پەروەردەدا، لە ژێر ڕۆشنایی گەشەسەندنی گەورەی تەکنەلۆژیا و لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئامرازە مۆدێرنەکانی پەیوەندیکردن لە کۆمپیوتەرێکەوە، ئینتەرنێتێک و چەندین میدیاوە، وەک: دەنگ، وێنە، و ڤیدیۆ، کە ئەو ئامرازانەن، کە ڕێگەیان بە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک دا بە ئاسانی پەروەردە وەربگرن بە کات و ماندووبوونی کەمتر. (التميمي، 2021: 190)

فێرکردنی ئەلیکترۆنی پێویستی بە مامۆستایەک هەیە کە توانای فێربوونی شێوازە مۆدێرنەکانی فێرکردن و ستراتیژی کاریگەر و قووڵکردنەوەی تێگەیشتن لە فەلسەفەکەی و شارەزابوون لە بەکارهێنانی هەبێت؛ بۆ ئەوەی بتوانن ئەم هزرە بگوازنەوە بۆ قوتابیان، لە ڕێگەی ئامرازەکانی فێرکردنی ئەلیکترۆنیەوە پراکتیزەی دەکەن، جگە لەمەش فێرکردنی ئەلیکترۆنی تەنها نەرمەکاڵا و ڕەقەکاڵا و ئامێرە سەرنجڕاکێشەکان نییە، بەڵکو لە پلەی یەکەمدا مامۆستایەکە کە خاوەنی تایبەتمەندییەکانە و ئەو کارامەییانەی کە وایان لێدەکات ئامرازەکانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی لە پرۆسەی پەروەردەدا بەکاربهێنێت.

قۆناغی خوێندنی ناوەندی یەکێکە لە قۆناغە گرنگەکانی پەروەردە لە کۆمەڵگادا و گرنگیدان بەم قۆناغە یەکێکە لە دەرکەوتەکانی ڕێنیسانسی شارستانییەت، لە دوای بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا Covid-19 لە جیهاندا لە سەرەتای مانگی کانوونی دووەمی 2019 و تا ئەمڕۆ، ئەم پەتا کە وایکردووە جیهان بچێتە قۆناغێکی تەماوی و ناڕوون، کە بووە هۆی ڕاگرتنی خوێندن لە قوتابخانەکانی عێراق بەگشتی و لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی و لادان لە دابینکردنی ناوەڕۆکی زانستی لە ڕێگای تەقلیدی بۆ ئەلیکترۆنی فێربوون لە ڕێگەی پلاتفۆرمە پەروەردەییەکانەوە. زۆرێک لە توێژینەوەکان جەختیان لەسەر گرنگی بەکارهێنانی پلاتفۆرمی پەروەردەیی ئەلیکترۆنی لە پرۆسەی پەروەردەدا کردووەتەوە و بەگرنگیان زانیووە بۆ ئەو سەردەمە هەرچەندە کەم وکورتی و کێشەی زۆری تێدابوو ئاستەنگی زۆری بۆ مامۆستاو خوێندکاران درووست کردبوو.

سیستەمی (قوتابخانەی ئەلیکترۆنی ) وەک پڕۆگرامێکی جیهانی لەهەرێمی کوردستاندا لەدوای بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەتەواوی جیهان و هەرێمی کوردستانیش تیایدا سیستەمی فێرکردنی ئەلیکترۆنی پەیڕەوکرا بۆ درێژەدان بە خوێندن و دانەبڕانی خوێندکاران لە وانەکانیاندا، بەهۆی ئەوەی گەشەپێدانی سیستەمی پەروەردەو فێرکردن لەسەردەمی زانیارییەکاندا پێویستی بە هاوسەنگی و گونجان هەیە لەگەڵ گەشەسەندنی تەکنەلۆجیادا، پێش بڵاوبوونەوەی ئەم حاڵەتە نەخوازراوەی

ڤایرۆسی کۆرنا  لە کوردستاندا بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا بۆ بواری پەروەردەو فێرکردن گرنگی کەمی پێدراوە، دەتوانین بڵێین لە خوێندنگاکاندا بەکارنەهێنراوە لەلایەن مامۆستاو خوێندکارانەوە بۆ ووتنەوەی وانەکانیان و سوود لێوەرگرتنی، هەر بۆیە لەدوای بڵاوبوونەوەی ئەم پەتایە بەشێوەیەکی بەرچاو لەهەرێمی کوردستان، حکومەت ناچار کرا کەوا زۆربەی زۆری کاروباری فەرمانگەو دام ودەزگاکانی بکاتە ئەلیکترۆنی لەناویشیادا سیستەمی پەروەردەو فێرکردن بۆ ئەوەی خوێندکاران دانەبڕێن لە خوێندنی وانەکانیان، لەڕێگەی سیستەمی قوتابخانەی ئەلیکترۆنیەوە کە زۆربەی زۆری بابەتەکانی خوێندنی پۆلە ناکۆتاکانی تێدا دانرا بۆئەوەی خوێندکاران بتوانن لەڕێگەیەوە درێژە بە وانەکانیان بدەن، بۆیە کەرتی پەروەردە تووشی کێشەی زۆربۆووە لەڕێگەی بوونی خوێندن بە شێوازی ئەلیکترۆنی.

شایانی باسە، کێشەی توێژینەوەکە لەوەدایە، کە ئایا مامۆستایان لە شاری سلێمانی ئاڕاستەیان ڕووەو بەکارهێنانی ئەم تەکنۆلۆجیای فێرکردنەیە لە بابەتەکۆمەلایەتییەکاندا (کە بوارێکە سنوری خوێندن تێیدا زۆر فراوانە و ماموستایان ناتوانن بە 35-40 خولەکی ناوپۆل هەموو ئەو بوارە بیگەیەننە خوێندکار) لە قوتابخانە بنەڕەتییەکان و ئەو ئاستەنگیانەی هەیە لەو گەیاندن وتێگەیشتنەدا چییە؟ هەر بۆیە توێژەر بەووردی دەگەڕێت بە دوای وەڵامێکی زانستی  ئەم پرسیارەدا، کە **ڕادەی بەکارهێنانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی لە لای مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لەشاری سلێمانی لە چ ئاستێکدایە ؟ ئاستەنگیەکانی بەردەم بەکارهێنانی چین ؟**

## 2-1  گرنگی توێژینەوەکە

دەتوانرێت گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە چەند خاڵێکدا بخرێتەڕوو، کە ئەمانەن:-

1- گرنگە بۆ وەزارەتی پەروەردە و لایەنی پەیوەندیدار بەمەبەستی ئاگاداربوون لە پێویستییەکانی مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی بەتایبەتی (پۆلەکانی 7، 8، 9)  بۆ وتنەوەی وانە بەڕێگەی ئەلیکترۆنی لەبابەتی زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا.

2-سودی هەیە بۆ قوتابخانەکان بەگشتی و بەتایبەتی تر قۆناغە بنەڕەتییەکان بۆ دەست نیشان کردنی سەرجەم پێویستیەکانی وانەوتنەوە بۆ مامۆستایان بۆ فێرکردنی ئەلیکترۆنی.

3-سوودی دەبێت بۆ سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی بەگشتی و سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی بابەتی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، بەمەبەستی زانین و گرنگی پێدانی مامۆستایان بۆ ئەم شێوازە لە خوێندن.

4- گرنگی و ســـوودی دەبێت بۆ ئەوەی بزانرێت و بخرێتەڕوو تاچەند وانەوتنەوەی زانســـتە کۆمەڵایەتیەکان پێویســـتی بە فێرکردنی ئەلیکترۆنی هەیە، وەکو ڕێگایەکی فێربوونی تازە دادەنرێت.

5-سوودی دەبێت بۆ خوێندکارانی خوێندنی باڵا و توێژەران بۆ ئەنجام دانی توێژینەوەی دیکە، چونکە لە ڕێگەی هەنگاوەکانی ئەم توێژینەوەیەوە دەتوانن توێژینەوەکانیان ئەنجام بدەن بۆ پسپۆریەکانی تر.

6- وەک سەرچاوەو وبەرهەمێکی زانستی سوودی لێوەردەگیرێت لە کتێبخانەکاندا.

## 3-1 ئامانجی توێژینەوەکە

بۆ خســـتنەڕووی ئامانج توێژەر وای بەچاک زانی کەبەشـــێوەی پرســـیار بێت کەئەویش خۆی لە دووتوێی ئەم چەند خاڵەدا دەبینێتەوە، کە بریتین لە:-

1-زانینی ئاستی بەکارهێنانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی لای مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لەشاری سلێمانی بەشێوەیەکی گشتی، لە چ ئاستێکدایە؟

2-زانینی جیاوازی ئاســـتی فێرکردنی ئەلیکترۆنی لای مامۆســـتایانی زانســـتە کۆمەڵایەتییەکان (سامپڵی توێژینەوە) بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر و مێ).

3-زانینی جیاوازی ئاســـتی فێرکردنی ئەلیکترۆنی لای مامۆســـتایانی زانســـتە کۆمەڵایەتییەکان (نموونەی توێژینەوە) بەپێی گۆڕاوی بڕوانامەی زانستی.

4-زانینی  جیاوازی ئاســـتی فێرکردنی ئەلیکترۆنی لای مامۆســـتایانی زانســـتە کۆمەڵایەتییەکان (نموونەی توێژینەوە) بەپێی گۆڕاوی پسپۆڕی.

5-زانینی جیاوازی ئاســـتی فێرکردنی ئەلیکترۆنی لای مامۆســـتایانی زانســـتە کۆمەڵایەتییەکان (نموونەی توێژینەوە) بەپێی گۆڕاوی ساڵانی خزمەت.

## 4-1 سنوری توێژینەوەکە

**سنوری بابەتی:** سەرجەم ئەو قوتابخانە بنەڕەتی و مامۆستایانە دەگرێتەوە کە کەوتوونەتە سنوری بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی شاری سلێمانییەوە.

**سنوری مرۆیی:** مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە قوتابخانە بنەڕەتیەکان لە پەروەدەی شاری سلێمانی قۆناغەکانی (7-8-9).

**سنوری کات:** ساڵی خوێندنی2021- 2022.

**سنوری شوێن:** قوتابخانە بنەڕەتییەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی شاری سلێمانی (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا) .

## 5-1 پێناسەکردنی چەمک و زاراوەکانی توێژینەوەکە:

### 1-5-1 ئاڕاستە:

- (مرعي و الحلية) (2005) پێیان وایە ئاڕاستە: وەڵامێکی گونجاوە بۆ بابەتێک، دۆخێک، بەهایەک، یان فەرمانێکی دیاریکراو پەیوەست بە هەست و سۆزەوە، کەلە ڕێگەی ڕەفتارە ڕواڵەتییەکانەوە ئاراستەکە دەردەخەین. (مرعي والحلية، 2005: 175)
- (محمود والبصيري) (2009) بەم شێوەیە پێناسەی ئاڕاستەیان کردووە، کە: ڕێکخستنێکی ڕێژەیی نەگۆڕی بۆچوون و باوەڕ و هەستەکانی تاکە، سەبارەت بە ڕاستییەکی دیاریکراو، کە وا دەکات بە قبوڵکردن، یان کردار وەڵامی ئەم دۆخە بداتەوە، چ بە وشە بێت، یان بە کردار. (محمود و البصيري،2009: 37-38).
- (التايە) (2015) پێناسەی ئاڕاستەی کردووە : حاڵەتێکی ئامادەیی دەروونی و دەمارییە کە بە ئەزموونی پێشوو ڕێکخراوە و وەڵامەکانی تاک بۆ بارودۆخێکی جیاواز ئاراستە دەکات. ئەم ئامادەکارییە دەروونی و دەمارگیرییە ڕەنگە کاتی بێت و لە ئەنجامی کارلێکی ساتەوەختی نێوان تاک و توخمەکانی ئەو ژینگەیەدا بێت کە تیێدا دەژی. یان ئامادەکاری بکات بۆ مەودای دوور، کە بە سەقامگیری تایبەتمەند بێت. (التايە، 2015: 401)
- (الهاجري) (2019) پێی وایە کە ئاڕاستە: پلەی سۆزداری ئەرێنی یان نەرێنی یە کە پەیوەندی بە بابەتێکی دەروونی تایبەتەوە هەیە. بابەتی دەرونیش بە واتای هەر هێما، دروشم، کەس،

بابەت، دامەزراوە یان بیرۆکەیەک دێت کە مرۆڤەکان دەتوانن سۆزێکی جیاوازیان هەبێت بەرامبەری بە ئەرێنی یان نەرێنی. (الهاجري، 2019: https://www.edutrapedia.com/ )

پێناسەی تیۆری توێژەر بۆ ئاراستە: ئامادەییەکی دەروونی و عەقڵی وەرگیراوە بەمەبەستی کاردانەوەو وەڵامدانەوەیەکی ئەرێنی یان نەرێنی یە، بەرەو کەس یان شت یان بابەت و هەڵوێست و هێماکانی ئەو ژینگەیەی کەئەم کاردانەوانەی تیادا دەوروژێنرێت.

پێناسەی ڕێکاری توێژەر بۆ ئاراستە: ئاراستەکردنی کۆمەڵێک پرسیار بوو بۆ مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی بازنەی سێیەم لەسەر شێوەی فۆرمی ڕاپرسی (إستبيان) لەو نمرەیەی کەبەدەستی دەهێنێت، لەلایەن توێژەرەوە بەمەبەستی زانینی ئاراستەو بۆچوونیان بۆ شێوازی فێرکردنی ئەلیکترۆنی بۆ بابەتی زانستە کۆمەڵایەتیەکان لەشاری سلێمانی.

## 1-5-2 مامۆستا:

- (الطيطي واخرون) (2002) پێیان وایە، کە: مامۆستا ئەو کەسەیە، کە کرداری فێرکردن ئەنجام دەدات و ئەزموون و شارەزاییەکان بۆ فێرکراوان دەگوازێتەوە وسەرچاوەی سۆزە بۆیان و پەروەردەیان دەکات (الطيطي واخرون، 2002: 346).
- (صباح) (2005) دەڵێت: مامۆستا یەکێکە لەکارەکتەرە گرنگەکانی پەروەردەو فێرکردن، کە پەروەردەکردنی هەموو نەوەکانی لەهەموو بوارەکانی ژیاندا لە ئەستۆدایە. لەجیهاندا بوونی دەگەڕێتەوە بۆ گەشەکردنی عەقڵی مرۆڤ. (صباح، 2005: 13).
- (العامري) (2009) پێی وایە، کە: مامۆستا توخمێکی سەرەکییە لە پرۆسەی پەروەردەدا، بەو پێیەی خاوەنی ئەو لێهاتوویی و ئامادەکاری و توانا و بروانامانەیە، کە وای لێدەکات یارمەتی خوێندکار بدات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان. (العامري، 2009: 13)
- (عکیشی) (2014) پێی وایە، کە: مامۆستا تاکێکی لێهاتووە لەلایەن کۆمەڵگاوە هەڵبژێردراوە بۆ ئەوەی پرۆسەی فێرکردنی خوێندکاران لەئەستۆ بگرێت، ئەو زانیاری و شارەزاییانەی پێببەخشێت، کەلەلایەن کەسانی پسپۆڕەوە ئامادەکراون، ئەمەش لەپێناوی بەدیهێنانی ئامانجەکانی فەلسەفەی پەروەردەی ئەو کۆمەڵگایەدا (عکیشی،2014: 17).

پێناسەی تیۆری توێژەر بۆ مامۆستا: مامۆستا بەیەکێک لەڕەگەزە گرنگ وسەرەکییەکانی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن دادەنرێت، کەکاری پێگەیاندن وئامادەکردنی تاکە بۆ کۆمەڵگە بەباشترین وچاکترین ڕێگە، کەپەروەردەکردنە.

## 1-5-3 ئاڕاستەی مامۆستا:

- (الحارثي) (1992) دەڵێت: ئامادەکاری و ئامادەکردنی دەروونی مامۆستایە بەشێوەیەکی هەستیارو نەرم و ڕێکخراوو گونجاو، کە پەیوەندیدارە بە ئەزموونی وەڵامدانەوەی بە شێوەیەکی ئاسایی و بەڕێگایەک، کە دڵخوازبێت، یان نا سەبارەت بەو بابەتەی، کە پەیوەندی هەیە بە ئاراستە کردنەکەوە. (الحارثي، 1992 : 53 )
- (الدرديري) (1997) دەڵێت: ئاڕاستە خۆکاراییەکە، کە مامۆستا نیشانی دەدات و کلیلی سەرەکی هەموو تایبەتمەندییە پاڵنەرەکانی پێکدەهێنێت بەرەو فێرکردنێکی باش و پراکتیزەکردنی شێوازەکانی ڕەفتار، کە بەگشتی دەگەڕێتەوە بۆ کەشێکی کۆمەڵایەتی و دەروونی قبوڵکراو لە پۆلدا. (الدرديري، 1997: 225)

- (معايته) (2013) پێی وایە: دۆخێکی ئامادەیی ئەقڵی و دەمارییە، کەلەمیانەی ئەزموونەکان و شارەزایی پێشووی مامۆستا پێکهاتووە و کار بۆ ئاڕاستەکردنی کاردانەوەو وەڵامدانەوە دەکات بەرەو ئەو بابەت و هەڵوێستانەی پەیوەندییان پێیەوە هەیە. (معايته، 2013: 252).

- (الرويشد) (2019) پێی وایە : ڕادەی وەڵامدانەوەی مامۆستایە بەرەو بابەتێک یان شتێک یان ڕووداوێک بەشێوازو تایبەتمەندی خۆی بۆی، کە ئەمەش بەشێوەیەکی ئەرێنی یان نەرێنیە.

(الرويشد، 2019: 30)

پێناسەی تیۆری توێژەر بۆ ئاڕاستەی مامۆستا: ئاڕاستەی ئامادەییەکی بەدەستهێنراوە لەڕێگەی ئەزموونەکانی مامۆستاوە، ئەم ئامادەییەش، تاڕادەیەک بەردەوامە وە ئاڕاستەی هەڵسوکەوتی مامۆستا دەکات بەرامبەر بابەتێک، یان شتێک، کە خۆشەویستە لای، یان خۆشەویستی بۆی نییە.

## 1-5-4 زانستە کۆمەڵایەتییەکان

- (المدير) (2010) پێناسەی زانستە کۆمەڵایەتیەکان دەکات، کە: گوزارشتە لەکۆمەڵێک پسپۆڕی زانستی، کەلەلایەنە مرۆییەکانی ژیان دەکۆڵێتەوە، بەڵام جیاوازە لە زانستە مرۆیی و هونەریەکان. هەروەها زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەزانستە نەرمەکان دادەنرێت بە بەراورد بەزانستە پەتییەکان، لە گرنگترین بەشەکانی زانستە کۆمەڵایەتیەکانیش بریتین لە (مرۆڤناسی، پەروەردەو فێرکردن، مێژوو، جوگرافیا... هتد). (المدير،2010، kelaa.yoo7.com)

- (أحمد ونوري) (2019) پێیان وایە، کەزانستە کۆمەڵایەتییەکان: یەکێکە لەگرنگترین بابەتەکانی خوێندن، لەبەرئەوەی بابەتێکی گشتگیرو کۆمەڵێک زانستی کۆمەڵایەتی گرنگ لەخۆدەگرێت، هەرچەندە بەشێوەیەکی گشتی لە مێژوو و جوگرافیا پێکدێت، بەڵام ناوەڕۆکە زانیاری و بەرنامەییەکەی و شارەزاییەکەی تێکەڵی زانستەکانی تری وەکو ئابوری و کۆمەڵناسی و ئامارو ڕامیاری و چەندانی تر دەبێت. (أحمد و نوری، 2019: 123-124)

پێناسەی تیۆری توێژەر بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان: سەرجەم ئەو بابەتانە دەگرێتەوە، کەبابەتی کۆمەڵایەتیین ولەقوتابخانە بنەڕەتییەکاندا دەخوێنرێت لەقۆناغی (چوار بۆ نۆی) بنەڕەتی، کەبریتین لەهەریەکە لە جوگرافیا- مێژوو- هاونیشتمانی بوون- پەروەردەی مەدەنی- بەها کۆمەڵایەتییەکان و بابەتەکانی تری پەروەردە لەخۆدەگرێت، کەلەلایەن مامۆستایانی تایبەت بەو بابەتانە دەوترێتەوە.

## 1-5-5 خوێندنی بنەڕەتی

- (وەزارەتی پەروەردە) (2009) سەبارەت بەخوێندنی بنەڕەتی دەڵێت: خوێندن لەم قۆناغە هەر لەتەمەنی شەش ساڵیەوە دەست پێدەکات، تا پانزە ساڵی، کە نۆ ساڵی خوێندن دەکات. لەماوەی ئەو ساڵانەی، کەخوێندکار تیایدا دەخوێنێت وایان لێبکرێت کەسایەتی خۆیان دروست بکەن، گەشە بەلایەنی هزری وجەستەیی وگیانی ورەفتاری خۆیان بدەن وببنە هاوڵاتیەکی لەش ساغ و دەروون پاک ومێشک کراوە لەپێناو ئەوەی لەداهاتوودا ڕۆڵێکی ئەرێنیان لەگەسەندنی کۆمەڵگادا هەبێت. (هەرێمی کوردستان - وەزارەتی پەروەردە، 2009: 9)

- (قادر) (2020) دەڵێت: ماوەی پەروەردەو فێرکردن لە قۆناغی بنەڕەتی (9) ساڵە، فێرخواز دوای تەواوکردنی باخچەی منداڵان، لەتەمەنی (6) ساڵی پەیوەندی بە قۆناغی بنەڕەتی دەکات، قۆناغی بنەڕەتی بەپێی یاساکانی هەرێمی کوردستان، کەلە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان پەسەندکراوە، قۆناغی بنەڕەتی پێکهاتووە لە پۆلەکانی (1 تا 6) و (7 تا 9) واتا خوێندکار لەتەمەنی (6 بۆ 15) ساڵی لەقۆناغی بنەڕەتی بەردەوام دەبێت. (قادر،2020: 270-271)

پێناسەی تیۆری توێژەر بۆ خوێندنی بنەڕەتی: ئەو قۆناغە خوێندنەیە، کەلە تەمەنی (شەش )ساڵییەوە دەست پێدەکات، تاکو تەمەنی (پانزە) ساڵی بۆ قۆناغەکانی (یەک بۆ نۆ)ی بنەڕەتی، کەبە قۆناغی سەرەتایی خوێندنی خوێندکار لەقوتابخانە دادەنرێت و دووئاستی خوێندنیش لەخۆدەگرێت ئەوانیش (سەرەتایی و ناوەندی).

## 6-5-1 فێرکردنی ئەلیکترۆنی

- (غلوم) (2003) پێناسەی دەکات بەوەی، کە: پرۆگرامێکی خوێندنە، کە تیایدا هەندێ بابەتی تەکنیکی و ئەلیکترۆنی بەکاردێت وەک تۆڕەکانی ئینتەرنێت و کۆمپیوتەر، ئەمەش بۆ پاڵپشتی کردن و فراوانکردنی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنە، کە لەڕێگەی کۆمەڵێ هۆکارەوە دەبێت، لەوانە : کۆمپیوتەر، ئینتەرنێت، پرۆگرامە ئەلیکترۆنیەکان، کە لەڕێگەی کەسانی شارەزاو تایبەتمەندەوە لە وەزارەت و کۆمپانیاکاندا ئامادە کراوە . ( غلوم ، 2003 : 3 )
- (السعود) (2008) پێی وایە: پرۆسەیەکی فێربوونە بۆ پێشکەش کردن و خستنەڕووی پرۆگرامی خوێندن، یان ڕاهێنان کردن بە خوێندکاران، یاخود بە ڕاهێنەران لە هەرکاتێک و لە هەر جێگایەک بێت بە بەکارهێنانی تەکنیک و زانیارییە پەیوەندیدار و کارلێکەکان، بۆ نمونە ( کۆمپیوتەر، ئەنتەرنێت، کەناڵە ناوخۆییەکان و کەناڵە ئاسمانییەکانی تەلەفیزیۆن، سیدی تۆمارکراو، تەلەفۆن، ئیمێڵ، کۆنگرەکان، زۆری تر، کە هەیە .... ) بۆ ڕەخساندنی ژینگەی پەروەردەیی کاریگەرو کارلێکەر بە چەندین ڕێگاو سەرچاوەی جۆراو جۆر و هاوسەنگ یان ناهاوسەنگ بەبێ ئەوەی ببەسرێتەوە بەجێگایەکی دیاری کراو بەپشت بەستن بە فێربوونی خود و کارلێکردنی نێوان مامۆستاو خوێندکار. ( السعود ، 2008 : 277-278 )
- (دعمس) (2009) دەڵێت: فێرکردنی ئەلیکترۆنی ڕێگایەکە بۆ فێرکردن بەبەکارهێنانی میکانزمەکانی پەیوەندی هاوچەرخ لەکۆمپیوتەرو تۆڕەکانییەوە و فرە میدیایەک لەدەنگ و ڕەنگ (وێنە) و وێنەکێشان، شێوازەکانی گەڕان و کتێبخانەی ئەلیکترۆنی و هەروەها دەروازەکانی ئینتەرنێت چ لەدوورەوە و چ لەپۆلی خوێندندا، کە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیایە بەهەموو جۆرەکانیەوە لە گەیاندنی زانیاری بە خوێندکار لە کورتترین ماوەدا.
(دعمس، 2009: 131)
- (دعدع) (2010) پێناسەی دەکات بەوەی، کە: یەکێکە لە شێوازە نوێیەکانی خوێندن، کە بەشێوەیەکی سەردەمیانە دەبێت، کە تیایدا پشت دەبەستێت بە ئامێرو کۆمپیوتەر و تۆڕە جۆراو جۆرەکان و میدیا جۆراو جۆرەکان بە وێنە و دەنگ و نووسراوکان و ئامرازەکانی گەڕان و کتێبخانە ئەلکترۆنیەکان و دەرچە و ماڵپەرەکانی ئینتەرنێت، جا ئەگەر لە دوورەوە بگەی پێی، یان لەناو پۆلی خویندندا، ئەتوانین هەموو ئەمانە کورت بکەینەوەو بڵێین: بریتییە لە بەکارهێنانی هەموو ئامرازە ئەلیکترۆنیەکان بەهەموو جۆرەکانیەوە و گەیاندنی زانیاری بۆ خوێندکار بە کورترین ماوەو بەکەمترین هەوڵ و دەست کەوتنی زۆرترین سوود .
( دعدع ،2010: https://www.manhal.net/art/s/3490 )

- (الحيلة) (2014) دەڵێت: بریتییەلە کۆمەڵێ پرۆسە، کە پەیوەستە بەخوێندنەوە، ئەمەش لە ڕێگای ئەنتەرنێتەوە ئەنجام دەدرێت. بۆ نموونە دەست کەوتنی ئەو زانیاریانەی، کە پەیوەندیدارە بە بابەتی خوێندنەوەوە، کە ئەمە یاسایەکی خستنەڕووی بابەت و بڕیارەکانی خوێندنە لە ڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە، یان تۆڕەکانی ناوخۆ، یان مانگە دەست کردەکان، یان لەڕێگەی سیدی و بابەتەکانیەوە، یان تەلەفزیۆن و کەناڵەکان بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی، کە مەبەستە. وە هەندێکی تر کۆمەڵێ بابەت و ئامراز تێکەڵ بە خوێندنی ئەلیکترۆنی دەکا، بۆ نموونە: دیزاین کردنی بابەتەکان، بەڕێوەبردن، پاڵپشتی کردنی هونەری. لێرەدا بەشێوەیەکی تر بۆمان دەردەکەوێت، کە بابەتی خوێندن و فێرکردن لە ژێر ڕۆشنایی ئەم تێگەیشتنە دەگەڕێتەوە بۆ ئامادەکردنی فایلە ئەلیکترۆنیەکان بەشێوەیەکی دروست ( نووسینەکان، وێنەکان، دەنگ ) وە لەڕێگەی میدیای ئەلیکترۆنییەوە پێشکەش دەکرێ، بۆیە بەهۆیەوە ئەو خوێندکارانە وەریدەگرن، کە مامەڵە و کارلێکیان هەیە لەگەڵیان لە ڕێگەی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکانەوە.

( الحيلة ، 2014 :418 )

پێناسەی تیۆری توێژەر بۆ فێرکردنی ئەلیکترۆنی: شێوازێکە بۆ فێربوون وپەروەردەکردنی خوێندکار بەبەکارهێنانی میکانیزمی پەیوەندی مۆدێرن وەک کۆمپیوتەر، ئینتەرنێت وتۆڕەکانی تر بەشێوەی دەنگ، وێنە، گرافیک، میکانیزمی گەڕان و کتێبخانەی ئەلیکترۆنی، جا لە دوورەوە بێت، یان لەپۆلدا، کاتێکی کەمترو کەمتر هەوڵدان و سوودی زیاتر بۆ خوێندکار.

# بەشی دووەم

## لایەنی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو

### 2-1 چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە

#### 2-1-1 ئاڕاستە

#### 2-1-2 فێرکردنی ئەلیکترۆنی

#### 2-1-3 زانستە کۆمەڵایەتییەکان

### 2-2 توێژینەوەکانی پێشوو

#### 2-2-1 خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو

#### 2-2-2 شیکاری بەراوردکردنی توێژینەوەکانی پێشوو

#### 2-2-3 سوود بینین لە توێژینەوەکانی پێشوو

# بەشی دووەم

# چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو

## 1-2 چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوەکە

### 1-1-2 چەمکی ئاڕاستە:

چەمکی ئاراســـــتە بە بابەتی ڕەوتی ئەو بابەتانە دادەنرێت، کە لەلایەن توێژەرانەوە لەبواری پەروەردەدا گرنگییان پێدراوە، وەک چۆن کاریگەرییەکی زۆری لەســـــەر ڕەفتاری تاکەکەس هەیە، جگە لەوەی کە نیشاندەرێکە بۆ پێشبینیکردنی ژیانی داهاتوو، کە ڕەنگە تاکە کەسەکە هەڵیبژێرێت.

پێناسەی ئاڕاستەکان (ڕەوتەکان) جۆراوجۆرن، جا بۆ ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە توێژەران پاڵنەر بن بۆ ئەم بابەتە کەسێکی وەکو (جوردن Gorden)واپێناسەی کردووە، ئاراستەکان مەبەست لێی ئامادەکارییەکە (یان مەیلی، یان ئامادەیی)یە بە شـــێوەیەکی لەبار، یان نالەبار، یان بە شـــێوەیەکی هەماهەنگ بەرامبەر بە شتێکی دیاریکراو بەدەست هاتووە. ئەمانە ئەو هەستانەن، کە تاک بەرامبەر بە شـــتەکان، یان ڕووداوەکان، یان مرۆڤەکان، یان چالاکییەکان هەیەتی ولەوانەیە ئەم هەســـتانە ئەرێنی، یان نەرێنی بن. (التميمي، 2021: 193)

هەندێکی تر ئاڕاســـتەکە وەک باری ســـۆزداری تاک دەبینن، کە لەلایەن ئەوەوە لەســـەر بنەمای بیروباوەڕ، یان تێڕوانینەکانی سەبارەت بە بابەتێک دروست دەبێت، یان هەندێک کەس، کە زۆربەی کات هانی دەدەن، هەندێک وەڵام، یان ڕەفتار بەرامبەریان بکات لە دۆخێکی دیاریکراودا بەم وەڵامانە ڕادەی ڕەتکردنەوە، یان قبوڵکردنی ئەم بابەتە یان ئەم کەسانە دیاری دەکرێت. (عبدالحميد، 2010: 90).

بەپێ پێناسەکردنەکەی (زهران ) ئاڕاستە بریتیەلە: دروستبوونی گریمانەیی، گۆڕاوی شاراوە، یان مامناوەند لە نێوان هاندەر و وەڵامدانەوەدا (المثير و الأستجابة) مەبەستی ئەم دەستەواژەیە، واتە ئامادەبوونی دەروونییە، یان ئامادەکردنێکی دەروونی پەروەردەکراوە بۆ وەڵامدانەوەی ئەرێنی، یان نەرێنی بەرامبەر بە کەســـەکان، شـــتەکان، بابەتەکان، دۆخەکان، یان هێماکانی ناو ژینگە، کە ئەم وەڵامە دەهێننە ئاراوە. (زهران، 1977: 146)

سەبارەت بە گرنگیی ئاڕاستە، گرنگی چەمکی ئاڕاستە لە پەیوەندییەکەیەوە سەرچاوە دەگرێت بە دەرئەنجامەکانی کارلێکی نێوان تاک و گروپەکان، بە شێوەیەکی کاریگەر لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و پیشەسازیدا. ئاڕاستەکان کاریگەرییان لەسەر ڕەفتارەکانمان وکاریگەری لەسەر

حوکمە ئەرێنییەکان، یان نەرێنییەکانمان هەیە. هەربۆیە ئاگاداری ئێمە بۆ ئەوانی تر، ئاگاداری ئێمەیە لە خۆمان، وە کاریگەرییان لەسەر ڕادەو کارایی پرۆسەی فێربوون هەیە. لە ئاستی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکاندا. ئاڕاستەکان یارمەتیدەرن بۆ دیاریکردنی ئەو گروپانەی کە پەیوەندییان پێوە هەیە، وە ئەو پیشانەی هەڵیدەبژێرین، ئەو حزب و یانانەی، کە پێمان باشە، یان ئەو گروپە جۆراوجۆرانەی کە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لەخۆدەگرێت بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانمان لە ژیاندا. بۆیە ئاڕاستەکان نوێنەرایەتی پەیوەندی نێوان بیروباوەڕ و ڕەفتار دەکەن وە ناکرێ هەڵوێستەکان وەک کاریگەرییەکی بەرز لەسەر ڕەفتاری تاکێک چاوپۆشییان لێ بکرێت. وەک دەبینین ئاڕاستەکان کاردەکەن بۆ دیاریکردنی هەڵسوکەوتی تاک و قسە و کردارەکانی و کارلێککردنی لەگەڵ کەسانی تردا. هەروەها ئاسانکاری دەکات بۆ توانای تاک بۆ ئەنجامدانی ڕەفتار و بڕیاردان لە چەندین دۆخدا لە هەندێک یەکدەنگی و یەکپارچەییدا، کە کاردەکات بۆئاشناکردن و ڕوونکردنەوەی وێنەی پەیوەندی نێوان تاک وجیهانە کۆمەڵایەتییەکەی، هەروەها وەڵامەکانی تاک بۆ مرۆڤەکان و شتەکان بە شێوەیەکی بەردەوام وجێگیر ئاڕاستەی دەکات و ناچاری دەکات بەشێوەیەکی دیاریکراو لە پرسەکانی ژینگەی دەرەکی هەستیان پێدەکات، کە ئاڕاستە ڕاگەیەندراوەکانی ڕەنگدانەوەی ئەو ڕادەیەن، کەلەگەڵ ستاندارد و بەهاو بیروباوەڕە کۆمەڵایەتیەکاندا دەگونجێت. (زینب، 2011: https://lamya.yoo7.com)

## 2-1-1-1 تایبەتمەندی ئاڕاستەکان:

ئاڕاستەکان کۆمەڵێک تایبەتمەندی لەخۆدەگرن، کە تایبەتن بەوان وە ئەو ئاڕاستانەی کەفێریان دەبین واتە نەغەریزەییە نەبۆ ماوەییە، بەڵکو دەرئەنجامێکی بەدەست هێنراوە لە ئەزموون وکارامەیی و بۆچوون و بیروباوەڕەکان، کە بەردەوام کارلێک دەکاو گۆڕانکاری بەسەردا دێت لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی تاک لە ژینگەدا و لە بۆشایی پێک نایەت، بەڵکو هەمیشە پەیوەندی نێوان تاک و بابەتێکی ژینگەیی لەخۆدەگرێت. جگە لەمەش، تاڕادەیەک جێگیرە و ئەگەری دەستکاریکردن و گۆڕانکارییەکانی هەیە، چونکە بەدەستدەهێنرێت وماندوو دەکرێت و دەتوانرێت بپێورێت. وە دەتوانرێت لەڕێگەی ڕەفتاری چاودێری کراوو وەڵامی زارەکییەوە بپێورێت و هەڵسەنگێندرێت. ئاڕاستەکان دەتوانن نەرێنی، یان ئەرێنی بن. هەروەها ڕەنگە بەهێز، یان لاواز بن بەرامبەر بە شتێکی دیاریکراو، یان بابەتێکی دیاریکراو پێکدێت وبەستراوەتەوە بەهاندەرو بارودۆخەکان، کە لەلایەن ژمارەیەک تاک و گروپەوە هاوبەشن، تەنانەت ئاڕاستەکان لە ڕوونییاندا جیاوازن، هەندێکیان ڕوون وهەندێکیان ناڕوونن وە ناوەڕۆکەکەی زیاتر کەسییە، وەک لە بابەتی.(العنزي، 1998: 20).

### 2-1-1-2 جۆرەکانی ئاڕاستە:

ئاڕاستە چەندین جۆری هەیە، شارەزایانیش هەریەکەیان لەگۆشە نیگای خۆیانەوە لێیان ڕوانیوە، دیارترینیان ئەمانەن:

1- ئاڕاستە لەسەر ئاستی تاکەکەس یان کۆمەڵ: ئاڕاستە بە کۆمەڵەکان ئەوانەن، کە هاوبەشن لەنێوان چەندین کەسدا وەک (سەرسامی خەڵک بەسەرکردەیەکی دیاریکراو)،هەروەها سەبارەت بە ئاڕاستەکانی تاک، ئەوانەن، کە تاکێک لە تاکێکی دیکە جیا دەکەنەوە (وەک سەرسامی تاک بە کەسایەتییەکی دیاریکراو).

2- ئاڕاستە نهێنی و ئاشکراکان: ئاڕاستەی ئاشکرا ئەو ئاڕاستەیەیە، کە تاک لەبەردەم خەڵکدا قسە دەکات سەبارەت بەبابەتێکی دیاریکراو، بەڵام ئاڕاستەی نهێنی ئەو ئاراستەیەیە، کە تاک هەوڵدەدات بیشارێتەوە و بۆ خۆی بهێڵێتەوە، کەبزانێ بە پێشاندانی سوود ناگەیەنێ و شەرمەزار دەبێت.

3- ئاڕاستە بەهێز و لاوازەکان: ئاڕاستە بەهێزەکان زاڵن بەسەر بەشێکی زۆری ژیانی خەڵکدا وەک (ئاڕاستەکردن بەرەو ئایین)، سەبارەت بەو کەسانەی کەلە پێگەیەکی لاوازدا وەستاون، ناتوانن بەرەنگاری ببنەوە. هەروەها ئەگەری ئەوە نییە کە ئەو کارە بکات، چونکە هەست بە توندی ئاڕاستەکە ناکات.

4- ئاڕاستە ئەرێنی و نەرێنیەکان: ئاڕاستەی ئەرێنی ئەو شتەیە، کە مرۆڤ بەرەوشتێکی دیاریکراو و سوود بەخش ئاراستە دەکات، بەڵام سەبارەت بە ئاڕاستە نەرێنییەکان ئەوانەن، کەتاک بەرەوشتێکی دیکەی بێ سوود دەبەن (وەک ئالوودەبوون). (محمد، 2010: 241).

## 2-1-2 چەمکی فێرکردنی ئەلیکترۆنی E-learning

فێرکردنی ئەلیکترۆنی گرنگترین و نوێترین هۆکارە بۆ دۆزینەوەی ژینگەی لەبار و گونجاو، تاوەکو هاوکاربێ لە دەوڵەمەندکردنی بابەتەکانی خوێندن و وای لێبکرێ شوێنەواری ئەرێنی لە دوای خۆی بمێنێتەوە، خوێندنی ئەلیکترۆنی هەڵئەسێ بە دامەزراندنی ئامرازو ئامێری سەردەمیانە و نوێ لەپڕۆسەی پەروەردە و فێرکردندا، کە لەوانەیە ببێتە هۆی گۆڕانکاری گەورە لە شێوازەکانی خوێندن و فێربووندا، وە ببێتە هۆی ئەوەی، کە خوێندن چێژ بەخش بێت بۆ خوێندکاران، هەروەها زیاتریش پاڵنەریان ئەبێت بۆ فێربوون و شێوازو پڕۆسەی پەروەدە و فێرکردنیش زیاتر بە رەو پێش دەبات .

( شحاته ، 2009 ) ئاماژەی پێدەکات و دەڵێت " ڕەوتێکی جیهانی دەستی پێکرد بەناوی خوێندنی ئەلیکترۆنی، کە ئامانجی بەکارهێنانی ئامرازو شێوازە تەکنەلۆجیەکانە بەگشتی بۆ بەدەست هێنانی لێکتێگەشتن و پەیوەندی نێوان خوێندکارو مامۆستا وە بۆ گەیاندنی زانیارییەکانی خوێندن بە فێرخواز لە کورتترین ماوەو کەمترین کاتدا، کە زۆرترین سوودی هەبێ. ئەمەش لەگەڵ داواکاری و زانیارییەکانی سەردەمدا دەروا. هەروەها ئامانجەکانی پەروەردە گۆڕانکاری بە سەردا هاتووە، کە تەنها کورت نەکراوە تەوە لە دەست کەوتنی زانیاریدا، بە ڵکو درێژ بۆ تەوە بۆ گە شە پێدانی توانای خوێندکار بۆ گەیشتن بە سەرچاوە زانستییەکان و وەرگرتنیان . ( شحاتة ، 2009 : 69 )

شایەنی باسە، خوێندنی ئەلیکترۆنی ڕێگایەکە لە ڕێگاکان، کە پاڵپشتی پەروەردە و فێرکردنە، کاتێ لە قۆناغی لەبەر کردن و وتنەوە ئەیگۆڕێ بۆ قۆناغی داهێنان و کارلێک کردن وپەرەپێدانی تواناکان. هەروەها هەموو جۆرو شێوە ئەلیکترۆنیەکان کۆدەکاتەوە بۆ پەروەردەو فێرکردن، کە تازەترین ڕێگا بەکاردەهێنرێت لە بوارەکانی خوێندن و بڵاوکردنەوە وکەیف و خۆشی بەپشت بەستن بە کۆمپیوتەرو میدیاو هەموو ئەو بابەتانەی کە پێی تۆمار دەکرێ لەگەڵ تۆڕەکاندا. بازدانە خێراکان لە بواری تەکنەلۆجیا بووە هۆی دەرکەوتنی چەندین شێوازی تازە بۆ فێربوون و پەروەردە و بووە هۆی زیادبونی چەسپاندنی چەمکی تاک، یان خۆپەروەردە کردن؛ کە خوێندکار بەردەوام دەبێت لە خوێندن بە پێی تواناو دەسەڵاتی خۆی و خێرایی فێربوونی وە بەپێی ئەو ئەزموون و لێهاتوییەی، کە پێشتر هەی بووە . خوێندنی ئەلیکترۆنی بە یەکێک لەم شێوازە نوێیانە دادەنرێت، کە پێی دەوترێت فێربوونی دوور. نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو ئەم جۆرە خوێندنە پشت بە کۆمپیوتەری تایبەت دەبەستێ، وە بناغەی خوێندنی ئەلیکترۆنی پشت ئەبەستێ بە کۆمپیوتەرو تۆڕەکان بۆ گەیاندنی زانست و زانیارییە ڕۆشنبیرییەکان و لێهاتوییەکان و بەرنامەکانی پێکهاتووە لە فێربوون لە ڕێگەی ئینتەرنێت و کۆمپیوتەر و بوونی ژووری وانەوتنەوە و فێرکردن و هاوکاری کردنی دیجیتاڵی وگونجاندن،

تەنانەت بابەتەکانی وانەکان لە ریگای ئینتەرنیت و سیدی تۆمار کراو و دەنگ وڤیدیۆوە پێشکەشی خوێندکاران دەکرێت. ( https://units.imamu.edu.sa ). کەواتە فێرکردنی ئەلیکترۆنی لەئێستادا بەم شێوازەی ئەمرۆ دەبینرێت و بۆتە ڕاستی (واقیعی) خوێندن لەزۆربەی وڵاتانی جیهاندا بەڵام بۆ ئەوەی بزانین چۆن گەشەی کردووە ئەوا مێژووی فێرکردنی ئەلیکترۆنی دەخەینەڕوو.

## 1-2-1-2 مێژووی فێرکردنی ئەلیکترۆنی:

خوێندنی ئەلیکترۆنی بە چوار قۆناغدا تێپەڕیوە، کەئەمانەن:-

یەکەم/ پێش ساڵی 1983 :

قۆناغی وانەوتنەوەی ڕۆتینی لەوکاتەدا خوێندن ئاسایی بووو، بەشێوازێکی ڕۆتینی ئەوترایەوە پێش بڵاوبوونەوەی کۆمپیوتەر و دروست نەبوونی لەو کاتەدا پەیوەندی نێوان مامۆستاو خوێندکار تەنها لە پۆلی خوێندندا بوو بە پێی ئەو خشتە دیاری کراوەی خوێندن، کە بۆی دادەنرا ، وە لەو ماوەیەدا ڕادیۆو تەلەفزیۆن بەکار دەهات، وەک ڕاگەیاندنێکی پەروەردەیی .

دووەم/ ساڵانی 1984 بۆ 1993 :

قۆناغی ڕاگەیاندن و میدیا جۆراو جۆرەکان، ئەم قۆناغە بەوە جیا دەکرێتەوە، کە تیایدا ویندۆزی 1 و 3 (Window 1, 3)و ماکنتۆش(Macintosh ) وسی دی ڕوم( CD-ROM) بەکارهات وەک ئامرازێکی بنەڕەتی بۆ گۆڕانکاری لە خوێندن و پەروەردەدا .

سێیەم/ ساڵانی 1993 بۆ 2000 :

سەر هەڵدانی تۆڕی جاڵجاڵۆکەیی بۆ زانیاری واتە (ئینتەرنێت)، دواتر دروست بوونی ئیمێڵ (Email) و بەرنامە ئەلیکترۆنییەکان بەشێوەیەکی زۆر گونجاو بۆ پیشاندانی ڤیدیۆ و فیلمەکان کە دەست کەوتێکی گەورە بوو بۆ ژینگەی ڕاگەیاندنە هەمەجۆرەکان .

چوارەم/ ساڵی 2001 و دواتر :

دروست بوونی نەوەی دووەم لە تۆڕی جاڵجاڵۆکەیی (ئینتەر نێت) ( Web2 ) ، لێرەدا دیزاینکردن و دروست کردنی ماڵپەڕ لە سەرتۆڕەکان پێشکەوتنی گەورەی بە خۆوە بینی و بووە خاوەنی تایبەتمەندی بەهێزتر لە خێرایی و وەرگرتنی فایلەکان و زانیاری و داتاکان، کە تەنانەت ئەگەر

نووسراوی ئامادەکراو بێت، یان نوسراوێک بێت، کە کاریگەرییەکانی دەنگی لەسەر بێت، یان ڤیدیۆیی تۆمارکراو و فیلم بێت. ئەم شۆڕشە تەکنەلۆجیا گەورەیە دەرگا دەکاتەوە بۆ فێربوون و خوێندنی ئەلیکترۆنی لەداهاتوودا وە هاندەر دەبێت بۆ زۆر لە پرۆفیسۆرو مامۆستاکانی کۆلێژ، تاوەکو هەستن بە دانانی کتێبێکی ئەلیکترۆنی، کە پێکهاتبێ لە فلیم و ڤیدیۆ جولاوەکان، تاوەکو هاوکاری خوێندکارەکان بکەن بۆ تێگەیشتنێکی ڕاست و دروست و بەدواداچوون و ئاگاداربوون لە وانەکان بەشێوەیەکی زۆر باشتر. هەروەها ئەم شێوازە نوێیە ئاسانکاری ئەکا بۆ پەیوەندی کردنی مامۆستاو خوێندکار لە دوورەوە و لەڕێگەی ئیمێڵەوە و قسە کردن ( Chatting ) لە رێگەی ئینتەرنێتەوە، بەمەش ماوەی نێوانیان ناهێڵێت.

(سالم،2004 : 291-292) (النوایسة، 2007 : 217-219)

لەم باسەدا بۆمان ڕوون بووەوە فێرکردنی ئەلیکترۆنی هاوتا لەگەڵ گەشەی ئامێر و ئامرازەکانی تەکنەلۆجیای گەیاندن گەشەی کردووە، هەر سەرەتای ڕادیۆ تا ئێستا کە ئەنتەرنێت وتۆڕە جۆربەجۆرەکانی گەیاندن سەری هەڵداوە.

## 2-2-1-2 ئامانجەکانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی:

هەریەکە لە الظفیري (2004) و عبدالکریم (2008) وسالم (2004) و الجندي ولال (2005) و الردادي (2008) لەسەر ئەوە کۆکن کە گرنگترین ئامانجەکانی فێربوونی ئەلیکترۆنی بەم شێوەیەیە:-

1- ڕەخساندنی ژینگەیەکی لەبارو گونجاو و کاریگەر بۆ خوێندن لەڕێگەی تەکنەلۆجیا ئەلیکترۆنییە تازەکان و هەمەجۆری لە سەرچاوەی زانیاری و ئەزموونەکاندا .

2- بەرەو پێش بردنی پەیوەندی نێوان باوان و خوێندنگاو ژینگەی دەرەوە .

3- پاڵپشتیکردنی پرۆسەی کارلێکی نێوان مامۆستاو خوێندکار لەڕێگەی ئاڵوگۆڕکردنی ئەزموونە پەروەردەییەکان و گفتوگۆ ئامانجدارەکان لە ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕاکان بە یارمەتی کەناڵە جیاوازەکانی پەیوەندی کردنی وەک ئیمێڵ E-mail ، و قسە کردن Chatting/ Talk ، پۆلە ئەلکترۆنیەکان Virtual Classrooms.

4- بەدەست هێنانی تواناو کارامەیی لەلایەن مامۆستاکانەوە بە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا نوێیەکانی خوێندن .

5-بەدەست هێنانی تواناو کارامەیی پێویست لەلایەن خوێندکارانەوە بە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیاکانی پەیوەندی کردن بۆ دەست کەوتنی زانیاری.

6-خوێندن بە شێوازی نموونەو پێشکەش کردنی بەشێوەیەکی ستاندارد. ئەو وانانەی، کە بەشێوازی کاریگەرو نموونەیی پێشکەش دەکرێن و دەخرێنەڕوو لە خوێندندا ئەتوانرێ دووبارە بکرێنەوە، نموونەی ئەمەش نموونەی بانکی پرسیارەکانن بۆ پلانی وانەیەکی نموونەیی و بەکارهێنانی باشترین تەکنەلۆجیای دەنگ و ڕەنگ و ئەو بابەتە هەمە جۆرانەی، کە پەیوەندییان پێوە هەیە .

7-گۆڕانکاری لە ڕۆڵی مامۆستا لە پرۆسەی پەروەردەو خوێندندا، تاوەکو بگونجێت لەگەڵ گۆڕانکارییە زانستییەکان و تەکنەلۆجیاکان، کە بە بەردەوامی بەدوای یەکدا دێن .

8-فراوانکردنی بازنەی پەیوەندیکردنی خوێندکار لە ڕێگەی تۆڕو پەیوەندییە جیهانی و ناوخۆییەکان و سنوردار نەکردنی خۆت بە مامۆستا وەک سەرچاوەیەکی ڕۆشنبیری، لەگەڵ بەستنەوەی ماڵپەرە پەروەردەییەکان بە ماڵپەرە پەروەردەییەکانی تر تاوەکو خوێندکار زیاتر سوودمەند بێت.

9-دروست کردنی تۆڕی پەروەردەیی و ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی پرۆسەکانی پەروەردە و فێرکردن.

10-پێشکەش کردنی خوێندن بەو جۆرەی کە لەگەڵ تەمەنە جیاوزەکاندا بگونجێ، لەگەڵ ڕەچاو کردنی جیاوازییە کەسییەکانی نێوانیان.

11- باشترکردنی دەرئەنجامە پەروەردەییەکان لە ڕێگەی پرۆسە پەروەردەییەکانەوە.

12- ڕوانین بۆ داهاتوو وە توانای هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ گۆڕانکاریەکان لەگەڵ پارێزگاری کردن لە ڕەسەنایەتی نەتەوە.

13- ئامادەکردنی خوێندکاران بۆ ڕووبەڕووبونەوەی کێبڕکێ سەختەکان و گۆڕانکارییە بەردەوامەکان.

14- گۆڕینی پرۆگرامی پەروەردەیی بە بەکارهێنانی شێوازێکی زانستی گونجاو.

15- ڕەخساندنی ژینگەیەکی پەروەردەیی، تاوەکو خزمەتی خوێندکار و کۆمەڵگا بکا.

(الظفيري (2004: 87) و عبدالكريم (2008: 19) وسالم (2004: 293-295) و الجندي ولال (2005: 387-388) و الردادي (2008: 13)).

## 3-2-1-2 بەراوردکردنی جۆرەکانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی

فێرکردنی ئەلیکترۆنی دوو جۆری سەرەکی لەخۆ دەگرێت، ئەوانیش (فێرکردنی ئەلیکترۆنی هاوسەنگ و فێرکردنی ئەلیکترۆنی ناهاوسەنگ) وەک لە خشتەی (2-1)دا خراوەتەڕوو:

خشتەی (2-1)

خشتەی پۆلێنکردنی فێرکردنی ئەلیکترۆنی

| بوارەکان | خوێندنی ئەلیکترۆنی هاوسەنگ (Syncroys) | خوێندنی ئەلیکترۆنی ناهاوسەنگ (Un Syncroys) |
|---|---|---|
| پێناسەکەی | بریتییە لەو شێوازی تەکنەلۆژیای فێربوونە کە پشت ئەبەستێ بە تۆڕی جیهانی زانیارییەوە بۆ گەیشتن و ئاڵوگۆڕی وتارو وانە و توێژینەوەکان وبابەتەکان لەنێوان مامۆستاو خوێندکار و خوێندنی بابەتی وانەکە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەهەمان کاتدا | بریتییە لەو خوێندنە ناڕاستەوخۆیەی، کە خوێندکار ئەو کۆرس و وانانەی دەست دەکەوێت، کە پرۆگرامی خوێندن بۆی داڕشتووە و لەوکات و شوێنانە کۆدەبێتەوە کە گونجاوە لەگەڵ بارودۆخەکەدا لە ڕێگەی دانانی هەندێ ئامرازو شێوازی خوێندنی ئەلیکترۆنییەوە، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەچەند کاتێکی جیاوازدا. |
| ئامرازەکانی بەکارهێنانی | - ژووری قسەکردنی خێرا .<br>- پۆلە بنەڕەتیەکان | - ڤیدیۆ<br>- کتێبی وانەکە<br>- دەنگی تۆمارکراو |
| جۆرەکانی | - پۆلە بنەڕەتییەکان .<br>- ڤیدیۆ و کۆنفرانس .<br>- تەختەی سپی .<br>- ژووری قسە کردن . | - ئیمێڵ .<br>- ئینتەرنێت .<br>- لیستی پۆستەکان .<br>- گروپی گفتوگۆ .<br>- گواستنەوەی فایلەکان .<br>- سی دی ( CD ) . |
| گرنگیەکەی | - کارلێکی کاتی ڕووبەڕوو: سوودەکانی ئەوەیە چ لە پۆلێکی ڕاستەقینە، یان ئۆنلایندا بن، ناتوانرێت پشتگوێ بخرێت. گفتوگۆکان بۆ هەموو پۆلەکە سەرنجڕاکێشە و زانیارییان تێدایە، تەنانەت بۆ ئەو کەسانەی، کە حەز بە بەشداریکردن ناکەن. | - ئازادی و نەرمی: لەم ڕێگەیەوە بوار بۆ سەرجەم خوێندکاران دەڕەخسێنێت لە ڕێگەی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێتەوە، کە بتوانن سوود لە وانەکان وەرگرن لەهەر تەمەنێک دابن ولەهەر شوێنێکدابن. |

| | | |
|---|---|---|
| | - لە ڕووی داراییەوە ئاسانە: ئەم شێوازەی وانەوتنەوە لەڕووی داراییەوە گونجاوترینە، چونکە پێویست ناکات مامۆستا خۆی لە هەموو کاتێکدا ئامادە بێت، چونکە بەشێوازی ئۆنلاین بەشدار دەبن لەوانەکاندا.<br>- فێربوونی داینامیکی: لەم شێوازەدا خوێندکاران یەکدەگرن و فێری کارامەییەکانی هاوکاری دەبن. تەنانەت بەبێ ئەوەی لە یەک شوێنیشدا بن. پۆلە ئۆنلاینەکان هەمان ژینگەی کێبڕکێ پێشکەش دەکەن کە هانی خوێندکاران دەدات بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە کارەکان ئەنجام بدەن.<br>- قووڵی پەروەردەیی: لەم جۆرەدا پەیوەندی نێوان خوێندکاران و مامۆستایان بەردەوامە، لەکاتی خۆیدا بەرەوپێشچوون و تەواوکردنی کارەکان مسۆگەر دەکات. وە مامۆستا ئەو خوێندکارانە دەستنیشان دەکات، کە ئاستێکی باشیان هەیە و پێویستیان بە ڕێنمایی، یان یارمەتی زیاترە. ئەمەش هاوسەنگی لە پرۆسەی فێربووندا دەپارێزێت، هەروەها دڵنیایی دەدات لەوەی هیچ خوێندکارێک لە دوای خۆی نەمێنێت. جگە لەوەش خوێندکاران دەتوانن بەردەوام پرسیار بکەن.<br>- ئەنجامە پێشکەوتووەکان: باشترین ڕێگە بۆ زانینی سەرکەوتنی وەرزێک ئەنجامەکانی کۆتاییە، فێربوونی هاوکات، جا لە ڕێگەی شێوازە تەقلیدییەکانەوە بێت یان ئۆنلاین، سەلماندوویەتی، کە ئەنجامێکی ناوازە پێشکەش دەکات وەک: ئامادەبوون، بەشداریکردن لە گفتوگۆکان، ... هتد. | - خوێندکاران بڕیار لەسەر خێرایی فێربوون دەدەن: ئەم جۆرە فێربوونە خۆڕاییە خوێندکاران بە خێرایی خۆیان فێر دەبن. بەپێچەوانەی خوێندنی ناوپۆل، ئەمەش کارایی فێربوون زیاد دەکات وخوێندکاران متمانەی زیاتر بەخۆیان دەکەن.<br>- ئاسوودەیی و سەلامەتی، فێربوونی ناهاوسەنگ بۆ ئەو کەسانە گونجاوە، کە حەز بەتێکەڵییەکی زۆرناکەن و دەیانەوێت بەتەنیا فێربن. لەم ڕێگەیەوە زۆرێک لە ئاستەنگە کۆمەڵایەتییەکان، کە ڕێگری لە فێربوونی خوێندکار دەکەن لادەبرێن. لەم جۆرە پەروەردەیەدا خوێندکاری بێدەنگ لە ئاستێکی یەکساندا دادەنرێت لەگەڵ ئەو خوێندکارانەی کە چالاکیان زۆرە.<br>- بەردەستبوونی زانیاری: سەرجەم ماددەکان، کەلەم جۆرە فێربوونەدا بەشدارن بەردەوام بەردەست دەبن بۆ خوێندکاران لەهەر کات وشوێنێکدا بەدوایدا بگەڕێن، کەبە شێوەیCD و DVD، یان لەڕێگەی تەلەفزیۆن، یان ئامێرە ئەلیکترۆنیەکانەوە لەهەر شوێنێکدا بن بەردەست دەبێت.<br>- فێربوونی گشتگیر: لەم شێوازەدا خوێندن بۆسەرجەم تەمەن ورەگەزەکان گونجاوە و پێویستی بەچاودێری کردنێکی کەمی مامۆستا هەیە بۆ خوێندکارەکان. |

(الملاح، 2010: 112)و(دیفید، 2020: https://www.saudiacademics.com )

له وردبوونه‌وه له‌هه‌ردوو جۆری فێركردنی ئه‌لیكترۆنی بۆمان ڕوون ده‌بێته‌وه كه هه‌ردوو جۆره‌كه به‌سووده بۆ خوێندكار به‌ڵام جۆری یه‌كه‌م (هاوسه‌نگ) ڕێكخراوتره بۆ خوێندكار له‌جۆری دووه‌م. ورد ببه‌وه له خشته‌ی (2-1).

## 4-2-1-2 گرنگی به كارهێنانی فێركردنی ئه‌لیكترۆنی :

به‌كارهێنانی فێركردنی ئه‌لیكترۆنی له ناوه‌نده‌كانی خوێندندا گرنگی تایبه‌تی خۆی هه‌یه له‌وانه‌ش، وه‌كو:-

1- به‌رده‌وام بوون و پێویستی خوێندن و ڕاهێنان به هۆی گۆڕانكاری گه‌وره له هه‌موو بواره جیاوازه‌كانی ڕۆشنبیریدا .

2- پێویستی خوێندن و ڕاهێنان كردنی به‌رده‌وام له‌كات و شوێنی گونجاودا بۆ خوێندكاران.

3- خوێندنی ئه‌لیكترۆنی به یه‌كێك له شێوازه نوێیه‌كان داده‌نرێت له بواری په‌روه‌رده و فێركردن و ڕاهێنان كردن له كۆمپانیا گه‌وره‌كاندا. ( العريفي، 2003: 2-3)

4- خوێندكار ده‌توانێت به تاك به پێی تواناكانی خۆی و له كاتێكی گونجاودا ئه‌وه‌ی ده‌یه‌وێت فێربێت.

5- پشتگیریكردن له فێربوونی خودی له‌گه‌ڵ پێشكه‌وتنی خوێندكار له فێربوونه‌كه‌یدا به‌پێی خێرایی خۆی و سروشتی ماده‌كه، كه‌به فێربوونی ماده‌كه و ئاشنابوون به هه‌موو ئه‌و شتانه‌ی، كه ده‌زانرێت له‌لایه‌ن خوێندكاره‌كه‌وه، به ته‌ركیزكردن له‌سه‌ر بواره‌كان، كه‌ده‌یخوێنێت وه ئه‌و به‌شانه‌شی كه خوێندكار پێویستیه‌تی بۆ فێربوونی كارامه‌یی و زانیاری زیاتر. (إسماعيل، 2009: 59-62)

6- شێوازو ڕێگای نوێ ئه‌خاته به‌رده‌ست بۆ فێربوون و فێركردن، وه‌ك كۆنفرانسه ڕاسته‌وخۆكان، یان میدیا كۆنفڕانس له ڕێگه‌ی كۆمپیوته‌ره‌وه ، هه‌روه‌ها كار له سه‌ر به‌ره‌و پێشبردنی سوود وه‌رگرتن له‌تۆڕی ئینته‌رنێت و ئه‌و زانیاری و سه‌رچاوانه‌ی تیایاندایه له گه‌ڕانی ناو تۆڕ به‌شێوه‌یه‌كی ئۆتۆماتیكی به‌ره‌وه پێشیان ئه‌بات.

7- ئه‌بێته هۆی دروست بوونی فیدباك له نێوان مامۆستاو خوێندكاردا، به‌مه‌ش پڕۆسه‌ی په‌روه‌رده‌و فێركردن به شێوه‌یه‌كی كاریگه‌ر به‌ره‌وه پێش ده‌چێت، هه‌روه‌ها كاتێكی باش ئه‌دات به خوێندكار بۆ بیركردنه‌وه‌ی قووڵ پێش وه‌ڵامدانه‌وه و خستنه‌ڕووی ڕاو پێشنیاره‌كانیان.

8- گەیاندنی بابەتەکانی خوێندن و زانیارییەکان بە شێوەیەکی وردو خێراو بەبێ ڕەچاوکردنی کات و شوێن. هەروەها ئەتوانرێ بابەت و سەرچاوە زانستییەکان سەیڤ بکا، تاوەکو لایەنی پەیوەندیدار لە داهاتوودا ئامادەبێت بۆ خوێندنەوەی وەک ئەوەی، کەلە پەیوەندییە ناهاوسەنگەکاندا هەیە.

9- زۆربەیان هێڵی پەیوەندی دوو ئاڕاستەیین، ئەم تایبەتمەندییە گرنگەش ئەبێتە هۆی دروست بوونی پە یوەندییەکی کاریگەر لە نیوان مامۆستاو خوێندکارو سەرپەرشتیاری ئەکادیمی و خوێندکارە هاوپۆلەکانی. هەروەها ئەبێتە هۆی خستنەڕووی گفتوگۆی دەروونی لە پرۆسەی فێربوون و خوێندندا و هەڵئەستێت بە دۆزینەوەی ئیمێل و میدیا کۆنفراس لە ڕێگەی کۆمپیوتەرەوە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی، کە ئەکەوێتە بەردەست مامۆستاو سەرپەرشتیارە ئە کادیمییەکان بۆگۆڕینەوەی زانیاری و بیرو ڕاکانیان لەگەڵ یەکتردا.

10- فرە ڕێگایی لە وانەوتنەوەدا، تاوەکو لەگەڵ جیاوازی تاکەکاندا بگونجێ، لە کاتێکدا کە مادە زانستییەکە بەو شێوەیە وەربگرێ، کە بگونجێ لەگەڵ هەندێ لە خوێندکاران و هەندێکیان لەگەڵ شێوازی بینراودا دەگونجێت، هەندێکیشیان لەگەڵ شێوازی بیستراو، یان خوێندنەوەدا دەگونجێت. خوێندنی ئەلیکترۆنی و سەرچاوە جیاوازەکانی ڕێگە دەدات سەرچاوەکان بە شێوازی جیاواز بەکاربهێنرێن.

11- بنیاتنانی مادە پەروەردەییەکان بە شێوازی خوێندنی تایبەتمەندی کەسێتی.

12- ئاســـانکاری و فرە ڕێگایی هەڵســـەنگاندنی قۆناغەکانی خوێندنی خوێندکار لە پرۆســـەی خوێندنی ئەلیکترۆنیدا، کە زۆر ئامرازی تایبەت ئەخاتەڕوو کە هەڵئەســـن بە شـــیکردنەوەی نمرەو ئەنجامەکان و تاقیکردنەوەکان و کارە وەرزیەکانی.

(وحدة تكنولوجيا المعلومات، 2010 : https://uomus.edu.iq/ElearnImportance.aspx)

### 5-2-1-2 سوودەکانی بەکارهێنانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی:

خوێندنی ئەلیکترۆنی سوودی زۆر پێشکەش دەکا، ئەمەش وای لێ دەکا جێگای خوێندنە باوەکە بگرێتەوە کە بریتیین لە:-

1-خوێندنی ئەلیکترۆنی، هاوکارە بۆ خستنەڕوی هەلی خوێندن بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا، بەبێ ڕەچاو کردنی جیاوازی تەمەن، هەروەها هەموو کەس و هەموو تەمەنێکیش دەتوانێ

سوود لەو خولانە ببینێ، کە دەخرێنە ڕوو لە ڕێگای ئەنتەرنێتەوە، تاوەکو کارامەیی بەدەست بێنن بەبێ بوونی هیچ کۆت و بەندێکی قوتابخانە باوەکان.

2-خوێندنی ئەلیکترۆنی لە هەموو جێگاو لە هەموو کاتێکدا بەردەستە بە پێی توانای خوێندکار بۆ دەست کەوتی خویندنەکەی. تەنانەت کەسەکان ئەتوانن هەرکاتێک بیانەوێ وە هەر کات بۆیان گونجا بخوێنن بۆ فێربوونی زیاتر بەکەمترین کات بە فیرۆچوون.

3-یارمەتی کەمکردنەوەی تێچووی خوێندن دەدات، کاردەکا بۆ کەم کردنەوەی، کە پێویستی بە دامەزراوەی تایبەت و دروست کردنی پۆلی نوێ نییە بۆ ئەنجامدانی خول و سیمیناری خوێندن. هەروەها پێویست ناکا بڕۆین بۆ دامەزراوە پەروەردەییەکان، ئەمەش ئەبێتە هۆی نەمانی تێچووی هاتوچۆ.

4-نەهێشتنی بیرۆکەی کارلێکردنی نێوان خوێندکاران و بە فێرۆچونی کات بە قسەکردنی نێوانیان و پرسیارکردن. بەمەش تاک زۆرترین زانیاری فێردەبێت بەبێ بوونی هیچ دواخستنێک. ئەمەش وادەکا، کە خوێندنێکی ڕێک وپێک و بێلایەن ئە نجام بدرێ، کە ئەبێتە هۆی ئەوەی خوێندکار ناوەرۆکی کە سێتی خوێندن و فێربوونی هەبێت. هەروەها یارمەتی خوێندکاران ئەدا، تا سەربەخۆبن و هاندەریان دەبێت، تاوەکو پشت بەخۆیان ببەستن .

5-هاوکارە بۆ گەشە کردنی بیرو هۆش و دەوڵەمەندکردنی پرۆسەی خوێندن .

6-خوێندنی ئەلیکترۆنی، ئەبێتە هۆی خستنەڕووی ڕۆشنبیری نوێ. ئەمەش ڕۆشنبیرییەکی تەکنەلۆجییە، کە سەرنج دەخاتە سەر چارەسەرکردنی زانیارییەکان. لەم جۆرە ڕۆشنبییرییەدا خوێندکار دەتوانێت کۆنترۆڵی خوێندنەکەی بکا لە ڕێگەی بنیاتنانی جیهانێک، کە تایبەت بێت بەخۆی، کە کاتێک کارلێک ئەکا لەگەڵ ئەو ژینگە جیاوازە ئەلیکترۆنیانەی، کە بەردەستە، ئەمەش لەگەڵ تیۆری پەروەردەی بونیادگەرایییدا یەکدەگرێتەوە .

7-هەڵسەنگاندنی تاقیکردنەوەکان بە شێوەیەکی بێلایەن، وە وردی لە بەدواداچون بۆ دەست کەوتی خویندکارەکان و تۆمارکردنی چالاکیەکانیان لە سەر ئینتەرنێت.

8-ئەم شێوەیە بە هاوڕێی ژینگە دادەنرێت، بە ڕەچاوکردنی ئەوەی، کە پێوسیتی بە پێنووس و پەڕە، یان هەر جۆرێکیان نییە، کە لە کاتی لەناو بردنیان زیان لە ژینگە بدات.

(سالم،2004 :295) و ( Justin Ferriman، 2014:https://www.learndash.com )

( Marika Samarati، 2016:https://www.itgovernance.co.uk )

### 6-2-1-2 پاساوەکانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی :

پاساو زۆر هەن بۆ وەرگرتنی پرۆگرامی ئەلیکترۆنی، کە (الموسی، 2002) بەم شێوازە دیاری کردوون :-

أ) پاساوەناوخۆییەکان :

- گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی .
- بوونی ژمارەی زۆری خوێندکاران، کە لە پرۆسەی پەروەردەدا ناو تۆمار دەکەن .
- خواست و داواکاری زۆر بۆ خوێندن .
- وەڵامدانەوە بە تایبەتمەندییەکانی سەردەم .
- کرانەوەی بەڕووی جیهاندا .

ب) پاساوە جیهانییەکان :

جیهانی زانست، وەک گوندێکی جیهانی لێهاتووە، کەگرێ دراون پێکەوە و بەدواداچوون پێویستە بۆ پێشهاتە جیهانییەکان بۆ ئەوەی لەگەڵ سەردەمدا بگونجێت، پاساوە جیهانییەکانیش بەم شێوەیەن:-

- وێنەی پەیوەندییە جیهانییەکان .
- تەقینەوەی ڕۆشنبیریی .
- جیهانگیریی .
- بڵاوبونەوەی تەکنەلۆجیای زانیاری .

ت) پاساوە زانستییەکان :

- پێشنیارەکانی ڕێکخراوە پەروەردەییە نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکان .
- ئەنجامی توێژینەوەکان .
- پێویستی ئامادە کردنی خوێندکار بۆ سەردەمی زانست و زانیاری .

(الموسی، 2002: 246-247) .

## 7-2-1-2 ڕۆڵی مامۆستا لە فێرکردنی ئەلیکترۆنیدا:-

بۆ سەرکەوتنی خوێندنی ئەلیکترۆنی پێویستمان بە کۆمەڵێک داواکارییە ، بەڵام کێبڕکێی سەرەکی پێویستی بە توانای مامۆستایە لە بەکارهێنانی ئامراز و سیستەم و بەرنامەکانیدا، ئەمەش پێویستی بە گرنگی گەشەکردنی تواناکانی هەیە تیایاندا ، وە دانانی میکانیزمی پشتگیری پێویست بۆیان. هەروەها پشت بە بەکارهێنانێکی کاریگەری خوێندنی ئەلیکترۆنی دەبەستێ لەسەر هاندانی مامۆستاکان و پاڵنەرەکانیان. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ، کەبە خوێندنی ئەلیکترۆنی ڕۆڵی مامۆستا نامێنێ ، بەڵکو گرنگتر و ئاڵۆزتر دەبێت. مامۆستا لە خوێندنی ئەلیکترۆنیدا بەم شێوەیەیە:-

1-کەسێکی هەڵکەوتووە، کە توانایەکی گەورەی هەیە و پڕۆسەی پەروەردە بەلێهاتوویی بەڕێوەدەبات.

2-پیشەکەی لەبەر ڕۆشنایی فێربوونی ئەلیکترۆنیدا بووەتە تێکەڵەیەک لە ئەرکەکانی سەرکردە و بەڕێوەبەری پڕۆژەی توێژینەوە و ڕەخنەگر و ڕاهێنەر و ڕێبەر و ئاسانکاری پڕۆسەی خوێندن.

3-پلان دانانی پڕۆسەی پەروەردەیی و ئامادەکردن و دیزاین کردنی و پێدانی هەل بە خوێندکار، تاوەکو ئاشنابن بە ئامرازە ئەلکترۆنییەکان و چۆنیەتی بەکارهێنانی لە خوێندندا، وە سەرنجدان لەسەر بەدەست هێنانی کارامەیی توێژینەوە و خوێندن و فێرکردنی کەسی و پەیوەندی کردن.

4-دەرکردنی ئەو بڕیارە پەروەردەییانە، کە پەیوەستە بە خوێندنەوە ، وە تێکەڵکردنی لە چالاکیە جۆراو جۆرەکاندا، کە دەبێتەهۆی گەشەکردنی بەهرەکانیان و تەقینەوەی وزەی ناویان. ئەمەش وا دەکات ببنە خاوەن کەسایەتییەکی پێگەیشتوو . (السلمي، 2022: 54).

وەک دەبینین، مامۆستایان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە سەرکەوتنی خوێندنی ئەلیکترۆنی لە قوتابخانەکاندا و پاڵنەرەکانیان بەرەو بەکارهێنانی لە پەروەردەدا فاکتەری سەرەکی و کاریگەرە تیایاندا. هەروەها مامۆستایان لەم ڕوەوە بەگرِوتینێکی زۆرەوە کاردەکەن، تاکو ئاستەکانیان گەشە بکا وسوود وەرگرن لە بەکارهێنانیان، بۆیە دەبێت هەمیشە کاربکرێت بۆ بەرزکردنەوەی تواناکانی مامۆستایان لە خوێندنی ئەلیکترۆنیدا لە ڕێگای پاڵنەرو گۆڕانکاری لە کارامەییەکانیاندا وە پێشکەش کردنی پاڵشتی و پێدانی هەلی بەکارهێنان پێیان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی سوود لەم بەکارهێنانەدا .

. (Uluyl & Sahin, 2016: 65-66)

دەتوانرێ ڕۆڵی مامۆستا لە خوێندنی ئەلیکترۆنیدا بەپێی ڕای( التودري ، 2004) بەم شێوەیە کورت بکرێتەوە:-

1-دیزاینی فێرکاری، بریتییە لە پلاندانان و بنیاتنان و پەرەپێدانی فێرکردن. واتە مامۆستا ڕۆڵی لە هەڵبژاردن و دیزاینکردنی هەموو چالاکییەکانی فێرکارییدا هەیە.
2-بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا بە شێوەیەکی کاریگەر لە کاتی وانەوتنەوەدا لەلایەن مامۆستاوە.
3-هاندان و کارلێکی خوێندکاران بۆ بەدەستهێنانی زانیاری جیاواز و نوێ لە بابەتە جیاجیاکاندا.
4-ڕێنمایی و فێرکردنی خوێندکاران لەسەر چۆنیەتی بەدەستهێنانی زانیاری و هاوکاری لەگەڵ مامۆستایانی تر بۆ پێکهێنانی تیمێکی کاری هاوبەش لەگەڵیان.
5-پەرەپێدان بە خوێندنی خودی (التعلم الذاتي).
6-دیزاین کردنی خولە ئەلیکترۆنییەکان.
7-دامەزراندنی ئیمێڵ بۆدیاری کردنی بابەتی خوێندن.
8- دامەزراندنی تۆڕێکی زانیاری نێودەوڵەتی.
9-ئامادەکردن و دیزاینکردن و بڵاوکردنەوەی بابەتە پەروەردەییەکان.

(التودري، 2001: 177-190) .

دەتوانین بڵێین مامۆستا ڕۆڵێکی باشی هەیە لەبەرەو پێش بردنی فێرکردنی ئەلیکترۆنی ئەویش بە گرنگی پێدان و بەکارهێنانی ئامێرەکانی تەکنەلۆژیای سەردەم بۆ سەرخستن وبەرەو پێش بردنی وانەکان و هاندانی خوێندکاران بۆ بەردەوام بوون لەسەر خوێندن بۆ وەرگرتنی زانیاری جۆراوجۆر لەهەموو بابەتەکان.

### 2-1-2-8 ڕۆڵی خوێندکار لە کاتی بەکارهێنانی فێرکردنی ئەلیکترۆنیدا:-

ڕۆڵی خوێندکار لەم بوارەدا ڕۆڵێکی کاریگەرو چالاکە و هیچ بابەتێکی نەرێنی تیانییە، چونکە خوێندکار دانانیشێ مامۆستاکەی چی زانیارییەکی خستەڕوو ئەویش وەریبگرێ، بەڵکو بەشدار دەبێت لە پرۆسەی پەروەردەدا، بەوەش پرۆسەی تاکگەرایی پەروەردە دێتە ئاراوە، کەتیایدا ئەو خوێندکارەی، کە پرۆگرامی پەروەردەیی وەردەگرێت لە شێوەی تاکگەرای خوێندن لە ڕێگەی کۆمپیوتەر، یان هەر سەرچاوەیەک لە سەرچاوەکانی تر، ئەوە بەداینەمۆی پرۆسەی پەروەردە دادەنرێت. خوێندن لەبەر ڕۆشنایی پەروەردەی ئەلیکترۆنیدا جیاوازی تاکەکەسی لە نێوان

خوێندکارەکاندا لەبەرچاو دەگرێت، بۆیە خوێندکار بە پێی ئەو توانا و کارامەییە تایبەتییانەی، کەهەیەتی بەردەوام دەبێت. (التميمي، 2006: 47)

دیارترین ڕۆڵی خوێندکار لە خوێندنی ئەلیکترۆنیدا بریتین لە:

1-وەرگرتن و تۆمارکردنی ئەو زانیارییانەی، کە لە پرۆگرام و کتێبی خوێندندا هەن.
2-تۆمارکردنی زانیارییەکان لە مێشکدا، تا لەکاتی تاقیکردنەوەکاندا بخرێنەڕوو.
3-گوێگرو وەرگری بابەت و زانیارییەکان بێت.

ڕۆڵی خوێندکار لە خوێندنی ئەلیکترۆنی لەلای الردادي (2008) بەم شێوەیە بوو:-

1- خوێندکار چالاک و کاریگەرە، چونکە بەشدارە لە پرۆسەی پەروەردەدا وە ئەو تەنها گوێگری ئەو زانیاریانە نییە، کە مامۆستا پێی دەبەخشێت.
2- خوێندکار بەپێی ئەو تواناو کارامەییە تایبەتەی کە هەیەتی بەردەوام دەبێت، و خوێندنی ئەلیکترۆنی جیاوازییە تاکە کەسیەکان لەبەرچاو دەگرێت.
3-بەشداری کردنی کاریگەرە لەپێگە پەروەردەییەکاندا. (الردادي: 2008: 23)

لە بابەتەکانی پێشوەوە بۆمان دەرکەوت، کە ئەتوانین بڵێین خوێندکار داینەمۆی پرۆسەی پەروەردەییە لە خوێندنی ئەلیکترۆنیدا.

بۆ ئەوەی ئامانجەکانی پەروەردە بەشێوەیەکی گشتگیر بە دەست بهێنرێت، پێویستە مامۆستا و خوێندکار پەنا بۆ بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای پەروەردەیی ببەن. ئەوانەی، کە خوێندکار بە داینەمۆی پرۆسەی پەروەردە دادەنێن، کۆمەڵێ بابەتی بنچینەیی هەیە کە ئەو کەسانەی لە بواری پەروەردە کاردەکەن و پسپۆڕی دەروونین کۆکن لەسەری، کە ئەتوانرێ بەدەست بهێنرێ لە ڕێگەی بەکارهێنانی بەرنامە پەروەردەییەکان و تەکنەلۆجیای پەروەردەیی، کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:-

1-پێویستە خوێندکار خۆی فێربکا لە ڕێگەی کارکردن و پەروەدەکردن و خوێندنی کەسێتی خۆیەوە.
2-هەموو خوێندکارێک بە پێی تواناو تایبەتمەندی و خێرایی و وەرگرتنی خۆی فێردەبێت، وە جیاوازییەکی گەورە دەبینین لەنێوان ڕێژەی فێربوونی خوێندکاران بەشێوەیەکی جیاواز لە ڕێگەی بەکارهێنانی بەرنامە جۆراو جۆرەکانی پەروەردەی خوێندنەوە.

3- خوێندکار کاتێک، کە بابەتی خوێندن ڕێکدەخات ئەزموون و لێهاتووییەکی زیاتر فێر دەبێت وە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ هەموو هەنگاوەکانی پێش دەخات لە ڕێگەی فیدباک و بەرنامەی خوێندنی بۆداڕێژراوەوە.

4-پێوسیتە خوێندکار هەموو هەنگاوەکانی بە شێوەیەکی تەواو و ڕێک لەبەربکات، پێش ئەوەی بچێتە سەر هەنگاوی داهاتوو کە لێهاتووی فێربوونە.

پاڵنەرەکانی خوێندکار زیاد دەکا بەرەو فێربوون لەو کاتەی کە هەلی بۆ ڕێک دەکەویَ، کە ببیَ بە بەرپرسی خۆی بۆ فێربوون و پێشکەوتن و باوەڕ بەخۆبون. ئەمەش ڕونە کە هەموو بەرنامە تەکنەلۆجییەکان ئامانجیانە، کەبگەن بەم خاڵە.

ئیدی بەم شێوەیە دەتوانین وەسفی هەڵوێستی خوێندکار بکەین وەک چالاک، بەشداری کەر، کاریگەر لە هەڵوێستی خوێندنی پەروەردەیی، شارەزا بێت لە پرۆسەی خوێندن لە ڕووی دەروونییەوە ئاسوودەبێت بۆ ئەوەی هەست نەکات مامۆستا بە هێواشی دەڕوات و چالاکی و حەماسەت و ئارەزووی لەدەست نەدات، تاوەکو شوێن ئەو شتانە بکەوێت، کە پێی دەوتری و وەریدەگرێت. گۆڕانکاری ڕوویدا لە ڕۆڵی خوێندکار لە ئەنجامی دەرکەوتنی گۆڕانکاریە تەکنەلۆجییەکان، کە تەنها وەک گوێگرو نەرێنی نەما، بەڵکو چالاک و کاریگەر بوو بەشیوەیەکی ئەرێنی وە بووە هۆی ئەوەی کە خوێندن بە وردی سەرنج بخاتە سەر خوێندکار، نەک مامۆستا.

سیفەتە کەسییەکان و داواکراوە تایبەتییەکانی خوێندکار لە پرۆگرامی خوێندنی ئەلکترۆنیدا بەم شیوەیەی خوارەوەیە:-

- پاڵنەر .
- باوەڕبوون بەخۆت.
- بەردەوام بوون.
- پابەند بوون.
- کارامەیی لە خوێندنەوە.
- کارامەیی لە نووسین.
- کارامەیی لە کۆمپیوتەر.
- کارامەیی لە تەکنەلۆجیاو زانیاری.
- کارامەیی لەتوانای پەیوەندیکردنی کاریگەر.

- کارامەیی لە بەڕێوەبردنی کاتدا.
- توانای هەڵگرتنی بەرپرسیاریتی خوێندن.
- کارامەیی لە خوێندنەوە و ڕەخنەگرتن.
- کارامەیی لە گەڕاندنەوەی زانیارییەکان.
- کارامەیی لە تۆمارکردنی زانیارییە کاریگەرەکان.
- مامەڵەکردن لەگەڵ سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان.
- لێهاتوویی لە توێژینەوە.
- دەرکردنی بڕیارە پەروەردەییەکان.
- هەمەجۆری لە خوێندن بەپێی جیاوازی تاکەکەسی خوێندکاران.
- خۆ هەڵسەنگاندن.
- پلان دانان.

( رضا،2013: https://sites.google.com/site )

## 2-1-2-9 ڕێگاکانی وانەوتنەوە لە فێرکردنی ئەلیکترۆنیدا:

زۆر شێواز وڕێگای گرنگی فێرکردنی کۆمپیوتەر و ئامێرەکانی ئەلیکترۆنی دەردەکەون لەگەڵ دەرکەوتنی کۆمپیوتەر و سەردەمی تەکنەلۆجیاو زانیاری و شیوازی فێربووندا، کەئەم دەستەواژەیە بریتیەلە کۆمەڵێ هەنگاو و کردار و پراکتیکە مەبەستدارەکان، کە مامۆستا لەگەڵ خوێندکاراندا دەیانکات بەئامانجی ئەوەی بەکەمترین ماوەو کەمترین تێچوون و کەمترین کات و ماندووبون بەدەستی بێنن. (شاهین،2014: 55)، واتە، ئەتوانرێ بەو شێوەیە وانە بڵێتەوە، کە گونجاوە بۆ خوێندکارەکان، هەندێکیان لەگەڵ شێوازی بینراودا دەگونجێن، هەندێکی تریان شێوازی گوێگرتن و خوێندنەوەیان بۆ گونجاوە، وەهەندێکی تریشیان شێوازی کرداریان بەلاوە گونجاوە، فێرکردنی ئەلیکترۆنی و سەرچاوەکانی ڕێگەبە بەکارهێنانی سەرچاوەکان دەدەن بە چەندین شێوەی جیاواز، ڕێگە بە دەستکاریکردن دەدات بەپێی ئەو شێوازەی کە باشترین و گونجاوترینە بۆ خوێندکار. (الموسی،2003: 56).

دیارترین ڕێگاکانی فێرکردن کەلە خوێندنی ئەلیکترۆنی وکۆمپیوتەردا بەکاردەهێنرێت، بەم شێوەیەن:-

1- ڕێگای چارەسەرکردنی کێشەکان: ریگایەکە لەسەر بنەمای چالاکییەکانی خوێندکارە، وە ڕێگەیەکە بۆ دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ ئەو کێشانەی خوێندکار کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، ئەم ڕێگایە ئامانجێتی، کە سەرنج بخاتە سە ر ئەو پڕۆسانەی کە ئەیانکات، تاوەکو زیاتر لەوەی کە ئەیزانن فێرببن. لەگەڵ هاندانی بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان و کۆکردنەوەی زانیارییەکان و لێکدانەوە و گشتاندنی ئەنجامەکان، کە چەندین شێوازی بیرکردنەوە بەکاردەهێنرێت، تاوەکو لە کاتی تردا سوودی لێ وەرگرن. (قطيط و سمير، 2009: 101)

2-ڕێگای وتاری (گەیاندن): وانەوتنەوە بەشێوەی وتاری دادەنرێت بە ڕێگایەک بۆ پێشکەش کردنی زانیاری و ڕاستییەکان لەڕێگەی خستنەڕووی فایلە دەنگ و ڕەنگەکانەوە، یان ئەو فایلانەی کە نووسراویان تێدایە، یان لە ڕێگەی پیشاندانی بە ئامێرەکان بە شێوەیەکی میدیایی، وەک Flash Power Point، کەلە ماوەی خولەکەدا دەخرێتە بەردەستی خوێندکار بۆ ئەوەی بتوانرێت دایبەزێنێت و گوێی لێبگرێت و سەیری بکا لە هەرکاتێکدا، کەبیەوێ. هەروەها لەوانەیە وتارەکە چەند لینکێکی پەیوەست بە بابەتەکەی وانەکە لەخۆبگرێت. وە ستراتیژی وتارەکە لەژینگە جیاوازەکانی خوێندنی ئەلیکترۆنیدا جێبەجێ دەکرێت لەڕێگەی هەندێ لەو فایلانەی، کە بابەتی وانەکە دەخاتەڕوو بە چەندین ڕێگای جیاواز. ئەم فایلانە بە هەموو جۆرەکانیەوە لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە بەجۆرێک دادەبەزێنرێت، کەلەکاتی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و ئیش پێکردنیدا دووبارە دەتوانین سوودی لێوەربگرینەوە.

(عزمي، 2008: 413-414 )

3-ڕێگای دۆزینەوەی ڕێنماییکراو: شێوازێکی پەروەردەییە بۆ خوێندکاران، کە ڕێنمایی و ئاڕاستە دەکرێن لەڕێگەی قوتابخانەکەیانەوە ، کەتیایدا دوو جۆرە بیرکردنەوە ئەخاتە ڕوو، ئەوانیش: بیرکردنەوەی شیکاری و زانستی و بیرکردنەوەی ژیرانەیە.

(عفانة و آخرين، 2013: 71)

4- ڕێگای ڕاپرسی ئاڕاستەکراو: لەسەر بنەمای پڕۆسەی دەروونی و پراکتیکی دامەزراوە، کە خوێندکار بەرەو چارەسەرکردنی کێشەکانیان دەبات و بەزۆر پرۆسەی تریشدا تێدەپەڕیت، کەبە دیاری کردنی کێشەکە دەست پێدەکات و دواتر کردنی هەندێ تاقیکردنەوە و ئەنجامدانی

هەندێ پرۆسەی زانستی تری، وەک پێوانە و ئەنجامەکان، کەبە بەدەست هێنانی ئامانجانەکانی کۆتایی دێ، کە پێویستن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان. (یوسف، 2016: 50-51)

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە دەتوانرێت زۆر شێوازو ڕێگای وانەوتنەوە بەکاربهێنرێت لەکاتی بەکارهێنانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی کە ئەمەش سوودی زۆری هەیە بۆ تێگەیشتنی خوێندکار لەبابەتەکان، هەروەها خوێندکار فێردەکات کە بۆ کۆنترۆڵکردنی بابەتەکان وتێگەیشتن لێیان پشت بەخۆی ببەستێت وە بەکەمترین کات وماوە وانەکەی بخوێنێت کە شێوازی بینراو و بیستراو باشترینیانە، وەهەروەها لەهەر کاتێکدا بێت دەتوانێت وانەکەشی دووبارە بکاتەوە.

## 2-1-2-10 ژینگەی پەروەردەیی لەفێرکردنی ئەلیکترۆنیدا:

ژینگەی پەروەردەیی، سەرجەم توخم و پێکهاتەکانی مرۆڤ و ئامادەسازییە مادییە پێویستییەکان دەگرێتەوە بۆ ئەنجامدانی چالاکیەکانی پەروەردە و خوێندن کە (سلامةوحسین 2005)بەم شێوازە پێناسەی دەکەن: بارودۆخێکی پەروەردەیی وئاسانکارییە، مەبەستی لە ئاسانکاریش واتە ستانداردو ڕێساو یاساکانە. (سلامة وحسين، 2005: 27)، دواتر (زيتون، 2005) وادیاری دەکا، کە لە خوێندنی ئەلیکترۆنیدا دوو جۆر ژینگەمان هەیە ئەوانیش، بریتین لە:-

1- ژینگەڕاستەقینەکان Real Environment: مەبەست لەوشوێنانەی خوێندنەکەیە، کە بە کرداری و ڕاستی بوونیان هەیە، واتە لە چوارچێوەی بینایەکدا کە دیوارو سەقفی هە بێت و ئامادەکاری مادی بۆ کرابێت لە دابینکردنی (کورسی، مێز، تەختەی نووسین). یەکێک لە دیارترینەکانی ئەم ژینگانە پۆل وهۆڵەکانی وانەوتنەوە، وتاقیگەی کۆمپیوتەر و پۆلەزیرەکەکان و کتێبخانەی قوتابخانە و زانکۆ وناوەندەکانی سەرچاوەی فێربوون وە هۆڵەکانی ڕاهێنان کردن.
2- ژینگەدروستکراوەکان Virual Environment : ئەوانە ژینگەیەکی هاوشێوەی ڕاستین، کەلەلایەن پرۆگرام وئامرازەکانیانەوە دروستکراون، کەوەک ڕاستەقینە بەکاردێن. ئەم ژینگانە لە کۆمەڵێ ماڵپەری دیاری کراو لەیەکێک لە تۆڕەکان بوونیان هەیە، وەک (تۆڕی ئینتەرنێت) کە پۆلی دروستکراو و تاقیگەی دروستکراوی تێدایە. (زيتون، 2005: 143)

ژینگەی پەروەردەیی لە خوێندنی ئەلکترۆنیدا، کە وەک (الغزو 2004) ئاماژەی پێدا، ئەبێت کۆمەڵێک تایبەتمەندی هەبێت ئەوانیش، بریتین لە:-

1- پێویستە مەبەستدارو ڕێکخراوبێت وئامانجەکانی ڕوون بێت.
2- پێویستە ژینگەیەکی هاوبەش بێت، کە تیایدا خوێندکاران دەگۆڕدرێن بۆ گروپی فێرکاری بچووک.
3- پێویستە ژینگەیەکی چالاک بێت، کە خوێندکاران بەشدار بن لەکارە جۆراو جۆرەکاندا.
4- پێویستە ژینگەیەکی بنیاتنەربێت، کە تیایدا ڕێبدرێ بیرۆکەی نوێ بخرێتە سەر زانیارو ڕۆشنبیرەییەکانی پێشووتر و دەوڵەمەندیان بکات.
5- پێویستە گرێدراوبێت بە ژینگەی ڕاستەقینەوە و ئەو پرۆگرامانەی کەلە ڕێگەیەوە فێردەبن، وایان لێدەکات لە واقیع و ڕاستییەکان تێبگەن. (الغزو، 2004: 157) .

سەبارەت بە سالم(2004)کە دەڵیت:- ژینگەی پەروەردەیی پێکهاتەیەکی بنەڕەتییە لە ژینگەی خوێندنی ئەلیکترۆنی وسێرڤەر و وێستگەکانی کارکردن و هێڵی ئینتەرنێتدا، کە پێویستە لەلایەن دەستەیەکی تەکنیکی شارەزاوە ئەنجام بدرێت. (سالم، 2004: 301)

## 2-1-2-11 شێوازەکانی هەڵسەنگاندن لە فێرکردنی ئەلیکترۆنیدا :

لەگەڵ بڵاوبونەوەی پەتای کۆرۆنا لە سەرانسەری جیهاندا، کە بووە هۆی پەیدابوونی چەندین بەرنامەی جۆراو جۆری ئەلیکترۆنی و بەکارهێنانیان بۆ بابەتەکانی پەروەردە و خوێندن، وا پێویست بوو کە بیربکرێتەوە و بگەڕێن بۆ ئەو ئامرازانەی، کە پێویستن بۆ بەهێزکردنی ئەو بابەتە ئەلیکترۆنیانەی کە گونجاون بۆ پرۆسەی خوێندن، تا ببن بە جێگرەوەی خوێندنە ڕووبەڕووە ئاساییەکە .

لەو ڕووەشەوە، چەندین پێناسەی جۆراو جۆر هەن، کە بۆ بەهێزکردنی خوێندنی ئەلیکترۆنی ئەتوانین لە تۆڕەکانی ئینتەرنێتدا پێیان بگەین و پەنایان بۆ ببەین، بەمەبەستی بەکارهێنانی بەرنامەی پەروەردەیی کۆمپیوتەریی، کە تاقیکردنەوەکانی تێدا ئەنجام دەدرێت و چالاکییە هەمە جۆرەکانی پۆل و دەرەوەی پۆل، مامۆستا دەتوانێ لەڕێگەی ئەلیکترۆنییەوە کارلێکی لەگەڵدا بکا. تەنانەت مامۆستا ڕاستەوخۆ وەڵامدانەوەی بۆ خوێندکار دەبێت، ئەمەش بۆ بڕیاردان لە سەر ئەدا و ڕادەی وەرگرتنی زانیارییەکانی و کارامەییەکان لە بابەتە جۆراو جۆرەکانی خوێندندا.

هۆکارەکانی بەهێزکردنی خوێندنی ئەلیکترۆنی هەمەجۆرن لەوانە: فایلی دەست کەوتەکان، تاقیکردنەوە و ئەرکی ئەلیکترۆنی، نەخشە ئەلکترۆنیەکان، ئەرک و کاتە دیاریکراوەکان، هەڵسەنگاندن بە بەکارهێنانی هاوتەمەنییە جیاوازەکان، بەکارهێنانی پرسیار نامەی (ڕاپرسی) ئەلیکترۆنی و خستنەڕووی پرسیارو تاقیکردنەوە کەسییەکان .

گرنگترین تایبەتمەندییەکانی هەڵسەنگاندنی ئەلیکترۆنی بەم شێوەیەیە:- خوێندکاران هەڵسەنگاندنی ئەلیکترۆنیان لا پەسەندە، چونکە دەتوانن کۆنترۆڵی زیاتریان هەبێت لەسەر ڕووکارەکان و ئەو هاوشێوە کردنانەی کە لەگەڵ ژینگەی خوێندن و چالاکییە جۆراو جۆرەکانیدا دەگونجێت. هەروەها خێرایەو بەکارهێنانی ئاسانە، هەڵسەنگاندنی ئەلیکترۆنی کاردانەوەی ڕاستەوخۆی هەیە بەراورد بە تاقیکردنەوەی سەر کاغەز و هاوکارە بۆ باشترکردنی ئاستی خوێندن و کاردەکا بۆ زیاتر هاندانی خوێندکاران بۆ باشترکردنی ئەدایان. هەروەها بۆ ئەو مەبەستەش ئەتوانین چەندین ڕێگاو شێوازی جیاجیای هەڵسەنگاندنی ئەلیکترۆنی بدۆزینەوە، کە گونجاوو هاوشان بێت لەگەڵ بڵاوبوونەوە و تازەگەری و بەردەوامی ڕۆشنبیری و زانست بۆ فێربوون.

شایەنی باسە، هەڵسەنگاندنی ئەلیکترۆنی، تادێت گرنگی زیاترو زیاتر دەبێت، چونکە ڕەچاوی کات و ماندوویێتی مامۆستاکان دەکات و بەهۆیەوە دەتوانن تاقیکردنەوەی خوێندکاران بکەن و باری کارکەم بکەنەوە، جگەلەوەش ئەتوانرێ لە دیاری کردنی کێشەکانی فێربووندا ئاسانکاری بۆ ئامادەکاری ڕاپۆرتەکان وپەیوەندییان لەگەل خوێندکاراندا بکەن. ئیدی بەم شیوەیەش دەتوانرێت چەندین شێوازی هەڵسەنگاندنی ئەلیکترۆنی جێبەجێ بکرێت، کە تیایدا بە ڕوونی ئاستی ئەدای خوێندکاران بۆ مامۆستا ڕەنگدانەوەی دەبێت.

هەروەها ئەتوانرێت هەڵسەنگاندنی ئەلیکترۆنی لە خوێندندا جێبەجێ بکرێت، کە هەرچەندە ڕووبەڕووی هەندێک بەرهەڵستکاری دەبێتەوە، لەوانە: خوێندکار سەرەتا پێویستی بە ڕاهێنانە، تاوەکو ئاشنابێت بە هەڵسەنگاندن بەشێوازی ئەلیکترۆنی. هەروەها دەستگەشتن بە کۆمپیوتەرو ئینتەرنیت بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە لەسەر دامەزراوە پەروەردەییەکان پێویستە، کە چەندین تاقیگەی ئامادەکراو دروست بکەن لەگەڵ بوونی هێڵی ئینتەرنێت، تاوەکو خوێندکار بەشداری تیادا بکەن. (عبدالفتاح، 2021: http://education.arab.macam.ac.il/article/1761)

لە ڕاستیدا، شێوازەکانی هەڵسەنگاندن گرنگییەکی تایبەتی پێ دەدرێت لەلایەن توێژەران و گەشە پێدەرانی بەرنامە جیاوازەکانەوە وەک ( البیداغوجین )، کە بە داینەمۆی بنەڕەتی دادەنرێت بۆ هەست

کردن و ئاشنابوونی خویندکارەکان، تاوەکو بزانن، تا چەند دەتوانن وەربیگرن و تاچەند دەتوانێت داواکاری و پێویستیەکانیان جێبەجی بکا بە پێی تواناو کارامەیی خۆیان بە تایبەت لە ژینگەیەکدا، کە تایبەتمەندە بە تاکگەرایی و نەبوونی مامۆستاوە، تەنانەت شێوازەکانی هەڵسەنگاندن بە چەندین هاوواتا ناودەبرێن، گرنگترینیان بریتین لە تاقیکردنەوەی هەڵسەنگاندن، هەڵسەنگاندنی ئەلیکترۆنی، هەڵسەنگاندنی کۆمپیوتەر و هەڵسەنگاندن لە ڕێگەی تۆڕەکانەوە و هەریەکە لە Wang و Shin پێناسە یان کردووە بەوەی، کە ( کۆپییەکی هاوشێوەی تاقیکردنەوە ئاساییەکانی سەر کاغەزە، کە لە ڕێگەی کۆمپیوتەرەوە ئەنجام دەدرێ و خوێندکار ڕاستەوخۆ پرسیارەکان لە کۆمپیوتەرەوە دەخوێنێتەوە و لە ڕێگەی ئامرازەکانی کۆمپیوتەرەوە وەڵام دەداتەوە، وەک (ماوس، کیبۆرد، شاشەی کۆمپیوتەرەکە). (تيتيلة وآخرون، 2018: 67) .

**هەروەها** (عبدالحميد )یش بەم شێوەیە پێناسەی دەکا بەوەی، کە ( پرۆسەیەکی پەروەردەیی بەردەوام و ڕیکخراوە، کە ئامانجی هەڵسەنگاندنی ئەدای خوێندکارەکانە بە بەکارهێنانی تۆڕە ئەلیکترۆنییەکان و ئینتەرنێت ). جێی ئاماژەیە لە پێناسەکانی پێشوودا ئەوەمان بۆ دەرکەوت، کە شیوازەکانی هەڵسەنگاندنی ئەلیکترۆنی، لەوانەیە پشت بە تۆڕەکانی ئینتەرنێت ببەستێ، هەروەک چۆن، کەلە وانەیە پێویستی بە کۆمپیوتەربێت بۆ ئامادەبوونی کرداری خوێندکار. هەروەها پلاتفۆرمی خوێندنی ئەلیکترۆنی Moodle پشت بە نمونەی یەکەم دەبەستێت، کە ئەم شێوازانە تایبەتمەندە بە بێلایەنی و بابەتی و ڕوونی، جگە لە ڕێژەیەکی بەرزی متمانەپێکراوی جێگیر، کۆنترۆڵکردنی کاتی پرسیارەکان بە شێوەیەکی جیاجیا. و ڕاست و دروستی لە چاککردنەوە بە کەمترین هەڵە. و تێگەشتن لە هەڵەکان و ئاسانکاری لە بەکارهێنان و پاراستن و هەڵبژاردنی شێوازی نووسین و پێوانی دەستکەوتی پەروەردەیی و ماوەی سەرکەوتنیدا.

(بدوي،2017: https://platform.almanhal.com/Reader/Article/54448)

شیوازەکانی هەڵسەنگاندن بەسەر دووجۆردا دابەش دەبێت ئەوانیش، بریتین لە:-

یەکەم: تاقیکردنەوەکانی هەڵسەنگاندن (بەهێزکردن): ئەم جۆرەش لە بەرامبەردا دابەش دەبێت بەسەر پرسیارە نووسراوەکاندا، کە خوێندکار وەڵامیان دەداتەوە و ئەیان نێرێ بۆ مامۆستاکەی، تاوەکو هەڵسەنگاندنی بۆ بکا و دواتر ئەیگەرێنێتەوە بۆ خوێندکارەکان و ڕاستەوخۆ بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکا، ئەم جۆرە شێوازەش چەند شێوازێکی تر لەخۆدەگرێت ئەوانیش، وەکو:-

1- پرسیاری فرە هەڵبژاردن.

2-پرسیاری ڕاست و هەڵە.
3-پرسیار لە شێوەی پڕکردنەوەی بۆشایی.
4-ژماردن.
5-داڕشتن.
6- گرێدان (بەیەک گەیاندن).
7- بیخەسەر وێنەیەک و دایبەزێنە.
8-بیخەسەر نووسینێک و دایبەزێنە.
9-وەڵامە کورتەکان.
10- خاڵە گرنگەکان.
11- پرسیاری ڕیزبەندی.

دووەم: چالاکیەکانی هەڵسەنگاندن: پێکدێت لە چالاکییە کارلێککارە جۆراوجۆرەکان، کە یارمەتیدەری خوێندکارانە، تاوەکو خوێندنێکی چالاک بەدەست بهێنێت، لەڕێگەی کارکردن لە شێوەی گروپدا، هەروەها دەتوانرێت لە ڕێگەی پلات فۆرمێکەوە دیاری بکرێ و بەم نەخشە و شێوانەی خوارەوە:- (فەرهەنگ، کاری پێکەوەیی و بنکەی زانیاری).

(تيتيلة وآخرون، 2018: 67-68)

## 3-1-2 بابەتەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان:

بابەتەکانی کۆمەڵایەتی وەک بابەتێکی ئەکادیمی پێشکەوتوو هەژمار دەکرێن، ئەویش بە لەبەر چاوگرتنی پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگا لەتوێژینەوە زانستییەکاندا، دواتر ئەم بابەتانە یەکێکە لە گرنگترین و هەستیارترین بابەتە ئەکادیمییەکان سەبارەت بەوەی، کە لە کۆمەڵگادا چی ڕوودەدا کاتێک کەکێشە و بەرهەڵستکاریەکان سەرهەڵدەدەن؟

لەو ڕووەوە إبراهيم (1990) واباسی دەکا، کە زانستە کۆمەڵایەتیەکان لە مرۆڤ دەکۆڵێتەوە. ئەمەش ماددەیەکی زیندووە، کەلە نزیکەوە پەیوەندی بەهێزی بەو کەسانەوە هەیە، کە فێری دەبن، سروشتی مرۆڤ وادروست بووە، کە کۆمەڵایەتییە و ئەیەوێ بزانێ کە چی لە چواردەوریدا ئەگوزەرێ لە ڕووداو و ڕاستییەکان لەسەر ئاستی ناوخۆیی و جیهانی، تاوەکو ڕووبەڕووی کێشە

جۆراو جۆرەکان ببێتەوە کەلەژیانی ڕۆژانەیدا دێنەپێشی و بتوانێ بەشێوەیەکی دروست لەگەڵ کۆمەڵگاکەیدا بگونجێ و ئەزموونی جۆراو جۆر بەدەست بهێنێ. (إبراهيم، 1990: 3).

سەبارەت بە پێناسەی زانستە کۆمەڵایەتیەکان وتوێژینەوە کۆمەڵایەتیەکان (قطاوي، 2007 )بەم شێوەیە ئەیخاتەڕوو: ئەو بەشەی پرۆگرامی قوتابخانەیە، کە پەیوەندی و کارێلکی کاریگەری هەیە لەگەڵ سروشتی ژینگە مرۆییەکەیدا، وە ئەم بەشە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان دیاری کراوە بۆ بەدەست هێنانی ئامانجە دیاری کراوەکان، کە یارمەتی خوێندکارەکان ئەدا تاوەکو تاکێکی باشیان لێدەرچێ لە کۆمەڵگادا. ئەمەش یارمەتی گەشەسەندنی کۆمەڵگا دەدات لەڕووی ئابووری و نیشتیمانپەروەرییەوە. هەروەها ئەمەش پەیوەستە بە گەشەپێدانی هاووڵاتیبوونی بەرپرسیارانە لەنێو خوێندکاراندا لەڕێگەی زانست و لێهاتوویی و ئاشنابوون بەئاڕاستەکان و بەهاو ڕێگای بیرکردنەوەی گونجاو و پێویست بۆ ئەو تاکە. فێرکردن گرنگی ئەدا بە کارلێکی نێوان مرۆڤەکان و ژینگەی سروشتی ومرۆڤایەتی. خوێندکاران هەوڵ دەدەن دڵنیابن لەکارلێکی نێوان مرۆڤایەتی بۆ دیاریکردنی پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤ و زەوی و یاساو بەهاکان و مرۆڤایەتی.

هەروەها پرۆگرامی خوێندنی کۆمەڵایەتی، یەکێکە لە پرۆگرامە گرنگەکانی قوتابخانە لە قۆناغی ناوەندیدا، کە ڕۆڵێکی گەورە ئەبینێت لە ئامادەکردنی خوێندکار، تاوەکو دڵسۆزبێ بۆ کۆمەڵگاکەی خۆی وکۆی کۆمەڵگەکانی جیهان، کە بەها و بنەماکانی ئیسلام و شارستانیەتییە دێرینەکەی دەپارێزێت لەبەر ڕۆشنایی بنەماو شارستانییەتەکانی کۆمەڵگا جیهانییەکان.

(قطاوي، 2007: 19-20)

## 2-1-3-1 چەمکی زانستە کۆمەڵایەتییەکان:

چەمکی زانستە کۆمەڵایەتییەکان تیگەیشتنێکی گەورەو فراوانی هەیە لەلایەن توێژەرو کەسانی شارەزا وە جیاوازی هەیە لە چۆنیەتی ئەم تێگەیشتنە، هەر بۆیە بۆچوونەکان جیاوازن و زۆر پێناسەشی بۆ دانراوە لەوانە، وەکو:-

بۆنموونە دنیا (1991)واپێناسەی کردووە کە: کۆمەڵێ بڕیاری تایبەت بە خوێندنە و ناوەرۆکەکەی ڕەفتاری کۆمەڵایەتییە، و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان و میرات و ژینگەی مرۆڤ لە خۆدەگرێت. (دنیا، 1991: 13).

هەروەها إبراهيم وأحمد(1995)یش وا پێناسەیان کردووەو دەڵێن: ناوێکە، کە لە قوتابخانەکانماندا بەکاردێت بۆ نیشاندانی کۆمەڵێک بابەتی مێژوو و جوگرافیا و پەروەردەی مەدەنی وکۆمەڵایەتی و ئابووری و لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵگا و فەلسەفە و لۆژیک ودەروونزانی وخوو ڕەوشت. هەروەها مەبەستی لێکۆڵینەوەیە لە مرۆڤ لەڕووی پەیوەندی تاک و گروپەکانیانە لەگەڵ یەکتر، وە لە ڕووی پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤ و دەوروبەرەکەیەوە و ئەو کێشانەی، کە لەبیریان چووە و لە هەموو پەیوەندییەکانیاندا سەرهەڵدەدەن. (إبراهيم وأحمد، 1995: 17).

هەروەها رضوان ومبارک(1995)یش بەم جۆرە پێناسەی چەمکی زانستە کۆمەڵایەتیەکان دەکەن: بەشێکە لە پرۆگرامی قوتابخانە، کە لە بابەتەکانی خوێندن پێکدێت و مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و ئەو پەیوەندییانە دەکات کەتێیدا زاڵن و ڕوونیان دەکاتەوە و چارەسەریان دەکات. (رضوان ومبارک، 1995: 17).

بە پشت بەستن بەو پێناسانەی پێشوو، دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە زانستە کۆمەڵایەتییەکان تەرکیز لەسەر پەیوەندی و ڕەفتاری مرۆڤ و ئەو ئامرازانە دەکەن، کە ئەم پەیوەندی و ڕەفتارانە بە باشترین شێوە دروست دەکەن. هەروەها گرنگی بە لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگا دەدات لە ڕووی پێکهاتەکان و پەیوەندییەکانیەوە، جا لە ڕابردوودا بێت، یان ئێستا یان داهاتوو و ئامانجی پەروەردەکردنی تاکەکانە بۆ بەدەستهێنانی گەشەی کۆمەڵایەتی.

## 2-1-3-2 گرنگی زانستە کۆمەڵایەتییەکان:

گرنگیی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە لێکۆڵینەوەیان لە مرۆڤ و پەیوەندییان بە ژینگە و کۆمەڵگا و توانای دروستبوونی کۆمەڵایەتی تاکەکانەوە سەرچاوە دەگرێت. هەروەها سروشتی وایە کە چارەسەری مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵگا و واقیع و هیوا و ئاوات و کێشە و ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو دەکات. بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لەگرنگترین ئەومادانەن، کەیارمەتی مرۆڤ دەدەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کێشە جۆراوجۆرەکان لەژیانیاندا بۆ ئەوەی بتوانێت خۆی لەگەڵ واقیع و کۆمەڵگاکەی خۆیدا بگونجێنێت. ئەمەش متمانە بەخۆبوون و توانای کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکانی زیاتردەکات، هەروەکو (أبو سريع، 2008) ئاماژەی پێدەکا و دەڵێت پەیوەندییەکی نزیکی بەواقیعی ژیان و دیاردە جۆراوجۆرەکانییەوە هەیە و بوارێکی جۆراوجۆر دروست دەکات، کە یارمەتی گەشەی کۆمەڵایەتی خوازراو دەدات، تاوەکو لە ڕێگەی لایەنە جیاوازەکانی و چالاکییەکەیەکانی پەیوەست بە خوێندنەکەیەوە یارمەتی گەشەی تەواوی خوێندکارەکە بدات. (أبو سريع، 2008: 15).

هەروەها هەریەکە لە عبدالمنعم وعبدالباسط(2006) وا باسی دەکەن و دەڵێن: بابەتە کۆمەڵایەتییەکان سروشتێکی تایبەتیان هەیە بەو پێیەی ڕەهەندە کاتی و فەزاییەکان بەیەکەوە دەبەستنەوە. هەروەها بەهۆی سروشتی کۆمەڵایەتییەوە لە باقی بابەتەکانی تویژینەوەکە جیاکراوەتەوە، وەک لە ناوەکەیدا ڕوونە هەموو ئەمانە وایکرد، کە ژینگەیەکی بەپیت بێت بۆ بەشداریکردن لە ڕۆڵێکی زیاتر لە ئامادەکردنی نەوەیەک لە گەنجان بۆ ئەوەی ببنە تاکێکی نایاب لەو کۆمەڵگایەدا کە تێیدا دەژین. هەروەها ئاشنایان بکات بەواقیعەکانی پێشکەوتنە کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتوورییەکان لە ژینگە شارستانییە جیاوازەکانی ناوکۆمەڵگاکەی خۆیان و لەکۆمەڵگا جیاوازەکانی تردا. (عبدالمنعم وعبدالباسط،2006: 23).

هەر لەو چوارچێوەیەشدا، جامل (2002) گرنگی فێرکردنی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لەم خاڵانەی خوارەوەدیاری دە کات:

1. زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە کێشەکانی ئێستای مرۆڤ و ئەوەی لەڕابردوو ڕووی داوە لەگەڵ ئەو نیشانە و کاریگەریانەی، کەکاردەکەنە سەرئاڕاستە کردن بۆ داهاتوو دەکۆڵێتەوە.
2. کارکردن بۆ پەروەردەکردنی تاک بەپێی ئاڕاستەکردنی دەوڵەت لە دۆزینەوەی هاوڵاتییەکی باش، کە هەست بە بوونی خۆی بکات لە گروپێکدا، کە کارلێکیان دەبێت لە گەڵ یەکتردا.
3. یارمەتیدانی خوێندکاران بۆ فێربوون وئاشنابوون بە زانیاری جوگرافی ناوخۆیی و عەرەبی و جیهانیەکان. هەروەها ئاشنابوون بەسەروەت و سامانی وڵاتەکەیان و وڵاتانی دیکە.
4. خوێندکارەکان بتوانن سەرهەڵدانی نەتەوەی کورد و عەرەب، ئەو هۆکارانە بزانن کە ئامانجە هاوبەشەکانی و پەیوەندییەکانی لەگەڵیدا دیاری دەکەن وتیشک خستنە سەر گرنگی و پێگەی کوردستان و وڵاتانی عەرەبی لەلایەنی ئایینی و سیاسی و ئابووری و فەرهەنگییەوە. (جامل، 2002: 16-17).

هەروەها السکران (2002) بەم شێوەیە باسی لە چەند خاڵێک کرد کە تیشک دەخاتە سەر گرنگی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کە گرنگترینیان ئەمانەن:-

1. زانستە کۆمەڵایەتییەکان سەرچاوەی فێربوونی کۆمەڵایەتی و پەروەردەی کۆمەڵایەتین، کە لە ڕێگەیەوە تاکی خوێندەوار دەتوانێت بچێتە ناو ژیانی کۆمەڵایەتییەوە لە ڕێگەی داب و نەریت و نەریتی کۆمەڵگاکەیەوە.
2. یارمەتیدەرە بۆ ڕۆشنکردنەوە و دانانی خوێندکار لەکات و سەردەمی دیاریکراوی خۆیدا (مێژوو)، ئەو شوێنەی کە تێیدا دەژی واتە(جوگرافیا)کەی ، لێکۆڵینەوە لە ئێستا و لە ڕابردووی نزیک و دووردا بە مەبەستی ئاشنابون بەنیشاندەر و بەشداری کردنەکانی ڕابردوو لە

دارشتنی ئێستا و لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی ئەوەی داهاتوو قبوڵکراوتر و گەشە سەندووتر بکرێت.

3. ئارەزووی خوێندکاران بۆ زۆرێک لە کێشە کۆمەڵایەتییەکانی ئێستا زیاد دەکات وە ڕەوتی بەشداریکردنی هۆشیارانە لە کێشە و بەرهەڵستکارییەکانی کۆمەڵگادا.
4. جەخت لەسەر سیستەمی بەها کۆمەڵایەتییەکان دەکاتەوە لە کۆمەڵگادا. هەروەها ڕۆڵی پەروەردە لە چارەسەرکردنی زۆرێک لە کێشە ژینگەییەکان و پاراستنی هاوسەنگییان.
5. کاردەکات بۆ بەدیهێنانی ئەو ڕۆڵانەی، کە نیشتمانەکەی لە ڕابردوو و ئێستادا دەیگێڕێت. هەروەها کاریگەرییە شارستانییەکەی لە چارەسەرکردنی کێشە سیاسی و ئابوورییەکاندا.
6. یارمەتی پەرەپێدانی توانای خوێندکار دەدات بۆ ڕەخنەگرتن و شیکردنەوە و بەراوردکردن. (السكران، 2002: 22-23).

وەک دەبینین کە گرنگی زانســـتە کۆمەڵایەتییەکان تەنها خۆی نابینێتەوە لەفرە جۆری ماددە و زانیاریەکان و بڕی ئەو ڕاســـتییەی، کە فێرخواز بەدەســـتی دەهێنێ، بەڵکو لە فرەیی ســـەرچاوە و ئامرازەکانی فێربووندایە. هەروەها لە ڕادەی ئەوەی خوێندکار لە ئێســـتادا و پێکهاتە و کێشـــەکانی تێدەگات و ئامادە دەبێت بۆداهاتوو.

## 2-2 توێژینەوەکانی پێشوو

لەم تەوەرەدا، گرنگترین ئەو توێژینەوانەی پێشوو، کەلەم توێژینەوەیەوە نزیکن بەمەبەستی شیکردنەوەو دەرخستنی لایەنە هاوبەش ولێکچوون وجیاواز وئاست وڕادەی سوودبینین لێیان، لەپاڵ پیشاندانی شوێنی ئەم توێژینەوەیە لەنێو توێژینەوەکانی تردا دەخەینەڕوو، بەم شێوەیە:-

### 1-2-2 خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو

خشتەی (2-2)

توێژینەوەی یەکەم

| | |
|---|---|
| ناوی توێژەر | عبدالمنعم بن سليمان الردادي : 2008 |
| ناونیشانی توێژینەوەکە | ئاڕاستەی مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی بەرامبەر بە بەکارهێنانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی لە فێرکردنی بیرکاری لە قۆناغی ناوەندیدا |
| ئامانجی توێژینەوەکە | ئاڕاستەی مامۆستایان وسەرپەرشتیارانی پەروەردەیی بەرەو ڕێکخستنی پرۆگرامی بیرکاری ورۆڵی مامۆستا ورۆڵی خوێندکار و پێکهاتەی ژینگەی پۆل وشێوازی گونجاوی هەڵسەنگاندن لەکاتی بەکارهێنانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی لەبابەتی بیرکاری لەقوتابخانەی ناوەندیدا. |
| میتۆدی توێژینەوەکە | وەسفی |
| نموونەی توێژینەوەکە | سەرجەم مامۆستایانی بیرکاری وسەرپەرشتیارانی پەروەردەیی لەقۆناغی ناوەندی، کە(206)مامۆستاو (12)سەرپەرشتیار بوون، لە سعوديە |
| ئامرازی توێژینەوەکە | ڕاپرسی |
| دەرئەنجامی توێژینەوەکە | ئاڕاستەی مامۆستایان وسەرپەرشتیارانی پەروەردەیی بەرەو دیزاین وڕێکخستنی پرۆگرامی بیرکاری بەبەکارهێنانی فێربوونی ئەلیکترونی لەوتنەوەی وانەی بیرکاریدا بەپلەیەکی بەرز، وەڕۆڵی مامۆستا ورۆڵی خوێندکار و ڕێگای وانەوتنەوەی گونجاو ژینگەی پۆل وهەڵسەنگاندن بەپلەیەکی بەرز. |

(الردادي، 2008: ب-ج)

خشتەی (2-3)

تویژینەوەی دووەم

| | |
|---|---|
| ناوی تویژەر | قسیم محمد الشناق و حسن علي أحمد بني دومي : 2010 |
| ناونیشانی تویژینەوەکە | ئاڕاستەی مامۆستایان و خوێندکاران بەرامبەر بە بەکارهێنانی خوێندنی ئەلیکترۆنی لە قوتابخانە ناوەندییەکانی ئوردن |
| ئامانجی تویژینەوەکە | زانینی ئاڕاستەی مامۆستایان وخوێندکاران بەرەو بەکارهێنانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی لەزانستدا. |
| میتۆدی تویژینەوەکە | ئەزموونی |
| نموونەی تویژینەوەکە | مامۆستایان وخوێندکارانی پۆلی یەکەمی ناوەندی لەبابەتی فیزیا، کەژمارەیان (28)مامۆستاو (120)خوێندکار بوون، لە ئوردن. |
| ئامرازی تویژینەوەکە | ڕاپرسی |
| دەرئەنجامی تویژینەوەکە | ئاڕاستەی مامۆستایان بۆ فێرکردنی ئەلیکترۆنی ئەرێنی بوو، بەڵام سەبارەت بەخوێندکاران لەڕووی ئامارەوە گۆڕانکاری نەرێنی هەیە بۆ فێرکردنی ئەلیکترۆنی لەڕووی ئاڕاستەیانەوە |

(الشناق ودومي، 2010: 235-236)

خشتەی (2-4)

تویژینەوەی سێیەم

| | |
|---|---|
| ناوی توێژەر | حماده عید نورا العنتبلي و نواف بندر سليمان الخطاف : 2016 |
| ناونیشانی توێژینەوەکە | ئاڕاستەی مامۆستایان بەرامبەر بە بەکارهێنانی فێربوونی ئەلیکترۆنی لە وانەوتنەوەی پەروەردەی وەرزشی بۆ ئەو کەسانەی کە پێویستی تایبەتیان هەیە لە وڵاتی کوێت |
| ئامانجی توێژینەوەکە | ئەم توێژینەوەیە ئامانجی دیاریکردنی هەڵوێستی مامۆستایانە بەرامبەر بە بەکارهێنانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی لە فێرکردنی پەروەردەی وەرزشی بۆ ئەو کەسانەی، کە پێویستی تایبەتیان هەیە لە وڵاتی کوێت. بە دەستنیشانکردنی هەڵوێستی هەریەک لە مامۆستاکان بەرامبەر بە( پلانی پڕۆگرام، ڕۆڵی مامۆستا، ڕۆڵی خوێندکار، ڕێگای وانەوتنەوەی گونجاو، پێکهاتەی ژینگەی پۆل و شێوازی هەڵسەنگاندنی گونجاو) بۆ بابەتی پەروەردەی وەرزش لەوڵاتی کوێت دا. |
| میتۆدی توێژینەوەکە | وەسفی |
| نموونەی توێژینەوەکە | مامۆستایانی پەروەردەی وەرزشی لە قوتابخانەکانی پەروەردەی تایبەت لە پارێزگاکانی (الأحمدي، الجهراء، والفروانية)، دانراوە و ژمارەیان (300) مامۆستا بووە، لە کوێت |
| ئامرازی توێژینەوەکە | ڕاپرسی |
| دەرئەنجامی توێژینەوەکە | بەکارهێنانی تەکنیکەکانی پەروەردەیی<br>فێرکردنی ئەلیکترۆنی مۆدێرن لە بارودۆخی فێرکردندا بۆ ئەو کەسانەی، کە پێویستی تایبەتییان هەیە، نوێکردنەوەی ماڵپەڕ و بەرنامە پەروەردەییەکان بە مەبەستی دەستکاریکردن و نوێکردنەوەی ئەو زانیاری و بابەتانەی، کە پێشکەش بەو خوێندکارانە دەکرێت، کە پێویستی تایبەتیان هەیە، هەروەها هەڵسەنگاندنی پەیوەندی نێوان لایەنی پراکتیکی و تیۆری پرۆسەی پەروەردە بۆ ئەو کەسانەی کە پێویستی تایبەتیان هەیە. |

(العنتبلي والخطاف، 2016: 72)

خشتەی (2-5)

تویژینەوەی چوارەم

| | |
|---|---|
| ناوی تویژەر | سعاد بنت سفر هلال الفهمي : 2012 |
| ناونیشانی تویژینەوەکە | ڕاستی بەکارهێنانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی لە وانەوتنەوەی بابەتەکانی کۆمەڵایەتی لە قۆناغی دواناوەندی لە شاری مەککەی موکەرەمە |
| ئامانجی تویژینەوەکە | بۆ ناسینەوەو گرنگی بەکارهێنانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی لەوانەووتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتیەکاندا هەروەها پلەی بەکارهێنانی وتیشک خستنەسەر کۆسپەکانی بەردەم بەکارهێنانی لەڕوانگەی مامۆستایانی قوتابخانەی ناوەندی لەمەککەو دەرخستنی بوونی جیاوازی بەپێی گۆڕاوەکانی وەک (شارەزایی، خولی پەروەردەیی لەبواری فێرکردنی ئەلیکترۆنی، شارەزایی لەکۆمپیوتەر)دا. |
| میتۆدی تویژینەوەکە | وەسفی |
| نموونەی تویژینەوەکە | مامۆستایانی زانستەکۆمەڵایەتیەکان لەقۆناغی ناوەندی، کە(110) مامۆستا لە مەککە. |
| ئامرازی تویژینەوەکە | ڕاپرسی |
| دەرئەنجامی تویژینەوەکە | گرنگی بەکارهێنانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی بەرزە وەپلەی بەکارهێنانی لەلایەن مامۆستایانەوە مام ناوەندە، کۆسپەکانی بەردەم ئەم فێربوونە زۆرە |

(الفهمي، 2012: أ)

خشتەی (2-6)

توێژینەوەی پێنجەم

| | |
|---|---|
| ناوی توێژەر | مها بنت عمر بن عامر السفياني : 2008 |
| ناونیشانی توێژینەوەکە | گرنگی و بەکارهێنانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی لە وانەوتنەوەی بیرکاری لە قۆناغی ناوەندی لە ڕوانگەی مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی پەروەردەییەوە |
| ئامانجی توێژینەوەکە | گرنگی بەکارهێنانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی لەبابەتی بیرکاری قۆناغی ئامادەیی لەڕوانگەی مامۆستایان وسەرپەرشتیارانی پەروەردەیی دا لەخوێندنگا حکومی وئەهلیەکان بەپێی گۆڕاوەکانی (تەمەن، ئاستی زانستی، پسپۆڕی پیشەکە، ساڵانی خزمەت) |
| میتۆدی توێژینەوەکە | وەسفی |
| نموونەی توێژینەوەکە | سەرجەم مامۆستایان وسەرپەرشتیارانی بیرکاری لەقۆناغی ئامادەیی لەخوێندنگە حکومی ئەهلیەکانی شاری جەدە، کەژمارەیان(250)کەس بوو (205)مامۆستا (45)سەرپەرشتیار بوون، لە سعودیە |
| ئامرازی توێژینەوەکە | ڕاپرسی |
| دەرئەنجامی توێژینەوەکە | فێرکردنی ئەلیکترۆنی لەئەرکەکانی پرۆگرامی بیرکاریدا لەڕوانگەی نموونەی گشتی توێژینەوەکە بۆ دیاریکردنی پلەی گرنگی وبەکارهێنانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی لەپلەیەکی بەرزە وەلە ڕۆڵی مامۆستاشدا هەر بەپلەیەکی بەرزە. |

(السفیانی، 2008: ب)

خشتەی (2-7)

تویژینەوەی شەشەم

| | |
|---|---|
| ناوی توێژەر | محمد بن صنت بن صالح الحربي : 2007 |
| ناونیشانی توێژینەوەکە | داواکاری بەکارهێنانی فێربوونی ئەلیکترۆنی بۆ فێرکردنی بیرکاری لە قۆناغی ناوەندی لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە |
| ئامانجی توێژینەوەکە | - دیاریکردنی پێداویستییەکانی بەکارهێنانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی دەبێت لە هەریەکێک لە: (پرۆگرامی بیرکاری لە قۆناغی ناوەندی، مامۆستای بیرکاری بۆ قۆناغی ناوەندی، ژینگە پەروەردەیی) لە ڕوانگەی پسپۆڕانەوە، هەروەها دەستنیشان کردنی ڕادەی گرنگی و بەردەستبوونی داواکارییەکانی بەکارهێنانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی لە ڕوانگەی پسپۆڕانەوە، هەروەها دەستنیشان کردنی ئەوەی، کە تا چەند جیاوازی لە نێوان پلەی گرنگی و ڕادەی بەردەستبوونی داواکارییەکانی بەکارهێنانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی لە ڕوانگەی مامۆستایان هەیە بۆ ئاشکراکردنی ڕاستی پراکتیکی فێربوونی ئەلیکترۆنی. |
| میتۆدی توێژینەوەکە | وەسفی |
| نموونەی توێژینەوەکە | پسپۆڕان ومامۆستایانی قوتابخانە ناوەندییەکان لەبابەتی بیرکاری کەژمارەیان (86)پسپۆڕو (30) مامۆستا بوون، لە سعودیە. |
| ئامرازی توێژینەوەکە | ڕاپرسی |
| دەرئەنجامی توێژینەوەکە | سەرجەم داواکارییەکانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی لە (پلاندانان وجێبەجێکردن وهەڵسەنگاندن)، ئامادەکردن وڕاهێنانی مامۆستا، پێداویستییەکانی ژینگەی پۆل، کەلە ئامرازی توێژینەوەکەدا ئاماژەی پێکراوە لە پلەیەکی بەرزدایە |

(الحربي، 2007: أ)

خشتەی (2-8)

تویژینەوەی حەوتەم

| | |
|---|---|
| ناوی تویژەر | سهي علي حسامو : 2011 |
| ناونیشانی تویژینەوەکە | ڕاستی فێرکردنی ئەلیکترۆنی لە زانکۆی تیشرین لە ڕوانگەی ئەندامانی دەستەی فێرکردن و خوێندکارانەوە |
| ئامانجی تویژینەوەکە | ڕاستی فێرکردنی ئەلیکترۆنی لەزانکۆی تشرین لەڕووی ماوەی بەکارهێنانی، باشییەکانی، خراپییەکانی، سنوری جێبەجێکردنی لەڕوانگەی هەریەکە لەئەندامانی بۆردی وانەوتنەوە وخوێندکاران. هەروەها هەندێک پێشنیار بۆ یارمەتی دان لەبەرەو پێش بردنی فێرکردنی ئەلیکترۆنی بەزانینی باشییەکانی وخراپییەکانی وسنوری بەکارهێنانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی |
| میتۆدی تویژینەوەکە | وەسفی شیکاری |
| نموونەی تویژینەوەکە | ئەندامانی دەستەی فێرکردن ( أعضاء الهيئة التدريسية)، کە (113)ئەندامن وە خوێندکارانی قۆناغی چوارەم لەزانکۆی تشرین، کە(774) خوێندکارن، لە سوریا. |
| ئامرازی تویژینەوەکە | ڕاپرسی |
| دەرئەنجامی تویژینەوەکە | بەرژەوەندی ئەندامانی دەستەی فێرکردن وخوێندکارانی زانکۆ لەفێرکردنی ئەلیکترۆنی کەم بوو. هەروەها ناردنی ئیمەیڵ ووانەووتنەوە بەشێوەی دەنگی وڤیدیۆیی، کە کەمترینی بەکارهێنانەکان بوو. نموونەی تویژینەوەکەش جەختیان لەڕۆڵی فێرکردنی خودی دەکردەوە بەزیادکردنی کارامەیی لەبواری کۆمپیوتەر، هەروەها لایەنی خراپی ئەوەیە ڕۆڵی مامۆستایان کەم دەکاتەوە. هەروەها بەهۆی زۆری دانیشتن لەبەردەم کۆمپیوتەر تووشی نەخۆشی زۆردەبن، گرنگترین کۆسپەکانیش نەبوونی ژووری تایبەتە بەفێرکردنی ئەلیکترۆنی. |

(حسامو، 2010: 243-244)

خشتەی (2-9)

توێژینەوەی هەشتەم

| | |
|---|---|
| ناوی توێژەر | هدیل عماد محمد عباس: 2017 |
| ناونیشانی توێژینەوەکە | ڕاستی بەکارهێنانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی لە وانەوتنەوە لە کۆلێژەکانی پەروەردە لە زانکۆکانی سودان |
| ئامانجی توێژینەوەکە | ئەم توێژینەوەیە ئامانجی زانینی ڕاستی ئامادەیی فاکەڵتییەکانی پەروەردە بوو لە زانکۆکانی سودان بۆ بەکارهێنانی خوێندنی ئەلیکترۆنی. هەروەها دیاریکردنی ئەوەی، کە تا چەند ئەندامانی دەستەی فێرکردن لە فێرکردنی ئەلیکترۆنی لە فاکەڵتییەکانی پەروەردە بەکاردەهێنن. هەروەها دەستنیشانکردنی ئاستەنگەکانی دامەزراندن لەم فاکەڵتییانەدا. |
| میتۆدی توێژینەوەکە | وەسفی شیکاری |
| نموونەی توێژینەوەکە | ئەندامانی دەستەی فێرکردن لەفاکەڵتییەکانی پەروەردە لە زانکۆکانی سودان لەویلایەتی خەرتووم (زانکۆی زانست و تەکنەلۆجیای سودان، زانکۆی زەعیمی ئەزهەری، زانکۆی نێودەوڵەتی ئەفریقیا، زانکۆی نیلین) کە(132) کەس بوون، لە سودان |
| ئامرازی توێژینەوەکە | ڕاپرسی |
| دەرئەنجامی توێژینەوەکە | - نەبوونی ژێرخانێکی ئابووری، کە یارمەتیدەر بێت بۆ بەکارهێنانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی لە وانەوتنەوەدا.<br>- بوونی ئاستەنگ، کە ڕێگری لە بەکارهێنانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی لە وانەوتنەوەدا دەکات.<br>- نەبوونی ڕاهێنان بۆ ئەندامانی دەستەی فێرکردن لە فاکەڵتییەکانی پەروەردەدا.<br>- بەکارنەهێنانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی لەلایەن ئەندامانی دەستەی فێرکردن لە فاکەڵتیەکانی پەروەردەدا.<br>- نەبوونی بودجەی پێویست بۆ بەکارهێنانی فێربوونی ئەلیکترۆنی لە فاکەڵتیەکانی پەروەردەدا.<br>- نەبوونی ناوەڕۆکی پەروەردەیی بە شێوەی ئەلیکترۆنی لە فاکەڵتییەکانی پەروەردەدا. |

(عباس، 2017: د)

## 2-2-2 شیکاری بەراوردکردنی توێژینەوەکانی پێشوو

لەبەر ڕۆشنایی ئەو توێژینەوانەی پێشتر، کە خرانەڕوو، توێژەر بەراوردی ئەم توێژینەوەیە بە توێژینەوەکانی پێشوو دەکات بەمەبەستی دەرخستنی ئاستی پەیوەندی ولێکچوون وجیاوازی نێوانیان، کە بریتین لە:-

1-سەبارەت بەشوێنی ئەنجامدانی توێژینەوە: هەریەک لە توێژینەوەکانی السفياني (2008)، الردادي (2008)، الفهمي (2012) لە سعودیە، وە توێژینەوەی الشناق و دومي (2010) لەئوردن و حسامو (2011) لەسوریا و توێژینەوەکانی الحربي (2007) و عباس (2017) لەسودان و توێژینەوەی العنتبلي و الخطاف (2016) لە کوێت ئەنجامدراون، وە شاری سلێمانی لەهەرێمی کوردستانی عێراق شوێنی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە دەبێت.

2-ئامانجی توێژینەوەکان جیاوازی لەنێوانیاندا هەبوو، هەندێکیان ئامانجیان گرنگی بەکارهێنانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی لە بابەتەکانی خوێندن لەڕوانگەی مامۆستایان وەک (السفياني 2008) و (الفهمي 2012) و (الحربي 2007) بوو هەندێکی تریان پەروەردەو فێرکردنی ئەلیکترۆنی لەزانکۆدا لەڕووی باشی وخراپییەکانی وماوەی بەکارهێنانی، وەک (حسامو 2011) و (عباس 2017)، یاخود ئامانجیان زانینی ئاڕاستەی مامۆستایان وسەرپەرشتیاران و خوێندکارانە بۆ بەکارهێنانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی، وەک توێژینەوەکانی (الردادي 2008) و(الشناق ودومي 2010) و (العنتبلي و الخطاف 2016) بەڵام هەرچی ئەم توێژینەوەیەشە هاوشێوەی سێ توێژینەوەکەی کۆتاییە، کە ئامانج لێی زانینی ئاڕاستەی مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتیەکانە بۆ فێرکردنی ئەلیکترۆنی، بەڵام لەم توێژینەوەیەدا ئامانجێکی ترمان هەیە ئەویش زانینی ئەو ئاستەنگانەیە کەلەم جۆرە خوێندنەدا کە دێتە پێشیان لەکاتی بەکارهێنانی ئەم جۆرە لە فێربوون، هەربۆیە بەشێک لە بڕگەکانی تەوەرەکەمان زانینی ئەو جۆرە ئاستەنگانەیە کە ڕووبەڕووی ئەم جۆرەی فێربوون دەبێتەوە لەهەموو لایەنەکانیەوە.

3-لەڕووی میتۆدەوە: توێژینەوەکان زۆربەیان میتۆدی وەسفیان بەکارهێناوە، وەک (السفياني 2008)، الردادي (2008)، الفهمي (2012)، حسامو (2011)، الحربي (2007)، العنتبلي و الخطاف (2016)، عباس (2017)، تەنیا توێژینەوەکەی الشناق ودومي (2010) نەبێت، کە میتۆدی ئەزموونیان بەکارهێناوە. بۆ ئەم توێژینەوەیەش میتۆدی وەسفی شیکاریمان بەکارهێناوە لەبەرئەوەی لەگەڵ ئامانجەکانیدا هاوڕێک وگونجاوە.

4-لەڕووی قەبارەی کۆمەڵگای توێژینەوە: توێژینەوەکانی پێشوو نموونەی جیاوازیان وەرگرتووە لەمامۆستا وخوێندکارو سەرپەرشتیار، (205) مامۆستا و(45) سەرپەرشتیار (السفياني 2008)، (206) مامۆستا و(12) سەرپەرشتیار (الردادي 2008)، (28) مامۆستا و(120) خوێندکار (الشناق ودومي 2010)، (110) مامۆستا (الفهمي 2012)، (113) مامۆستا و(774) خوێندکار (حسامو 2011)، (86) پسپۆڕ و(30) مامۆستا (الحربي 2007)، (300) مامۆستا (العنتبلي و الخطاف 2016)، (132) مامۆستا (عباس 2017). هەروەها ئەم توێژینەوەیەش سەرجەم کۆمەڵگای توێژینەوەکەی (530) مامۆستای نێر ومێ بوون، کە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی (254) مامۆستا لەهەردوو ڕەگەز بوونە نموونەی توێژینەوەکە، لەچاو توێژینەوەکانی پێشوودا توانیوومانە ژمارەیەکی باش لەمامۆستایان بۆ نموونەی توێژینەوەکە وەربیگرین بۆ ئەوەی ئەنجامێکی باش بۆ توێژینەوەکە بەدەست بێت چونکە لە توێژینەوەی وەسفیدا تاوەکو نموونەی توێژینەوەکە زیاتر بێت ئەنجامی باشتر بەدەست دێت.

5-لەڕووی ئامرازی کۆکردنەوەی زانیارییەوە: توێژینەوەکانی پێشوو ئامرازی جیاوازیان بەکارهێناوە، کەهەموویان ئامرازی ڕاپرسی بووە. وە ئەم توێژینەوەیەش، وەکو هەمان ئەوانەی پێشوو ئامرازی ڕاپرسی کراوەو داخراوی بەکارهێناوە.

### 3-2-2 سوود بینین لە توێژینەوەکانی پێشوو:

1-دڵنیابوون لە دیاریکردنی کێشەی توێژینەوەکەی و ئاشنابوون بەم ڕێگاو شێوازانەی کەبۆ چارەسەری کێشەی توێژینەوەکە بەکاردەهێنرێت.

2-دیاریکردنی ئامانجی توێژینەوەکە.

3-چۆنیەتی وپشت بەستن وبەکارهێنانی میتۆدی لێکۆڵینەوەیی وەسفی گونجاو بۆ بارودۆخی ئەم توێژینەوەیە.

4-دیاریکردنی قەبارەی نموونەی توێژینەوەکە وشێوازی هەڵبژاردنی.

5-هەڵبژاردنی ئامرازی گونجاوی ئاماری بۆ گەیشتن بەئەنجام وشیکردنەوەیان.

6-ئاشنابوون بەو سەرچاوانەی کەپەیوەندیان بەم توێژینەوەیە هەیە.

7-چۆنیەتی دۆزینەوەو دەرهێنانی ڕاستی وجێگیری لە ئامرازەکانی توێژینەوەکەدا.

# بەشی سێیەم

## هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی توێژینەوەکە

3-1 میتۆدی توێژینەوەکە

3-2 کۆمەڵگەی توێژینەوەکە

3-3 نموونەی توێژینەوەکە

3-4 ئامادەکردنی ئامرازی توێژینەوەکە

3-4-1 ئامادەکردنی ئامرازی توێژینەوەکە

3-4-2 ڕاستگۆیی توێژینەوەکە

3-4-3 جێگیری توێژینەوەکە

3-4-4 جێبەجێکردنی ئامرازەکە بەسەر کۆمەڵگەی توێژینەوەکە

3-5 ئامرازە ئامارییەکان

# بەشی سێ یەم

## هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی توێژینەوەکە

ئەم بەشە ڕێوشوێنی توێژینەوەکە لەخۆدەگرێت، بەمەبەستی هێنانەدی ئامانجەکانی توێژینەوەکە. مەبەست لێی دەستنیشانکردنی کۆمەڵگەو نموونەی توێژینەوەکە و ئامرازی توێژینەوەکە و ڕێگای کۆکردنەوەی زانیارییەکان و دەرهێنانی ڕاستی و نەگۆڕی ئامرازەکەیە. هەروەها دیاریکردنی ئامرازەکانی ئامارکردن، کەلە توێژینەوەکەدا بەکارهێنراون، بەم شێوەیەی خوارەوە:-

### 3-1 میتۆدی توێژینەوەکە:

سەرکەوتن و بەهێزی ئەنجامەکانی هەر توێژینەوەیەک بەستراوەتەوە بە ڕێبازو ئامرازە بەکارهاتووەکانی تویژینەوەکەوە، ئەگەرچی و هیچ کام لە ڕێبازەکان نابنە هەڵە و ناڕاست، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر ڕێبازێک لەڕێبازەکانی توێژینەوە بەگوێرەی مەبەستەکانی بەکارهێنانی دەبنە پاڵپشت و خاڵی بەهێزی توێژینەوەکە. لەم ڕوانگەیەشەوە دەردەکەوێت، هەتاوەکو تویژەران نزیکتر بن لەڕێبازە گونجاوەکان (چ بەتاک، یان بە کۆ) ئەوا بەو ئەندازەیە ئەنجامەکانی تویژینەوەکەیان مانادارتر و دروستتر دەبێت. بۆیە توێژەر لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفی شیکاری بەکارهێناوە. ئەمیش لەڕێگەی وەسفی دیاردەکە لەنێو سەرچاوەکان و دروستکردنی فۆڕمی ڕاپرسی بۆ دیاردەکە لە واقیعی (ڕاستی) قوتابخانەکانی شاری سلێمانی و شیکاری ئەم دیاردە، بەپێی سەرچاوەو دەرئەنجامی ڕاپرسی لە واقیعی ئەو قوتابخانانەدا. وخستنەڕووی گرفت و پێشنیارو چارەسەر.

میتۆدی وەسفی دیارترین ڕێبازی لێکوڵینەوەی زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکانە بەتایبەت لە بواری پەروەردەو سایکۆلۆژیا و کۆمەڵناسیدا. هەروەها بەرفراوانترین میتۆدە، کەتەواوی ئەو توێژینەوانە دەگرێتەوە، کە جەخت لەسەر دیاردەو ڕووداوەکانی ئێستا دەکەنەوەو شیکارو لێکدانەوەو بەراورد و هەڵسەنگاندن بۆ دیاردەکان دەکات.(بۆکانی، 2016: 73). ئەم جۆرە میتۆدە لە دیاردەیەک دەکۆڵێتەوە، یان ڕووداوێکی هەنووکەیی لەپێناو گەیشتن بەوەڵامی پرسیارەکانی توێژینەوەکە بەبێ دەست تێوەردانی توێژەر. (الأغا و الأستاذ،1999: 83).

## 3-2 کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:

بەگوێرەی بەیبڵ (Babble, 1986: 106) کۆمەڵگەی توێژینەوە بەوە دەناسێنرێت، کە هەموو ئەو تاکانە، یاخود ئەو گروپانە دەگرێتەوە، کە هەڵگری زانیاری دیاریکراوی توێژینەوەن. کەواتە کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیەش سەرجەم مامۆستایانی زانستەکۆمەڵایەتییەکان لەقوتابخانە بنەڕەتییەکانی بازنەی (سێ) قۆناغەکانی (7 و8 و9) لە هەردوو پەروەردەی ڕۆژ هەڵات و ڕۆژئاوای شاری سلێمانی دەگرێتەوە بەتایبەتی ئەو قوتابخانانەی وانەی زانستە کۆمەڵایەتییەکانیان تیایاندا دەوترێتەوە کەپێکدێن لە (65) قوتابخانە لە پەروەردەی ڕۆژهەڵات و هەروەها (83) قوتابخانە لە پەروەردەی ڕۆژئاوا بۆ ساڵی خوێندنی (2021–2022)، کەسەرجەمی دەکاتە (148) قوتابخانە، کە (530) مامۆستای بابەتی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لەو قوتابخانانەدا وانە دەڵێنەوە، وەک لە خشتەی (3–1) خراوەتەڕوو:

خشتەی (3–1)

ژمارەی قوتابخانەکان و مامۆستاکانی کۆمەڵگەی توێژینەوە

| ژ | ناوی بەڕێوەبەرایەتی | ژمارەی قوتابخانە | ژمارەی مامۆستا |
|---|---|---|---|
| 1 | پەروەردەی ڕۆژهەڵات | 65 | 210 |
| 2 | پەروەردەی ڕۆژئاوا | 83 | 320 |
| کۆی گشتی | | 148 | 530 |

## 3-3 نموونەی توێژینەوەکە:

نموونەی توێژینەوەکە، بریتیەلە بەشێک لە کۆمەڵگاکە، کەلێی هەڵدەبژێرێت بەشێوەیەک کە گوزارشت لەو کۆمەڵگایە بکات و ئامانج و مەبەستەکانی توێژینەوەکە بەدی بهێنێت. (دیاب، 2003: 89). هەر بۆیە جۆری نموونەی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی پلەیی هەڵبژێردرا بۆ ئەو مامۆستایانەی، کە وانەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان دەڵێنەوە لەهەردوو بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژهەڵات وڕۆژئاوا لەناوەندی پارێزگای سلێمانی، کەژمارەیان (254) مامۆستابوو، کەدەکاتە ڕێژەی (47.92%) لەکۆی کۆمەڵگای توێژینەوەکە، کە(530) مامۆستای کۆمەڵایەتیە لە قوتابخانە

بنەڕەتییەکانی سنوری هەردوو بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای شاری سلێمانی. وە نموونە وەرگرتن بەپێی قوتابخانەکان کەلە ڕۆژهەڵات لەکۆی (65) قوتابخانە (31) قوتابخانەمان وەرگرت کەدەکاتە ڕێژەی (47.69%)ە، وەلە پەروەردەی ڕۆژئاوا لەکۆی (83) قوتابخانە (32) قوتابخانە وەرگیراوە کە ڕێژەی (38.55%)ە، واتە بەگشتی لەهەردوو پەروەردە کە (148) قوتابخانەیە (63) قوتابخانە وەرگیراوە و دەکاتە ڕێژەی(42.56%). بڕوانە خشتەی (3-2) و(3-3) و (3-4) و(3-5) و(3-6) و(3-7)، و پاشکۆی (1) و (2).

خشتەی (3-2)

ژمارەی قوتابخانەکانی نمونەی توێژینەوە بەڕێژەی سەدی

| ژ | ناوی بەڕێوەبەرایەتی | ژمارەی قوتابخانەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | ژمارەی قوتابخانەکانی نموونەی توێژینەوەکە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | پەروەردەی ڕۆژهەڵات | 65 | 31 | %47.69 |
| 2 | پەروەردەی ڕۆژئاوا | 83 | 32 | %38.55 |
| کۆی گشتی | | 148 | 63 | %86.24 |

خشتەی (3-3)

ژمارەی مامۆستایانی نمونەی توێژینەوە بەڕێژەی سەدی

| ژ | ناوی بەڕێوەبەرایەتی | ژمارەی مامۆستایانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | ژمارەی مامۆستایانی نموونەی توێژینەوەکە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | پەروەردەی ڕۆژهەڵات | 210 | 112 | %53.33 |
| 2 | پەروەردەی ڕۆژئاوا | 320 | 142 | %44.375 |
| کۆی گشتی | | 530 | 254 | %47.92 |

## خشتەی (3-4)

## نموونەی توێژینەوەکە بەپێی ڕەگەز

| ژ | ڕەگەز | ژمارەی مامۆستا | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| 1 | نێر | 103 | %40.5 |
| 2 | مێ | 151 | %59.5 |
| کۆی گشتی | | 254 | %100 |

## خشتەی (3-5)

## نموونەی توێژینەوەکە بەپێی پلەی زانستی

| ژ | پلەی زانستی | ژمارەی مامۆستا | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| 1 | دبلۆم | 42 | %17 |
| 2 | بەکالۆریۆس | 212 | %83 |
| کۆی گشتی | | 254 | %100 |

## خشتەی (3-6)

## نموونەی توێژینەوەکە بەپێی پسپۆڕی

| ژ | پسپۆڕی | ژمارەی مامۆستا | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| 1 | جوگرافیا | 86 | %34 |
| 2 | مێژوو | 71 | %28 |
| 3 | بەشەکانی تر* | 97 | %38 |
| کۆی گشتی | | 254 | %100 |

*ئەو پسپۆڕیانە دەگرێتەوە کە بابەتی زانستە کۆمەڵایەتیەکان دەڵێنەوە لە قوتابخانەکاندا، وە دەرچووی کۆلێجەکانی ترن وەکو (کارگێڕی وئابووری و شەریعەو ...هتد).

خشتەی (3-7)

نموونەی توێژینەوەکە بەپێی ساڵانی خزمەت

| ژ | ساڵانی خزمەت | ژمارەی مامۆستا | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| 1 | 1-5 | 27 | %11 |
| 2 | 6-10 | 36 | %14 |
| 3 | 11-15 | 57 | %22 |
| 4 | 15 و بەسەرەوە | 134 | %53 |
| کۆی گشتی | | 254 | %100 |

## 3-4 ئامرازەکانی توێژینەوەکە:

### 3-4-1 ئامادەکردنی ئامرازی توێژینەوەکە:

لەبەر ئەوەی ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئاڕاستەی مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکانە لە قوتابخانە بنەڕەتییەکان بەرەو بەکارهێنانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی لەناو شاری سلێمانی دا. ئەمەش پێویستی بەکۆکردنەوەی زانیارییەکی فراوان هەیە، سەرەڕای بڵاوی نموونەی توێژینەوەکە، پاشان وەرگرتنی ڕای شارەزایان، توێژەر وایدەبینێ فۆڕمی ڕاوەرگرتن ئامرازێکی گونجاوە بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکانی لێکۆڵینەوەکەی. " فۆڕمی ڕاوەرگری لەو ئامرازانەیە، کەلە توێژینەوەی وەسفی دا زۆر بەکاردەهێنرێت، وەک لە توێژینەوە پەروەردەیی و دەروونییەکاندا" (کشرود، 2007: 199). ئەوەش دەبێت بزانین، کەئامانج لەبەکارهێنانی فۆڕمی ڕاپرسی (استبیان) گەیشتنە بە زانیاری و ڕاوبۆچوونەکان، کەناکرێت بەئامرازەکانی دەستمان بکەوێت. هەروەها کەسی وەڵامدەر دەتوانێت بەئازادانە وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە. سەرەڕای ئەوەش فۆڕمی ڕاوەرگرتن لەزۆرترین ئامرازە بڵاوەکانە ئەمەش بەهۆی ئاسانی جێبەجێکردنی بەسەر کۆمەڵگەیەکی گەورەدا بەماوەو کاتێکی کەم. هەروەها ئاسان شیکردنەوەی ئەنجامەکان. (جابر وکاظم، 1973: 256).

هەربۆیە بۆ ئەم توێژینەوەیە ئامرازێکی ئامادەکراومان دەستنەکەوت کەوەک پێویست بێت بۆ مەبەستەکانی توێژینەوەکە، لەبەر ئەوە توێژەر هەستاوە بەئەنجامدانی ڕاپرسیەکی سەرەتایی (استطلاعي) بەمەبەستی بەدەستهێنانی زانیاری سەرەتایی بۆ دروستکردنی فۆڕمی ڕاوەرگری

کۆتایی، چونکە هەلێکی باشتر دەڕەخسێنێت بۆ زانینی باشترین ڕێگەو شێواز لەدواندنی بەشداربووانی توێژینەوەکەو ناسینی تایبەتمەندی و سروشتیان. (کشرود، 2007: 201).

فورمی ڕاوەرگری کراوە: بۆ ئەم مەبەستەش فۆرمێکی سەرەتاییمان پێشکەش بە کۆمەڵێک لە مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان کرد، کە (4) پرسیاری لەخۆگرتبوو. لە پاشکۆی (3)دا دیارە، کەپەیوەستە بە فێرکردنی ئەلیکترۆنی لە ناوەندی شاری سلێمانی بۆ قۆناغی بنەڕەتی پۆلەکانی (7، 8، 9)، توێژەر خۆی هەستا بەدابەشکردنی فۆرمی سەرەتایی لە بەرواری (2022/1/20) بەسەر بەشێک لە مامۆستایانی نموونەی سەرەتایی توێژینەوەکەدا، لەپاش ئەوەی کاتی تەواویان پێدرا بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان، کەنزیکەی (1-2)هەفتە بوو. لە بەرواری ( 2022/2/3)شدا فۆرمەکان کۆکرانەوەو زانیارییەکانی خاڵی کرانەوە وبەش بەش کران لەشێوەی تەوەرەدا. سەربارى ئەو زانیارییانەی، کەبەدەستی هێنا، توانیمان سوود وەرگرین لە ژمارەیەک توێژینەوەی نزیک لە توێژینەوەکەمان وەک (الردادي، 2008)، وە (الشناق ودومي، 2010)، وە (العنتبلي والخطاف، 2016). ئەنجامی ئەم کارانەش بوو بەهۆی داڕشتنی فۆرمی ڕاوەرگری سەرەتایی. لە پاشکۆی (4)دا دیارە، کەپێکهاتووە لە شەش تەوەرە (بوار) و لە (75) برگە، ئەوانیش بریتی بوون لە: (پلانی پرۆگرامی زانستەکۆمەڵایەتیەکان، ڕۆڵی مامۆستا، ڕۆڵی فێرکار (خوێندکار)، ڕێگای وانەوتنەوە، پێکهاتەی ژینگەی پۆل، شێوازی هەڵسەنگاندن)، هەروەک لەخشتەی (3-8) دیاریکراوە، دواتر ڕاوبۆچوونی شارەزایان و پسپۆڕان وەرگیرا لەسەر فۆرمی ڕاوەرگری سەرەتاییەکە.

خشتەی (3-8)

تەوەرەکانی فۆرمی ڕاوەرگری سەرەتایی

| ژ | تەوەرەکانی فۆڕمەکە | ژمارەی بڕگەکان |
|---|---|---|
| 1 | پلانی پرۆگرامی زانستەکۆمەڵایەتییەکان | 8 |
| 2 | ڕۆڵی مامۆستا | 11 |
| 3 | ڕۆڵی فێرکار (خوێندکار) | 23 |
| 4 | ڕێگای وانەوتنەوە | 9 |
| 5 | پێکهاتەی ژینگەی پۆل | 13 |
| 6 | شێوازی هەڵسەنگاندن | 11 |
| | کۆی گشتی | 75 |

دروستکردنی فۆڕمی ڕاوەرگری کۆتایی پاش وەرگرتنی سەرنج و تێبینی پسپۆڕان و شارەزایان لەسەر فۆڕمی ڕاوەرگری سەرەتاییەکە، هەروەها ئەنجامدانی هەندێک یاسای ئاماری بۆی، بەمەبەستی دەسکەوتنی ئامرازی کۆتایی توێژینەوەکە و دابەشکردنی بەسەر نموونەی توێژینەوەکەمان، ئەم کارانە بووە هۆکاری داڕشتنی فۆڕمی ڕاوەرگری کۆتایی کە ژمارەی بڕگەکان کەم کرایەوە بۆ (50) بڕگەو بەسەر ئەو شەش تەوەرە سەرەکیەدا دابەش کرا. وەک لە خشتەی (3-9) و پاشکۆی (5)دا دیارە. زیادلەوەش، ڕاپرسیەکەمان بەسەر پێوەرێکی پێنج (5) ئاستیدا دابەش کردبوو، کەبریتین لە: (زۆر پەسەندە، پەسەندە، تاڕادەیەک پەسەندە، پەسەند نییە، بەتەواوی پەسەند نییە) بەم شێوەیە پلەبەندی (1 بۆ 5) مان دابوو بە پێوەرەکە. لە خشتەی (3-10) و (3-11)دا دیارە. سەرەڕای ئەوانەش، لەنێوان بەرواری (2022/5/9) تاوەکو بەرواری (2022/5/25)، ڕاپرسیەکەمان جێبەجێکرد بەسەر نموونەی هەڵبژێردراوی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەدا.

خشتەی (3-9)

تەوەرەکانی فۆڕمی ڕاوەرگری کۆتایی

| ژ | تەوەرەکانی فۆڕمەکە | ژمارەی بڕگەکان |
|---|---|---|
| 1 | پلانی پڕۆگرامی زانستەکۆمەڵایەتییەکان | 6 |
| 2 | ڕۆڵی مامۆستا | 7 |
| 3 | ڕۆڵی فێرکار (خوێندکار) | 11 |
| 4 | ڕێگای وانەوتنەوە | 7 |
| 5 | پێکهاتەی ژینگەی پۆل | 10 |
| 6 | شێوازی هەڵسەنگاندن | 9 |
| کۆی گشتی | | 50 |

خشتەی (3-10)

ڕوونکردنەوەی نمرەکانی پێوەری ڕاپرسیەکە بەپلەبەندی بۆ هەر بڕگەیەک لەبڕگەکان (ئەرێنی)

| پێوەر بە پلەبەندی | زۆر پەسەندە | پەسەندە | تاڕادەیەک پەسەندە | پەسەند نییە | بەتەواوی پەسەند نییە |
|---|---|---|---|---|---|
| نمرەی هەر پلەیەک بۆ پێوەر | 5 | 4 | 3 | 2 | 1 |

خشتەی (3-11)

ڕوونکردنەوەی نمرەکانی پێوەری ڕاپرسیەکە بەپلەبەندی بۆ هەر بڕگەیەک لەبڕگەکان (نەرێنی)

| پێوەر بە پلەبەندی | زۆر پەسەندە | پەسەندە | تاڕادەیەک پەسەندە | پەسەند نییە | بەتەواوی پەسەند نییە |
|---|---|---|---|---|---|
| نمرەی هەر پلەیەک بۆ پێوەر | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 |

بەمەبەستی دڵنیا بوون لە بوونی مەرجەکانی ڕاستگۆیی وجێگیری وتوانای جیاکاری لە نێوان برگەکانی پێوانەی خوێندنی ئەلکترونی توێژەر شیکاری ئاماری بۆ سەرجەم برگەکانی پێوانەکە ئەنجامدا لە ڕێگەی ئەم هەنگاوانەی لای خوارەوە:

## 3-4-2 ڕاستگۆیی پێوەرەکە (الصدق):

مەبەست لەڕاستگۆیی هەرئامرازێک ئەوەیە، کەئەو ئامرازە، تاچەند توانای پێوانەکردنی ئەو تایبەتمەندییە، یان ئەو دیاردەیەی هەیە، کەلەپێناویدا ئامادەکراوە. (الجلبي، 2005: 84)، ڕاستی یەکێکە لەو پێویستییە سەرەکیانە، کەدەبێت لە ئامرازەکاندا هەبێت، کەلەسەر دووبنەمای گرنگ وەستاوە ئەوانیش ئەو ئەرک و فرمانانەن کەبۆی ئامادەکراوە لەلایەک، وە لەلایەکی تریشەوە ئەو گروپ و کۆمەڵەی، کە ئامرازەکەی بەسەردا جێبەجێدەکرێت. (علام، 2006: 105؛ أبولبده، 2008: 235).

### 1-2-4-3 ڕاستگۆیی ڕواڵەت (الصدق الظاهري):

مەبەست لە ڕاستگۆیی ڕواڵەتی پێوەری توێژینەوە، ئایا پێوەرەکە لە ڕووکەش و ڕواڵەتدا، تاچەند دیاردەکە دەپێوێت، بۆ ئەو مەبەستەش بڕگە و پرسیارەکان پیشانی چەند کەسێکی پسپۆر و شارەزای بوارەکە دەدرێت بۆ ئەوەی ڕای خۆیان لەسەر یەکە بە یەکەیان دەربڕن. ( بۆکانی، 2016: 174)، لێرەدا دەتوانرێت هەڵسەنگاندنی ڕاستگۆیی ڕواڵەت بۆ پێوەری توێژینەوەکە بکرێت لەماوەی گونجاودا لەنێوان بۆ چوونی هەڵسەنگێنەراندا. (عودە، 1999: 370)، بۆدیاریکردنی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی توێژەر پەنای بردە بەر ڕاوبۆچوونی شارەزایان، بۆ ئەو مەبەستەش پێوانەکە خرایە بەردەست (11) شارەزاو پسپۆڕی بواری (پەروەردەو دەروونزانی و پێوانەو هەڵسەنگاندن و ڕێگاکانی وانەوتنەوەو جوگرافیاو سەرپەرشتیاری پەروەردەیی)، هەروەکو لەپاشکۆی (6) ڕوونکراوەتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش داوایان لێکراوە ڕاو بۆچوونی خۆیان سەبارەت بەگونجاویی و نەگونجاوی بڕگەکان و بژاردەکان دەربڕن وهەرگۆڕانکاریەک پێیان باشە پێشنیازی بکەن. دوای کۆکردنەوەی فۆڕمەکان،بەپێی بۆچوونی شارەزایان تەنها ئەو بڕگانە مانەوە، کەڕێژەی ڕێککەوتن لەسەرمانەوەیان یاخود لابردنیان (80%)بوو، بەم شێوەیەلە کۆی (75) بڕگە (15) بڕگە لابران، لەهەر شەش تەوەرەکەدا بەشێوەیەک (1) بڕگەیان لە تەوەرەی پلانی پرۆگرامی زانستە کۆمەڵایەتیەکان و (3) بڕگە لە تەوەرەی ڕۆڵی مامۆستا و (7) یان لە تەوەرەی ڕۆڵی خوێندکار و (1) یان لە تەوەرەی ڕێگای وانەوتنەوە و (1) یان لە پێکهاتەی ژینگەی پۆل و (2) بڕگەی تریشیان لە تەوەرەی شێوازی هەڵسەنگاندن، کە بریتی بوون لە بڕگەکانی (5، 14، 18، 19، 20، 30، 32، 34، 35، 41، 42، 48، 63، 67، 71)، لە خشتەی (3-12)دا دیارە هەروەها بڕگەکانی دیکە وەکو خۆیان مانەوە بەم جۆرەش ژمارەی بڕگەکان بوون بە (60)بڕگە و ڕاستی گشتی فۆرمی ڕاوەرگرتن (89.5%) بوو.

## خشتەی (3-12)

## بڕگە لابراوەکانی فۆڕمی ڕاوەرگری لەلایەن پسپۆڕانەوە

| تەوەرە کان | ژمارەی بڕگە | ناوەڕۆکی بڕگە | هۆکارەکەی |
|---|---|---|---|
| یەکەم | 5 | هەڵبژاردنی توخمەکانی وروژاندن لە پێشکەش کردنی وانەکاندا کارئاسانی دەکات | لەگەڵ ناوەڕۆکدا ناگونجێت |
| دووەم | 14 | کەمی شارەزایی مامۆستا لە فێربوونی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت | لاوازی لە داڕشتن |
| | 18 | وای دەبینم فێرکردنی ئەلیکترۆنی قورساییکی نوێ دەخاتە سەر مامۆستا | شێوازی داڕشتنی گونجاو نییە |
| | 19 | بەهۆی وتنەوەی وانەکە لەلایەن مامۆستای ترەوە شێوازی تێگەیشتنی خوێندکار بۆ بابەتەکە باشتر دەکات | لاوازی لە داڕشتن |
| سێیەم | 20 | گەڕانەوەی کات بۆخوێندکار | لاوازی لە داڕشتن |
| | 30 | کەمی هۆشیاری خوێندکار سەبارەت بە فێرکردنی ئەلیکترۆنی | لاوازی لە داڕشتن |
| | 32 | پێم وایە فێرکردنی ئەلیکترۆنی هانی خوێندکاران دەدات کە داهێنەرانە بیر بکەنەوە | لەگەڵ ناوەڕۆکدا ناگونجێت |
| | 34 | هەست بە سەربەستی دەکەم کاتێک کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت بۆ فێربوون بەکاردەهێنم | ناڕونە سەبارەت بە تەوەرەکە |
| | 35 | دڵتەنگ دەبم کاتێک کارێکم پێ ڕادەسپێردرێت کەوا پێویستە کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت بەکار بهێنم | لاوازی لە داڕشتن |
| | 41 | پێم وایە سەرقاڵبوونم بە کارکردن بە کۆمپیوتەر و ئینتەرنێتەوە تەرکیزەکەم کەم دەکاتەوە لە فێربوونی بابەتەکانی فێرکاریی | لەگەڵ ناوەڕۆکدا ناگونجێت |
| | 42 | پێویستم بە یارمەتی دەرەکی هەیە کاتێک لەگەڵ بەرنامە جوگرافییە ئەلیکترۆنییەکاندا مامەڵە دەکەم | لەگەڵ ناوەڕۆکدا ناگونجێت |
| چوارەم | 48 | پێم وایە فێربوونی ئەلیکترۆنی یارمەتیدەرە لە پەرەسەندنی بیرکردنەوەی زانستی لە نێوان قوتابیاندا | ناڕونە سەبارەت بە تەوەرەکە |
| پێنجەم | 63 | کەمی هۆشیاری خێزان سەبارەت بە فێرکردنی ئەلیکترۆنی | لاوازی لە داڕشتن |
| شەشەم | 67 | دەرخستەکانی هەڵسەنگاندن لەکاتی بەکارهێنانی فێربوونی ئەلیکترۆنیدا بەوە ناسراوە نەگۆڕە | تێگەیشتنی بۆ مامۆستا ئاڵۆزە |
| | 71 | فێرکردنی ئەلیکترۆنی ڕێگەئەدات بۆ هەڵسەنگاندنی لێهاتوویی پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان خوێندکارەکان | شێوازی داڕشتنی گونجاو نییە |
| کۆی گشتی | | 15 بڕگە | |

## 2-2-4-3 هێزی جیاکاری بۆ بڕگەکانی پێوانەی فێرکردنی ئەلیکترۆنی :

ئەم ڕێگەیە پشت بەجیاکاری دەبەستێت لەنێوان ئەو تاکانەی تایبەتمەندی پێوانەکراویان تێدا بەدیدەکرێت و ئەوانەی تیایاندا بەدیناکرێت. ئەم ڕێگەیە ئاماژەیەکی خێرا بەڕادەی ڕاستگۆیی پێوانەکە دەدات(عبدالرحمن،1998 :192) ، توێژەر (هاوکۆلکەی جیاکاری بۆ بڕگەکانی پێوانە دەرهێناوە) بە پشت بەستن بەم هەنگاوانەی لای خوارەوە:

أ. ڕیزبەندی کردنی ئەو نمرانە، کە تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەدەستیان هێناوە لە بەرزترین نمرە بۆ نزمترین نمرە.

ب. دابەشکردنی نمرەکانی نموونەی توێژینەوەکە بۆ دوو گروپ، گروپێک کە زۆرترین نمرەیان بە دەستهێناوە بە ڕێژەی (27%)، کە ژمارەیان (27) مامۆستا بوو، وە گروپێک کە کەمترین نمرەیان بە دەست هێناوە بە ڕێژەی (27%)، کە ژمارەیان (27) مامۆستا بوو، وە دوورخستنەوەی ئەو گروپەی، کە ناوەندبوون.

ج. بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوونموونەی سەربەخۆ ( T-test for two Intdepent samples ) بە بەکارهێنانی بەرنامەی ئاماری (SPSS) بۆ هەر بڕگەیەک. لە ئەنجامدا دەرکەوت، کە جگە لەبڕگەکانی (5، 13، 15، 17، 19، 22، 23، 24، 34، 45) سەرجەم بڕگەکانی پێوانە توانای جیاکاریان هەیە. وەک لە خشتەی (3-13) و پاشکۆی (7)دا خراوەتەروو.

## 3-2-4-3 پەیوەندی نمرەی هەر بڕگەیەک بە نمرەی گشتی پێوانەکە:

بەمەبەستی دیاریکردنی پەیوەندی نمرەی هەر بڕگەیەک بە نمرەی گشتی پێوانە فێرکردنی ئەلیکترۆنی، دواتر بە بەکارهێنانی هەگبەی ئاماری بۆزانستە کۆمەڵایەتییەکان (SPSS) هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن(person) ی لەنێوان بڕگەکانی پێوانەکەدا بە کۆی گشتی پێوانەکەی دۆزیەوە. لە ئەنجامدا دەرکەوت لەبڕگەکانی (5، 13، 15، 17، 19، 22، 23، 24، 34، 45) سەرجەم هاوکۆلکەکانی بڕگەکانی دیکە بەڵگەداری ئاماریان هەبوو لە سەر ئاستی بەڵگەداری (0.05) وەک لە خشتەی (3-13) و پاشکۆی (8) دا دیارە.

خشتەی ژمارە (13-3)

برگە لابراوەکانی فۆرمی ڕاوەرگری لەڕێگەی t-test و هاوکۆلکەی پێرسۆن بۆ برگەکان

| بەهای پەیوەندی پێرسۆن بەکۆی گشتی پێوانەکە | ناوەڕۆکی برگە | ژ.برگە |
|---|---|---|
| 0.022 | لەبەرچاوگرتنی بنەمای زنجیرەی لۆژیکی لە پێشکەشکردنی وانەکاندا | 5 |
| -0.271 | پێم وایە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت بۆ فێرکردنی ئەلیکترۆنی ڕێگری لە کارەکەم دەکات وەک مامۆستا لەناوپۆل | 13 |
| -0.254 | متمانەم بەفێربوونی قوتابیان نییە لە ڕێگەی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێتەوە بۆ وانەی زانستە کۆمەڵایەتیەکان | 15 |
| 0.017 | دانانی واجبەکان وئەرکیماڵەوە لەو وێب سایتەی کەبەکاردێت ئەمەش وادەکات خوێندکار بێئاگایی لەئەرکی ماڵەوە کەم بکاتەوە | 17 |
| -0.035 | کەم بوونەوەی چالاکی وتەمەڵ بوونی خوێندکار لەخوێندن | 19 |
| -0.055 | نەگونجاندنی ئەم سیستەمە بەتایبەت بۆ خوێندکارانی قۆناغی بنەڕەتی بەهۆی نەبوونی شارەزایی تەواو لەبەکارهێنانی ئامێرە ئەلیکترۆنیەکان (کۆمپیوتەر و ئەنتەرنێت) | 22 |
| 0.035 | خراپ بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا لەلایەن خوێندکارانەوە بەبیانووی خوێندنی وانەکەیەوە | 23 |
| 0.041 | لاوازبوونی ئاستی کۆمەڵایەتی خوێندکاران و کەمبوونەوەی سۆزو خۆشەویستی لەنێوانیان | 24 |
| 0.021 | سوودوەرگرتن لەمامۆستایی بەتواناتر کەوانەکە دەڵێتەوە | 34 |
| 0.002 | بێزاری دای وباب لەوەی کەفێرکردنی ئەلیکترۆنی کەمترین سوود بەخوێندکاران دەبەخشێت | 45 |

## 3-4-3 جێگیریی توێژینەوەکە:

یەکێک لەمەرجەکانی هەر ئامرازێکی زانستی پێویستە جێگیر(نەگۆڕ)بێت، مەبەست لە جێگیریی واتە: هاوشێوەبوونێک هەبێت لەوەڵامەکاندا، کاتێک دووبارە ئامرازەکە جێبەجێ بکرێتەوە بەسەر هەمان ئەو کەسانە و لەهەمان بارودۆخدا بەنزیکەیی. (مجاور، 1977: 505). جێگیریی واتە: وەرگرتنەوەی هەمان ئەنجام بەنزیکەیی لەئامرازێکەوە، ئەگەر هاتوو ئامرازەکەمان لەسەر هەمان گروپ یان کەسێکدا تاقیکردەوە، یان وەرگرتنەوەی هەمان ئەو ئەنجامانەی لە تاقیکردنەوەیەکی نزیک

و هاوشێوەدا بەهەمان ئامراز. ( الصمادی وماهر، 2004: 206). لەو ڕووەشەوە بۆ دیاریکردنی جێگیریی توێژینەوەکەمان چەند ڕێگایەکمان بەکارهێنا وەکو:-

### 3-4-3-1 ڕێگەی بەنیوە کردن :

یەکێکە لەڕێگەکانی دۆزینەوەی جێگیریی ئامرازی توێژینەوە، دوای دابەشکردنی فۆڕمەکە بەسەر ئەندامانی توێژینەوەکەدا، وەڵامدانەوەی، دەبێت بڕگەکانی ڕاپرسیەکە بکرێت بەدووبەشەوە، گرووپێکیان هەموو ئەو بڕگانەی کەژمارەکانیان تاکە وەک (1،3،5....هتد)و گرووپەکەی تریشیان هەموو ئەو بڕگانەی ژمارەکانیان جووتە وەک(2،4،6...هتد)، دواتر لەڕێی ئامارییەوە هاوکۆلکەی پەیوەست بوون لەنێوان بڕگە تاک وجووتەکاندا دەردەهێنرێت و بەپێی بەهاکەی بڕیاری بەسەردا دەدرێت. (بۆکانی، 2020: 158). جێگیری پێوانەکەمان بەڕێگەی بەنیوەکردن بۆ ئامرازی توێژینەوەکە دۆزیەوە کە هەریەک لە بڕگە تاک وجووتەکان (30) بڕگەبوون و ڕێژەی جێگیری پێوانەکە بریتی بوو لە (0.519)، وەک لە خشتەی (3-14) دیارە:

خشتەی (3-14)

هاوکۆلکەی جێگیریی بۆ پێوانەی ئامرازەکە

| بڕگەکان | ژمارەی بڕگەکان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | هاوکۆلکەی جێگیریی |
|---|---|---|---|---|
| تاک | 30 | 372.6667 | 37.4528 | 0.519** |
| جووت | 30 | 373.8333 | 39.0332 | |

** بەهێزی پەیوەندی لەنێوان بڕگە تاک و جووتەکاندا نیشان دەدات.

### 3-4-3-2 ڕێگەی ئەلفا-کرۆنباخ(Cronbachs,Alpha):

لەمیانەی توێژینەوەکەماندا جێگیریی پێوانەکەمان بەڕێگەی ئەلفا کرۆنباخ دۆزیەوە، کەیەکێکە لەڕێگەکانی دەستنیشانکردنی گونجاندنی ناوەکی،پاش جێبەجێکردنی پێوانەکە بەسەر(100) مامۆستای نموونەی سەرەتایی دا دەرکەوت ڕێژەی جێگیری پێوانەکە بریتییە لە(0.884) ئەمەش جێگیرییەکی بەرزە.

## 4-4-3 جێبەجێکردنی ئامرازەکە بەسەر کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:

پاش دڵنیابوون لەڕاستی وجێگیریی ئامرازەکە، خودی توێژەر ئامرازی ڕاپرسییەکەی دابەشکرد بەسەر نموونەی سەرەکی توێژینەوەکە لەمامۆستایان، بەشێوەی فۆڕمی ڕاوەرگری کۆتایی لە ماوەی نێوان (2022/5/9) بۆ (2022/5/25). بەشێوازی دەستی و ئەلیکترۆنی، کەپێکهاتبوو لە (50) بڕگە، وەبۆ هەربڕگەیەک پێنج ئاست دانرابوو بەم شێوەیە: ( زۆر پەسەندە، پەسەندە، تاڕادەیەک پەسەندە، پەسەندنییە، بەتەواوی پەسەندنییە)، لەلایەن توێژەرەوە سەردانی بەشداربووان کراوەو ڕوونکردنەوەی پێویستیان بۆکراوە، هەروەها داوا لەمامۆستایانیش کراوە کەبە وردی و ڕوونی گشت بڕگەکان بخوێننەوەو وەڵام بدەنەوە بەپێی ئەو نووسراوە کارئاسانییە کەپێیدرابوو. هەروەک لە پاشکۆکانی (9 و10)دا دیارە، پاش ئەوەی کاتی تەواو درا بەمامۆستایانی بەشداربووی توێژینەوەکە، کە ژمارەیان (283) مامۆستابوو لە کۆی (520)مامۆستا، دەستکرا بەکۆکردنەوەی فۆڕمی ڕاپرسییەکە و زانیاریەکانمان بەتاڵکردەوە لەفۆڕمی تایبەتدا کەبۆ ئەو مەبەستە ئامادەکرابوون، تیایدا لەکۆی (283) فۆڕم کەدابەشکرابوو (254) فۆڕم گەڕانەوە و (29) فۆڕم لەلایەن مامۆستایانەوە نەگەڕێنرایەوە، وە لەکۆی ئەو (254) فۆڕمەش کە گەڕایەوە بۆ توێژەر (44) فۆڕمیان تەنیا وەڵامی تەوەرەی یەکەمی فۆڕمەکەی تیابوو کەلەلایەن ئەو مامۆستایانەوە وەڵام درابۆوە ئەمەش بەهۆی نەبوونی زانیاریان لەسەر تەوەرەی دووەمی فۆڕمەکە کە تایبەت بوو بە فێرکردنی ئەلیکترۆنی وە (210) فۆڕمیان بەتەواوی گەڕێندرایەوە بۆ توێژەر. هەروەک لەخشتەی (3-15)دا دیارە.

خشتەی (3-15)

مامۆستایانی نموونەی توێژینەوەکە بۆ وەڵامدانەوەی پێوەرەکە

| ژ | ژمارەی مامۆستایانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | ژمارەی مامۆستایانی نموونەی توێژینەوەکە | ژمارەی مامۆستایانی نموونەی توێژینەوەکە بۆ وەڵامدانەوەی پێوەرەکە |
|---|---|---|---|
| ١ | 520 | 254 | 210 |

## 5-3 ئامرازە ئامارییەکانی توێژینەوەکە:

1-5-3 سوود لە پرۆگرامی (SPSS) هەگبەی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان ڤێرژنی(٢5) وەرگیراوە بۆ بەکار هێنانی ئەم ئامرازە ئامارییانەی خوارەوە:

2-5-3 هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن (معامل الارتباط پیرسون- Person Correlation Coefficient) بۆئەژمارکردنی جێگیریی بەڕێگەی دووبارەجێبەجێکردن و ڕاستگۆیی ڕواڵەت و دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکان بەکار هات.

$$r = \frac{\sum XY - \frac{(\sum x)(\sum y)}{n}}{\sqrt{\left[\!\left[\sum_X 2 - \frac{(\sum X)^2}{n}\right]\!\right] * \left[\!\left[\sum_Y 2 - \frac{(\sum Y)^2}{n}\right]\!\right]}}$$

کە

N= ژمارەی تاکەکانی نموونەکە (عینە).

R= هاوکۆلکەی هاوپەیوەستبوونی پێرسۆن.

X= نرخی گۆڕاوی یەکەم.

Y= نرخی گۆڕاوی دووەم.

(البیاتی و اثناسیوس، 1977: 183)

3-5-3 ئەلفا-کرۆنباخ (Alpha Cronbachs) بۆ دۆزینەوەی جیگیری پێوەرەکە.

$$A = \left(\frac{K}{K-1}\right) * \left(1 - \frac{\sum_i^k = 1\, S_i^2}{S_t^2}\right)$$

کە:

K= ژمارەی گشتی بڕگەکان.

$S_i^2$= جیاوازی نمرەی گشتی لەهەر پێوەرێک.

$S_t^2$= کۆی جیاوازی نمرەکانی هەر بڕگەیەک لە بڕگەکان.

(الجادری،2007:288)

4-5-3 (Independent Sample T-Test) بۆدۆزینەوەی توانای جیاکاری بڕگەکان لەنێوان نمرە بەرز ونزمەکاندا.

$$T.test = \frac{X_1 + X_2}{\sqrt{\frac{(n_1-1)A_1^2}{n_1+n_2-2} + \frac{(n_2-1)A_2^2}{n_1+n_2-2} * \left(\frac{1}{n_1} + \frac{1}{n_2}\right)}}$$

کە:

$X_1$ و $X_2$= ناوەندە ژمێرەی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە.

$A_1^2$ و $A_2^2$= جیاوازی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە.

n1= ژمارەی خوێندکارانی کۆمەڵەی یەکەم.

n2= ژمارەی خوێندکارانی کۆمەڵەی دووەم.

(Class & Stanly, 1970: 295)

5-5-3 تاقیکردنەوەی(t)بۆیەک نموونە(One Sample T-Test): بۆ زانینی جیاوازی ئاستی مامۆستایان بۆ پێوەرەکە.

$$T.test = \frac{\bar{x}+M}{\frac{A}{\sqrt{N}}}$$

کە:

$x^-$= ناوەندە ژمێری هەژمارکراو (ڕاستەقینەیی).

M= ناوەندە ژمێری گریمانەیی.

A= لادانی پێوەری (الانحراف المعياري).

N= ژمارەی تاکەکانی نمونەکە (عینەکە).

6-5-3 بەکارهێنانی هاوکێشەی ئەنۆڤا(One way ANOVA): بۆ زانینی جیاوازی گۆڕاوەکان کەلەدوو زیاتربن.

$$SS = \sum(X - X^-)^2 = \sum X^2 - \frac{(\sum X)^2}{N}$$

کە:

X= کۆی هەموو بەهاکانە لە هەموو نموونەکاندا.

N= ژمارەی تاکەکانی نموونەکە (عینەکە).

(الجادری،288:2007)

7-5-3 ناوەندی شیاو بۆ وەسفکردنی ئامرازەکانی توێژینەوەکە، یان بەهاو ڕێکخستنیان وەک ڕیزکردنیان لەبەرزەوە بۆ نزم.

$$\text{ناوەندی شیاو} = \frac{(\text{ت}١\times٥) + (\text{ت}٢\times٤) + (\text{ت}٣\times٣) + (\text{ت}٤\times٢) + (\text{ت}٥\times١)}{\text{مج ت}}$$

کە:

ت= دووبارەبوونەوە (تكرار).

مج ت= سەرجەمی دووبارەکان

(صبري، 2006: 106)

8-5-3 کێشی سەدی بۆ شیکردنەوەی ناوەندی شیاو و بڕگەکان.

$$\text{کێشی سەدی} = \frac{\text{ناوەندی شیاو}}{\text{پلە بەرزترین}} \times ١٠٠$$

(ئیبراهیم، 2002، 47)

# بەشی چوارەم

## خستنەڕوو و شیکردنەوەی ئەنجامەکان و دەرئەنجامەکان

1-4 خستنەڕوو و شیکردنەوەی ئەنجامەکان

2-4 دەرئەنجامەکان

3-4 ڕاسپاردەکان

4-4 پێشنیارەکان

# بەشی چوارەم

## خستنەڕوو و شیکردنەوەی ئەنجامەکان و دەرئەنجامەکان

### 1-4 خستنەڕوو و شیکردنەوەی ئەنجامەکان:

لەم بەشەدا شیکردنەوە بۆ داتاکان و خستنەڕووی ئەنجامەکان دەکەین بە گوێرەی ڕیزبەندی ئامانجەکان، کەلەبەشی یەکەمی توێژینەوەکەدا دیاریکراوە بەم شێوەیەی خوارەوە:-

**1-1-4 ئامانجی یەکەم: زانینی ئاستی بەکارهێنانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی لای مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لەشاری سلێمانیدا بەشێوەیەکی گشتی لەچ ئاستێکدایە؟**

لەپێناو جێبەجێ کردنی ئامانجی توێژینەوەکەدا و دوای گەڕانەوەی فۆڕمی ئامرازی توێژینەوەکە لەلای نموونەی توێژینەوەکە، کە (210) مامۆستای بابەتی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بۆ قۆناغەکانی (حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم)ی بنەڕەتی بوو، توێژەر هەستا بەشیکردنەوەی فۆڕمەکان ودەرهێنانی ناوەندی شیاو وکێشی سەدی بۆ سەرجەم تەوەرەکانی ئامرازەکان. بەپێی بوارەکانی و دواتر پلە بەندیان بەپێی ناوەندە شیاوەکە بۆ بڕگەکان داناوە، بۆ دەرهێنانی نرخی ناوەندە شیاوی بڕگەکان، هەروەها وەڵامە دووبارەکانی هەر بڕگەیەکی لە بڕگەکانی فۆڕمی ڕاپرسیەکەی بەپێی ڕەهەندە دانراوەکان (زۆر پەسەندە، پەسەندە، تاڕادەیەک پەسەندە، پەسەند نییە، بەتەواوی پەسەند نییە) ژماردووە، بۆ ئەژمارکردنی ئەم نرخانەش (پێنج) نمرە دراوە بەڕەهەندی یەکەم و (چوار) نمرە بەڕەهەندی دووەم و(سێ)نمرە بەڕەهەندی سێسەم و(دوو) نمرە بەڕەهەندی چوارەم و(یەک) نمرە بەڕەهەندی پێنجەم (5،4،3،2،1)، وە ناوەندە ژمێرەیی پێوەرە پێنج ڕەهەندیکە دادەنرێت بە (3)، کە پێوەرێکە بۆ جیاکردنەوەی لایەنی بەهێز ولاوازی بڕگەکان، واتە هەربڕگەیەک ناوەندی شیاوەکەی (3)، یا زیاتر بوو ئەوە واتا لایەنی بەهێزی بڕگەکانی ئامرازەکە دەنوێنێت، خۆ ئەگەر لە (3) کەمتربوو، واتا لایەنی لاوازی بڕگەکانی ئامرازەکە دەنوێنێت.

خشتەی (4-1)

**تەوەرەی یەکەم : <u>پلانی پرۆگرامی زانستە کۆمەڵایەتییەکان</u> لە کاتی بەکارهێنانی فێرکردنی ئەلیکترۆنیدا**

| پلە | ژ | برگەکان | ناوەندە شیاو | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | 6 | بەکارهێنانی بارودۆخی ژیان بۆ بەستنەوەیان بە ناوەڕۆکی بابەتەکانەوە | 4.166 | 83.333 |
| 2 | 4 | هەڵبژاردنی هۆکاری هەمەجۆر وەک (دەنگ، ڤیدیۆ، وێنەی جولاو وجێگیر) بەپێی ئامانجە ڕەفتارییەکان و بابەتە دیاریکراوەکان | 4.138 | 82.761 |
| 3 | 1 | وەرگرتنی زانیاری زیاتر دەربارەی بابەتەکە بەخێرایی | 3.980 | 79.619 |
| 4 | 3 | دەتوانی بابەتی لاوەکی بۆ هەموو وانەیەک بەپێی ئامانجی ڕەفتاری دیاریکراو ئامادە بکەیت و بیگەیەنیت بەخوێندکار | 3.9 | 78 |
| 5 | 5 | بەهێزکردنی ناوەڕۆکی بابەتەکان بەچالاکی پەروەردەیی (فێرکاری) تاکەکەسی و بەکۆمەڵ | 3.842 | 76.857 |
| 6 | 2 | باشتر دەتوانی گرنگی بدەیت بەئامانجە مەعریفی و سۆزداری و دەروونە جووڵەییەکان لەکاتی پلاندانانی پرۆگرامی خوێندندا | 3.623 | 72.476 |
| | | کۆ | 3.942 | 78.841 |

بەپێی زانیارییە ئامارییەکان کەلە خشتەی (4-1) تایبەت بەتەوەری پلانی پرۆگرامی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لەکاتی بەکارهێنانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی، بەتێڕوانینی مامۆستایانی تایبەت بە بابەتەکە (6) برگە لەخۆدەگرێت، کەهەر شەش برگەکەش ناوەندە شیاوەکەیان لەسەروو (3)وەیە و پەسەند کراوە لەلایەن مامۆستایانی بابەتەکەوە، ئەوانیش ناوەندە شیاویان لەنێوان (4.166 – 3.623) وە کێشی سەدییان لەنێوان (83.333% – 72.476%)، بەپێی ئەم ئەنجامەش پلانی پرۆگرامی زانستە کۆمەڵایەتیەکان لەئاستێکی باشدایەو گونجاوە بۆ ئەوەی بەرێگای ئەلیکترۆنی زانیارییەکانی ناو پرۆگرامەکە بگەیەنرێت بە خوێندکاران. ئەم ئەنجامەش هاوشێوەی توێژینەوەکانی (الردادي، 2008) و (الحربي، 2007)ن.

خشتەی (4-2)

تەوەرەی دووەم: ڕۆڵی مامۆستا لەکاتی بەکارهێنانی فێرکردنی ئەلیکترۆنیدا

| پلە | ژ | بڕگەکان | ناوەندە شیاو | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | 6 | پێم باشە پرۆگرامەکانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت بەکار بهێنم لە فێرکردندا، چونکە ئەدای من باشتر دەکات. | 4.057 | 81.142 |
| 2 | 2 | کەمبوونەوەی مەسرەفی ڕێگا و گەڕانەوەی کاتی هاتووچۆ بۆ مامۆستایان. | 3.957 | 79.142 |
| 3 | 1 | دووبارەکردنەوەی بابەتەکان لەهەر کاتێک بێت لەگەڵ مامۆستای تردا. | 3.714 | 74.285 |
| 4 | 5 | کەمی شارەزایی مامۆستا سەبارەت بە فێرکردنی ئەلیکترۆنی | 3.533 | 70.666 |
| 5 | 3 | دروست بوونی بێزاری لای مامۆستایان لەدورکەوتنەوەیان لەوتنەوەی وانە لەناو پۆلدا | 3.523 | 70.476 |
| 6 | 7 | وای دەبینم فێرکردنی ئەلیکترۆنی قورساییکی نوێ دەخاتە سەر شانی مامۆستا | 3.395 | 67.904 |
| 7 | 4 | لاوازبوونی ئاستی کۆمەڵایەتی مامۆستایان کەمبوونەوەی سۆزو خۆشەویستی لەنێوانیاندا | 3.390 | 67.809 |
| | | کۆ | 3.653 | 73.061 |

بەپێی زانیارییە ئامارییەکان، کەلە خشتەی (4-2) تایبەت بەتەوەری ڕۆڵی مامۆستا لەکاتی بەکارهێنانی فێرکردنی ئەلیکترۆنیدا، بەتێڕوانینی مامۆستایانی تایبەت بە بابەتەکە (7) بڕگە لەخۆدەگرێت، کەهەر حەوت بڕگەکە ناوەندە شیاوەکەیان لەسەروو (3)وەیە و پەسەند کراوە لەلایەن مامۆستایانی بابەتەکەوە، ئەوانیش ناوەندە شیاویان لەنێوان (4.057 - 3.390) وە کێشی سەدییان لەنێوان (81.142% - 67.809%). بەپێی ئەم ئەنجامەش ڕۆڵی مامۆستا لەکاتی بەکارهێنانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی لەئاستێکی باشدایەو گونجاوە، ئەمەش باشی ڕۆڵی مامۆستاکە پیشان دەدات لەم شێوازەی خوێندندا. ئەم ئەنجامەش هاوشێوەی توێژینەوەکانی (الحربي، 2007) و (السفياني، 2008) و (الشناق ودومي، 2010) و (الردادي)ن و پێچەوانەی توێژینەوەکەی (العنتبلي و الخطاف، 2016)ن.

خشتەی (4-3)

تەوەرەی سێیەم: ڕۆڵی فێرکار ( خوێندکار) لەکاتی بەکارهێنانی فێرکردنی ئەلیکترۆنیدا

| پلە | ژ | بڕگەکان | ناوەندە شیاو | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | 2 | کاریگەری خراپی هەیە لەسەر مێشک و چاو بەتایبەت بۆ خوێندکارانی سەرەتایی | 4.138 | 82.761 |
| 2 | 4 | کەمی ئامادەبوونی خوێندکاران و پابەندنەبوونیان بەکاتی وانەکەوە | 4.090 | 81.809 |
| 3 | 3 | دەبێتە هۆی کات بەفیڕۆدان لەلایەن خوێندکارانەوە | 3.757 | 75.142 |
| 4 | 1 | دروست بوونی بێزاری لای خوێندکاران | 3.652 | 73.047 |
| 5 | 9 | پێم وایە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت بۆ فێربوونی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بابەتەکە ئاسان دەکات و زیاتر ڕوونی دەکاتەوە | 3.561 | 71.238 |
| 6 | 8 | پێم وایە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت پاڵنەری بەرەو فێربوونی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لەلام دەوروژێنێ | 3.514 | 70.285 |
| 7 | 7 | وای دەبینم فێرکردنی ئەلیکترۆنی زۆر یارمەتیم دەدات لە بیرهێنانەوەی ئەو بابەتە کۆمەڵایەتیانەی، کە فێربووم | 3.504 | 70.095 |
| 8 | 10 | وەهای دەبینم کۆمپیوتەر یارمەتیم دەدات، کە سەرنج بدەمە سەر فێربوونی زانستە کۆمەڵایەتییەکان | 3.5 | 70 |
| 9 | 5 | پێم وایە فێربوونی ئەلیکترۆنی لە ڕێگای کۆمپیوتەری و ئینتەرنێت، لەبابەتی زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا خوێندکاران بە تواناتر دەکەن بۆ فێربوونی زانیاری زۆر لە ماوەیەکی کورتدا | 3.366 | 67.333 |
| 10 | 11 | پێم وایە ئەو بابەتە کۆمەڵایەتیانەی لە ڕێگەی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێتەوە فێربوونە بە خێرایی لە بیردەچنەوە | 3.166 | 63.333 |
| 11 | 6 | پێم وایە فێربوونی ئەلیکترۆنی یارمەتی پەرەپێدانی بەهرەی چارەسەرکردنی کێشەکان لای خوێندکاران دەدات وادەکات داهێنەرانە بیربکەنەوە | 3.123 | 62.476 |
| | | کۆ | 3.579 | 71.593 |

بەپێی زانیارییە ئامارییەکان، کەلە خشتەی (4–3) تایبەت بەتەوەرەی ڕۆڵی فێرکار لەکاتی بەکارهێنانی فێرکردنی ئەلیکترۆنیدا، بەتێڕوانینی مامۆستایانی تایبەت بە بابەتەکە (11)بڕگە لەخۆدەگرێت، کەهەر یانزە بڕگەکە ناوەندە شیاوەکەیان لەسەروو (3)وەیە و پەسەند کراوە لەلایەن مامۆستایانی بابەتەکەوە. ئەوانیش ناوەندە شیاویان لەنێوان (4.138 - 3.123) وە کێشی سەدییان لەنێوان (82.761% - 62.476%)، بەپێی ئەم ئەنجامەش ڕۆڵی فێرکار لەکاتی بەکارهێنانی فێرکردنی

ئەلیکترۆنیدا لەئاستێکی باشدایەو گونجاوە بۆ ئەوەی بتوانێت بەڕێگای ئەلیکترۆنی سەرجەم زانیارییەکانی بابەتەکەی وەربگرێت و تاڕادەیەک سوودی دەبێت بۆی، تائەوەی وانەکەی نەفەوتێت و دانەبڕێت لە خوێندن و وەرگرتنی زانیاری سەبارەت بە بابەتەکە. ئەم ئەنجامەش نزیکە لە توێژینەوەکەی (الشناق ودومي، 2010)، هاوشێوەی توێژینەوەکانی (الردادي، 2008) و (السفياني، 2008)،وە پێچەوانەی توێژینەوەکانی (العنتبلي و الخطاف، 2016) و (حسامو، 2011)یە.

خشتەی (4-4)

تەوەرەی چوارەم: ڕێگای وانەوتنەوەی گونجاو لەکاتی بەکارهێنانی فێرکردنی ئەلیکترۆنیدا

| پلە | ژ | بڕگەکان | ناوەندە شیاو | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | 3 | دەتوانرێت وێنەو نەخشەو ڤیدیۆ بەکاربهێنرێت بۆ فێربوونی خوێندکاران | 4.366 | 87.333 |
| 2 | 3 | هۆکارێکە بۆ گرنگیدان بەتەکنەلۆجیا و پەرەپێدانی لەبواری خوێندن وەک ولاتانی جیهان | 4 | 80 |
| 3 | 4 | توانای‌مامۆستا لەبەکارهێنانی ڕێگاو شێوازە جۆراوجۆرەکان بۆ فێرکردنی ئەلیکترۆنی سنورداره | 3.719 | 74.380 |
| 4 | 6 | پێم وایە، فێربوونی ئەلیکترۆنی یارمەتیدەرە بۆ خستنەڕووی چەمکەکانی وانەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی لۆژیکی | 3.604 | 72.095 |
| 5 | 7 | پێم وایە، فێرکردنی ئەلیکترۆنی یارمەتیدەرە بۆ ڕوونکردنەوەی چەمکە شوێنییەکان لەوانەی زانستە کۆمەڵایەتیەکان لای قوتابیان | 3.580 | 71.619 |
| 6 | 1 | دەبینم، کە زۆر ڕێگاو شێوازی نوێ هەیە لەوانە وتنەوەی ئەلیکترۆنیدا | 3.552 | 71.047 |
| 7 | 5 | من وای دەبینم، کەئەم خوێندنی ئەلیکترۆنییە بەکارهێنانی پێویستە، چونکە یەکێکە لە ئامرازە سەرەتاییەکانی فێرکردنی سەردەم | 3.519 | 70.380 |
| کۆ | | | 3.763 | 75.265 |

بەپێی زانیارییە ئامارییەکان، کەلە خشتەی (4-4) تایبەت بەتەوەری ڕێگای وانەوتنەوەی گونجاو لەکاتی بەکارهێنانی فێرکردنی ئەلیکترۆنیدا ، بەتێڕوانینی مامۆستایانی تایبەت بە بابەتەکە ئەم تەوەرە (7) بڕگە لەخۆدەگرێت، کەهەر حەوت بڕگەکەش ناوەندە شیاوەکەیان لەسەروو (3)وەیە و پەسەند کراوە لەلایەن مامۆستایانی بابەتەکە، ئەوانیش ناوەندە شیاویان لەنێوان (4.366 – 3.519) وە کێشی سەدییان لەنێوان (87.333% – 70.380%). بەپێی ئەم ئەنجامەش ڕێگای وانەوتنەوەی گونجاو

بۆ بەکارهێنانی فێرکردنی ئەلیکترۆنیدا لەئاستێکی باشدایەو گونجاوە. ئەمەش مانای وایە، کەدەتوانرێت وەکو ڕێگایەکی نوێ وسەردەمیانە پشتی پێ ببەسرێت و بەکاربهێنرێت بۆ وتنەوەی وانەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەتی بەشی جوگرافیاکەی بەهۆکاری ئەوەی، کە لەم بەشەی پەرتووکەکەدا پێویستی زۆری بە نەخشەو وێنەو ڤیدیۆ هەیە، ئەمەش لەڕێگەی ئەم جۆرەی خوێندنەوە دەتوانرێت سوود بە خوێندکاران بگەیەنرێت بەڕای مامۆستایانی نموونەی توێژینەوە. ئەو ئەنجامەش هاوشێوەی توێژینەوەی (الردادي، 2008)،وە پێچەوانەی توێژینەوەی (العنتبلي و الخطاف، 2016)ە.

خشتەی (4-5)

تەوەرەی پێنجەم: پێکهاتەکانی ژینگەی پۆل لەکاتی بەکارهێنانی فێرکردنی ئەلیکترۆنیدا

| پلە | ژ | بڕگەکان | ناوەندە شیاو | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | 9 | خاوی و گرانی هێڵەکانی ئینتەرنێت لەکوردستاندا | 4.447 | 88.952 |
| 2 | 8 | دروستبوونی کێشەی تەکنیکی وەک پچڕانی کارەبا لەکاتی وانەکاندا | 4.376 | 87.523 |
| 3 | 7 | گرفتی نەبوونی ئامێرەکان وەک (کۆمپیوتەر وئینتەرنێت وئایپاد) لەلایەن خوێندکاران و مامۆستایان ئەمەش بەهۆی باشنەبوونی باری ئابووریان | 4.290 | 85.809 |
| 4 | 10 | نەبوونی کەشێکی گونجاو لەماڵەوە بۆ گوێگرتنی خوێندکار لەوانەکان | 4.280 | 85.619 |
| 5 | 5 | کۆنترۆڵ نەکردن و لێپرسینەوەی جدی لەخوێندکاران لەلایەن مامۆستاوە | 4.080 | 81.619 |
| 6 | 6 | دەست پێکردن و دەرچوونی خوێندکار لەوانەکە بەئارەزووی خۆیەتی | 3.833 | 76.666 |
| 7 | 1 | کەمتر بەریەک کەوتنی نێوان مامۆستاو خوێندکار لەڕووی توندوتیژییەوە | 3.771 | 75.428 |
| 8 | 4 | خوێندن لەچوارچێوەی ناوخۆییەوە دەچێتە چوار چێوەی جیهانی | 3.638 | 72.761 |
| 9 | 3 | ژینگەیەکی تازەی خوێندمان بۆ دروست دەکات بەهۆی ئەوەی ڕێگایەکی نوێیە لەکوردستان | 3.519 | 70.380 |
| 10 | 2 | تێچووی کەمی دەوێت تەنها پێویستی بەئامێرێک و هێڵێکی ئەنتەرنێت هەیە. | 3.304 | 66.095 |
| کۆ | | | 3.954 | 79.085 |

بەپێی زانیارییە ئامارییەکان کەلە خشتەی (4-5) تایبەت بەتەوەری پێکهاتەی ژینگەی پۆل لەکاتی بەکارهێنانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی، بەتێڕوانینی مامۆستایانی تایبەت بە بابەتەکە (10) بڕگە لەخۆدەگرێت ، هەر دەبڕگەکەش ناوەندە شیاوەکەیان لەسەروو (3) وەیە و پەسەند کراوە لەلایەن مامۆستایانی بابەتەکەوە، ئەوانیش ناوەندە شیاویان لەنێوان (4.447 - 3.304) وە کێشی سەدییان لەنێوان (88.952% - 66.095%)، کە بڕگەکانی نەرێنیە و بەپێی ئەم ئەنجامەش پێکهاتەی ژینگەی پۆل لەکاتی بەکارهێنانی فێرکردنی ئەلیکترۆنیدا لەئاستێکی خراپدایە، وەک باسکرا لەدوای بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە سەرەتای 2020 لە هەرێمی کوردستان ئەم جۆرە خوێندنە بۆ فێربوونی قوتابیەکان ودانەبڕانیان لەخوێندن پەیڕەو کرا، بەڵام بەهۆی باش نەبوون وبەردەست نەبوونی سەرجەم پێداویستیەکانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی لە قوتابخانە وماڵەکاندا بەگشتی (بەتایبەتی لە گوندەکاندا)، هەرچی بڕگەکانی پەیوەست بە ئامێرەکانەوە ژمارە (9 ، 8 ، 7 ) دەردەکەوێت کە ئامێرەکان بەردەست نیە و گرفتی سەرەکیە لە نێو گرفتەکانی ژینگەی پۆل، پاشان بۆ گرفتی کەشی ناو پۆل کە لە بڕگەکانی ژمارە (10 ، 5 ، 6 ،1 )دا ئەوە کەشێکی لەبار نەرەخساوە بۆ مامۆستا و خوێندکار چ لەماڵەوە چ لەناو قوتابخانە، هەرچی بڕگەکانی تایبەت بە جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کە ئەم جۆرە خوێندنە خوێندنێکی گشتی و سوود بەخشە و تێچووی کەمی دەوێت بڕگەکانی (4 ، 3 ، 2 ) سەلماندویەتی کە بەو شێوەیەیە. ئەنجامی ئەمەش پێچەوانەی توێژینەوەکەی (العنتبلي و الخطاف، 2016)ە، و هاوشێوەی توێژینەوەکەی (الردادي، 2008).

خشتەی(4-6)

تەوەرەی شەشەم: شێوازی هەڵسەنگاندنی گونجاو بۆ خوێندکار لەکاتی بەکارهێنانی فێرکردنی ئەلیکترۆنیدا

| پلە | ژ | بڕگەکان | ناوەندە شیاو | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | 1 | ئەنجام نەدانی تاقیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی دروست بەهۆی خوێندنی ئەلیکترۆنییەوە | 4.057 | 81.142 |
| 2 | 9 | وای دەبینم، فێرکردنی ئەلیکترۆنی هەڵسەنگاندنی توانای خوێندکاران دەکات بۆ بەکارهێنانی سەرچاوەی ئەلیکترۆنی | 3.542 | 70.857 |
| 3 | 7 | فێرکردنی ئەلیکترۆنی ڕێگەئەدات بە خوێندکاران زانیاری زیاتر وەربگرن لەبابەتەکە لە ڕێگەی سەردان کردنی تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە | 3.523 | 70.476 |
| 4 | 8 | فێرکردنی ئەلیکترۆنی ڕێگایەکی باشە بۆ هەڵسەنگاندنی توانای خوێندکاران بۆ ئاڵوگۆڕی نامەی ئەلیکترۆنی (ئیمەیڵ) لەگەڵ مامۆستادا | 3.519 | 70.380 |
| 5 | 6 | فێرکردنی ئەلیکترۆنی ڕێگایەکی باشە بۆ هەڵسەنگاندنی توانای خوێندکار بۆ کۆکردنەوەی زانیاری | 3.395 | 67.904 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 6 | 2 | فێرکردنی ئەلیکترۆنی بوار بە ووردبوونەوە دەدات لە گەیشتن بە ئامانجەکانی وانەکە یەکە بەیەکە | 3.347 | 66.952 |
| 7 | 4 | فێرکردنی ئەلیکترۆنی ڕێگە بە سەلماندنی ستانداردەکانی گشتگیری و بابەتی دەدات | 3.319 | 66.380 |
| 8 | 5 | فێرکردنی ئەلیکترۆنی یارمەتیدەرە لە هەڵسەنگاندنی پەیوەندی نێوان هەردوو لای پڕۆسەی فێرکاری (زانستی و تیۆریی) | 3.219 | 64.380 |
| 9 | 3 | فێرکردنی ئەلیکترۆنی ڕێگە بە بەکارهێنانی بنەمای بەردەوامی هەڵسەنگاندن دەدات | 3.161 | 63.238 |
| | | کۆ | 3.453 | 69.079 |

بەپێی زانیارییە ئامارییەکان، کەلە خشتەی (4-6)تایبەت بەتەوەرەی شێوازی هەڵسەنگاندنی گونجاو بۆ خوێندکار لەکاتی بەکارهێنانی فێرکردنی ئەلیکترۆنیدا، بەتێڕوانینی مامۆستایانی تایبەت بە بابەتەکە، کەئەم تەوەرەیە (9) بڕگە لەخۆدەگرێت، کەهەر نۆ بڕگەکەش ناوەندە شیاوەکەیان لەسەروو (3)وەیە پەسەند کراوە لەلایەن مامۆستایانی بابەتەکەوە، ئەوانیش ناوەندە شیاویان لەنێوان (4.057 – 3.161) وە کێشی سەدییان لەنێوان (81.142% – 63.238%)، ئەم خشتە لەدوو بیرۆکەدا خستومانەتەڕوو بیرۆکەی یەکەم: بۆ ئەو بڕگانەیە کە سوود لەسەرچاوەی ئەلیکترۆنی و زانیاری وەرگرتن لەلایەن خوێندکارانەوە بۆ فێرکردنی ئەلیکترۆنی کەلە برگەکانی ژمارە ( 1 ، 9 ، 7 ) دەردەکەوێت کە ئەم جۆرە خوێندنە زۆر سوود مەندە لەوبوارەدا، خوێندکاران زانیاری باشتریان دەست کەوتووە بۆ بەهێزکردنی بابەتەکانیان بەتایبەتی بابەتی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بۆ سوود وەرگرتنی لەبواری نەخشەو وێنەی تایبەت بە بابەتەکانی ناو پەرتووکەکە، بیرۆکەی دووەم: خۆی لە هەڵەسەنگاندنی خوێندکاردا خۆی دەبینێتەوە کەلە برگەکانی تری خشتەکەدا دەردەکەوێت شێوازی هەڵسەنگاندنی گونجاو بۆ خوێندکار لەکاتی بەکارهێنانی فێربوونی ئەلیکترۆنیدا لەئاستێکی باشدایەو گونجاوە. ئەنجامی ئەمەش پێچەوانەی توێژینەوەکەی (العنتبلي و الخطاف، 2016)ە، و هاوشێوەی توێژینەوەکەی (الردادي، 2008).

### 4-1-2 ئامانجی دووەم: زانینی ئاستی فێرکردنی ئەلیکترۆنی لای مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان (نموونەی توێژینەوەکە ) بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر و مێ).

بۆ زانینی ئەم جیاوازییە، ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەریمان بۆ نمرەکانی ڕەگەزی نێر و مێ لای مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتیەکان لەسەر پێوەری فێرکردنی ئەلیکترونی دەرهێنا، پاشان بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ بەپشت بەستن بەبەرنامەی ئاماری (SPSS) ، دەرکەوت نرخی بەهای( t )ی ئەژمارکراو (0.935) بەنمرەی ئازاد (208) ، لەسەر ئاستی بەڵگەداری (0.05) وەکو لەخشتەی (4-7) خراوەتەڕوو.

خشتەی(4-7)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی (t) (دوو نمونە) بۆ نمرەکانی مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان (نموونەی توێژینەوە) لەسەر پێوەری فێرکردنی ئەلیکترۆنی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر و مێ)

| ڕەگەز | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندیی گریمانەیی | نمرەی ئازادی | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| نێر | 92 | 184.2283 | 21.00555 | 150 | 208 | 0.935 | 1.96 | بەڵگەدار نیە |
| مێ | 118 | 186.8390 | 19.33111 | | | | | |

وەک لەخشتەی (4-7) دا دەردەکەوێت ، بەهای(t) ئەژمارکراو یەکسانە (935.٠)و بەهای خشتەیی یەکسانە(1.96) و نمرەی ئازاد یەکسانە بە(208) و لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) دایە، لەبەرئەوەی بەهای (t) ئەژمارکراو بچووکترە لەبەهای خشتەیی. بەم جۆرەش دەردەکەوێت، کە جیاوازی بەڵگەداری نییە لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی ڕەگەزی نێر و مێ لای مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر پێوەری خوێندنی ئەلکترونی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز ، توێژەر پێی وایە بەشێک لە هۆکاری ئەم ئەنجامەش دەگەڕێتەوە بۆ نزیکی و هاوواتای بیرکردنەوە و تێڕوانینی هەردوو ڕەگەز نێر ومێ لای مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان ، کەواتە ڕەگەزی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە هیچ کاریگەری نییە لەسەر پێوەری فێرکردنی ئەلیکترۆنی. ئەم ئەنجامەش هاوشێوەی توێژینەوەکەی (الحربي، 2007)ە.

### 3-1-4 ئامانجی سێیەم : زانینی ئاستی فێرکردنی ئەلیکترۆنی لای مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان (نموونەی توێژینەوەکە) بەپێی گۆڕاوی بڕوانامەی (دبلۆم – بەکالۆریۆس).

بۆ زانینی ئەم جیاوازییە توێژەر ناوەندی ژمێرەی و لادانی پێوەری بۆ نمرەکانی بڕوانامەی (بەکالۆریۆس و دبلوم) لای مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتیەکان لەسەر پێوەری فێرکردنی ئەلیکترۆنی دەرهێنا، پاشان بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ بەپشت بەستن بەبەرنامەی ئاماری (SPSS) ، دەرکەوت نرخی بەهای( t )ی ئەژمارکراو (0.693) بەنمرەی ئازاد (208) ، لەسەر ئاستی بەڵگەداری (0.05) وەکو لەخشتەی (4-8) خراوەتەڕوو.

خشتەی(4-8)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی (t) (دوو نموونە) بۆ نمرەکانی مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان (نموونەیتوێژینەوە) لەسەر پێوەری فێرکردنی ئەلیکترۆنی بەپێی گۆڕاوی بڕوانامەی (دبلۆم – بەکالۆریۆس).

| T- test | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بڕوانامە | دوبارە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندیی گریمانەیی | نمرەی ئازاد | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
| | | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| بەکالۆریۆس | 176 | 185.2727 | 20.89141 | 150 | 208 | 0.693 | 1.96 | بەڵگەدار نیە |
| دبلۆم | 34 | 187.8824 | 15.22909 | | | | | |

وەک لەخشتەی ژمارە (4-8) دا دەردەکەوێت ، بەهای(t) ئەژمارکراو یەکسانە (0.693)و بەهای خشتەیی یەکسانە(1.96) و نمرەی ئازاد یەکسانە بە(208) و لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) دایە ،لەبەرئەوەی بەهای (t) ئەژمارکراو بچووکترە لەبەهای خشتەیی، بەم جۆرەش دەردەکەوێت، کە جیاوازی بەڵگەداری نییە لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی بڕوانامەی (دبلۆم و بەکالۆریۆس) لای مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر پێوەری فێرکردنی ئەلیکترۆنی بەپێی گۆڕاوی بڕوانامە (دبلۆم و بەکالۆریۆس)، توێژەر هۆکاری بەشێک لەم ئەنجامەش دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی نموونەی توێژینەوەکەمان زانیاریەکانیان لەسەر شێوازی

فێرکردنی ئەلیکترۆنی وەک یەکەو هیچ جیاوازیەک بەدی ناکرێت لەنێوانیان، بەهۆکاری پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاو بوونی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان لەلای مامۆستایان وایکردووە شارەزایی تەواویان هەبێت لە شێوازو ڕێگای وانەوتنەوەی سەردەم، هەر بۆیە جیاوازی لەبڕوانامەکانیاندا هیچ کاریگەرییەکی نییە لەسەر پێوەری فێرکردنی ئەلیکترۆنی.کە ئەم ئەنجامەش پێچەوانەی توێژینەوەکەی (الردادي 2008،).

## 4-1-4 ئامانجی چوارەم : زانینی ئاستی فێرکردنی ئەلیکترۆنی لای مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان (نموونەی توێژینەوە) بەپێی گۆڕاوی پسپۆڕی.

بۆ زانینی جیاوازی جیاوازی نمرەکانی مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی گۆڕاوەی پسپۆڕی لەسەر پێوەری فێرکردنی ئەلیکترۆنی. توێژەر شیکاری جیاوازی یەک ئاراستە (تحليل التباين الاحادی) (one way ANOVA) بەکارهێنا. بەپشت بەستن بە بەرنامەی ئاماری (SPSS) کەئەنجامەکەی لەخشتەی (4-9) خراوەتەڕوو.

### خشتەی (4-9)

ئەنجامی شیکاری یەک ئاراستە (ANOVA) بۆ نمرەکانی مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر پێوەری فێرکردنی ئەلیکترۆنی بەپێی گۆڕاوی پسپۆڕی.

| سەرچاوەی جیاوازی | کۆی ناوەندی ژمێرەیی | نمرەی ئازادی | دووجای ناوەندی ژمێرەیی | بەهای فائی F | بەهای بەڵگەداری Sig | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| لە نێوان کۆمەڵەکاندا | 1218.731 | 2 | 609.365 | 1.520 | 0.221 | بەڵگەدار نییە |
| لە ناو گرووپەکاندا | 83007.765 | 207 | 401.004 | | | |
| کۆی گشتی | 84226.495 | 209 | | | | |

وەک لە خشتەی ژمارە (4-9) دا دەردەکەوێت ، بەهای (f) (1.520)و بەهای بەڵگەداری (0.221)، و بەنمرەی ئازاد (247) و لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) دایە . لەبەرئەوەی بەهای بەڵگەداری (0.221) ئەژمارکراو گەورەترە لەئاستی بەڵگەداری. بەم جۆرەش دەردەکەوێت کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی پسپۆڕی خوێندن لای مامۆستایانی

زانســـته کۆمەڵایەتییەکان لەســـەر پێوەری خوێندنی ئەلیکترونی بەپێی گۆڕاوی پســـپۆڕی. کەواتە پســـپۆڕی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە هیچ کاریگەری نەبووە لەســـەر پێوەری فێرکردنی ئەلیکترۆنی، ئەمەش بەشـێک لە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەبوونی هەمان زانیاری و شـارەزایی لەلای مامۆســـتایانی خاوەن پســـپۆڕی بەهۆی تازەیی ئەم شـــێواز ورێگای خوێندنە لەهەرێمی کوردســتاندا، کەلەکاتی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسـی کۆرۆنا لەم چەند ساڵەی پێشـوودا بەناچاری پەنا بۆ فێرکردنی ئەلیکترۆنی برا لەناوەندەکانی خوێندندا، بەهۆکاری دانەبڕانی خوێندکاران لە خوێندن و نەفەوتانی ســالێکی نوێی خوێندنیان. ئەنجامەکەشــی هاوشــێوەیە لەگەڵ توێژینەوەکەی (الحربي، 2007) و پێچەوانەیە لەگەڵ توێژینەوەکەی (الردادي ،2008).

## 5-1-4 ئامانجی پێنجەم : زانینی ئاســـتی فێرکردنی ئەلیکترۆنی لای مامۆســـتایانی زانســـتە کۆمەڵایەتییەکان (نموونەی توێژینەوە) بەپێی گۆڕاوی ساڵانی خزمەت.

بۆ زانینی جیاوازی جیاوازی نمرەکانی مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی گۆڕاوی ساڵانی خزمەت لەســەر پێوەری فێرکردنی ئەلیکترونی. شـیکاری جیاوازی یەک ئاراســتەمان (تحليل التباين الاحادی) (one way ANOVA) بەکارهێنا. بەپســـت بەســـتن بە بەرنامەی ئاماری (SPSS)، کەئەنجامەکەی لەخشتەی (4-10) خراوەتەڕوو.

### خشتەی (4-10)

**ئەنجامی شیکاری یەک ئاراستە (ANOVA) بۆ نمرەکانی مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتیەکان لەسەر پێوەری فێرکردنی ئەلیکترونی بەپێی گۆڕاوی ساڵانی خزمەت.**

| سەرچاوەی جیاوازی | کۆی ناوەندی ژمێرەیی | نمرەی ئازادی | دووجای ناوەندی ژمێرەیی | بەهای فائی F | بەهای بەڵگەداری Sig | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| لە نێوان کۆمەڵەکاندا | 3870.404 | 3 | 1290.135 | 3.307 | 0.021 | بەڵگەدارە |
| لە ناو گروپەکاندا | 80356.091 | 206 | 390.078 | | | |
| کۆی گشتی | 84226.495 | 209 | | | | |

وەک لە خشـــتەی ژمارە (4-10) دا دەردەکەوێت ، بەهای (f)(3.307)و بەهای بەڵگەداری (0.021)، بەنمرەی ئازاد (206) و لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) دایە . لەبەرئەوەی بەهای بەڵگەداری (0.021) بچووکترە لەئاســـتی بەڵگەداری. بەم جۆرەش دەردەکەوێت، کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە

لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی سـالانی خزمەت لای مامۆسـتایانی زانسـتە کۆمەلایەتییەکان لەسـەر پێوەری فێرکردنی ئەلیکترۆنی بەپێی گۆڕاوی سـالانی خزمەت. کەواتە سـالانی خزمەتی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە کاریگەری هەیە لەسـەر پێوەری فێرکردنی ئەلیکترۆنی هەروەک لەخشـتەی (4–5)دا جیـاوازەییەکە ڕوونکراوەتەوە، لەبەرئەوە پێمـان وایە هۆکـاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ شـارەزایی زیاتری ئەو مامۆسـتایانە لەپرۆسـەی پەروەردەو فێرکردن و ئەو ڕێگاو شـێوازانەی، کەبەکاردەهێنرێت بۆ گەیاندنی زانیارییەکان بە خوێندکاران لە ڕێگاو شـێوازە کلاسیکیەکان و تازەکاندا.

بۆ دیاریکردنی ئەم جیاوازییەش بۆ نمرەکانی مامۆستایانی زانستە کۆمەلایەتیەکان لەسەر پێوەری فێرکردنی ئەلیکترۆنی لەنێوان سـالانی خزمەتی (1–5) (6–10) (11–15) (15–بەرەو سـەرەوە)، توێژەر پشتی بەتاقیکردنەوەی (LSD) وەک لەخشتەی (4–11) دەردەکەوێت.

خشتەی(4–11)

تاقیکردنەوەی (LSD) بۆ فێرکردنی ئەلیکترۆنی بەپێی سالانی خزمەت

| تاقیکردنەوەی (LSD) بۆ خوێندنی ئەلکترونی | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| سالانی (I) خزمەت | سالانی خزمەت (J) | ناوەندە ژمێرەیی جیاوازی (I-J) | هەڵەی پێوەری | بەهای بەڵگەداری | ئاستی بەڵگەداری(0.05) |
| 5–1 | 10–6 | -9.89881 | 5.49405 | .073 | بەڵگەدار نییە |
| | 15–11 | -9.54167 | 4.93760 | .055 | |
| | 15–بەرەو سەرەوە | -.92803 | 4.44965 | .835 | |
| 10–6 | 5–1 | 9.89881 | 5.49405 | .073 | بەڵگەدار نییە |
| | 15–11 | .35714 | 4.69659 | .939 | |
| | 15–بەرەو سەرەوە | 8.97078* | 4.18061 | .033 | بەڵگەدارە |
| 15–11 | 5–1 | 9.54167 | 4.93760 | .055 | بەڵگەدار نییە |
| | 10–6 | -.35714 | 4.69659 | .939 | |
| | 15–بەرەو سەرەوە | 8.61364* | 3.41655 | .012 | بەڵگەدارە |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| بەڵگەدار نییە | .835 | 4.44965 | .92803 | 5-1 | 15-بەرەو سەرەوە |
| بەڵگەدارە | .033 | 4.18061 | -8.97078* | 10-6 | |
| | .012 | 3.41655 | -8.61364* | 15-11 | |

وەک لەم خشتەی (4-11)دا دەردەکەوێت، پەیوەندی ئاماری نییە لەنێوان سالانی خزمەت (1-5)، سالانی خزمەتی (6-10)(11-15)(15-بەرەو سەرەوە). هەروەها پەیوەندی ئاماری نییە لەنێوان سالانی خزمەتی (6-10) و سالانی خزمەتی (1-5) (11-15)، بەلام جیاوازی ئاماری هەیە لەگەڵ سالانی خزمەتی (15-بەرەو سەرەوە)، هەروەها پەیوەندی ئاماری نییە لەنێوان سالانی خزمەتی (11-15) و سالانی خزمەتی (1-5) (6-10)، بەلام پەیوەندی ئاماری هەیە لەگەڵ سالانی خزمەتی (15-بەرەو سەرەوە). هەروەها پەیوەندی ئاماری نییە لەنیوان سالانی خزمەتی(15-بەرەو سەرەوە) لەگەڵ سالانی خزمەتی (1-5)، بەلام پەیوەندی ئاماری هەیە لەگەڵ سالانی خزمەتی (6-10)(11-15). هۆکاری ئەم ئەنجامەش دەگەڕێتەوە بۆ شارەزایی زیاتری ئەو مامۆستایانەی کە سالانی خزمەتیان زیاترە لە شێوازو ڕێگاکانی وانەوتنەوەدا، هەروەها باشتر خۆیان گونجاندووە لەگەڵ پرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا، جگەلەمەش بەشێکی زۆری ئەو مامۆستایانە بڕوانامەکانیان لە دبلۆمەوە گۆڕیوە بۆ بەکالۆریۆس لەم چەند ساڵەی دواییدا بەدووبارە خوێندنەوەیان لە زانکۆکان ئەمەش وایکردووە کە شارەزایی زیاتر پەیدابکەن لەو شێوازو ڕێگا باوانەی سەردەم کەلەجیهاندا هەیە، هەر لەبەر ئەمەشە ئەم جیاوازیە بەدی دەکرێت. ئەم ئەنجامەش نزیکە لە توێژینەوەکانی (الردادي، 2008) و (حسامو، 2011) وە هاوشێوەنیە لەگەڵ توێژینەوەکەی (الحربي، 2007).

## 2-4 دەرئەنجامەکان

لەبەر رۆشنایی ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە پێی گەیشتووە، توێژەر گەیشتە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:

1-ئاستی بەکارهێنانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی لای مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لەشاری سلێمانی بەشێوەیەکی گشتی لەئاستێکی بەرزدایە.

2-هیچ جیاوازییەکی ئاماری نییە لە ئاستی بەکارهێنانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی لای مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز.

3- هیچ جیاوازییەکی ئاماری نییە لە ئاستی بەکارهێنانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی لای مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی گۆڕاوی بڕوانامەی زانستی.

4-هیچ جیاوازییەکی ئاماری نییە لە ئاستی بەکارهێنانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی لای مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی گۆڕاوی پسپۆڕی.

5-جیاوازی ئاماری هەیە لە ئاستی بەکارهێنانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی لای مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی گۆڕاوی ساڵانی خزمەت.

6-جیاوازی ئاماری هەیە لە ئاستی بەکارهێنانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی لای مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی گۆڕاوی هەبوونی زانیاری لەسەر شێوازی خوێندنەکە.

## 3-4 ڕاسپاردەکان

لەبەر ڕۆشنایی دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە، توێژەر ئەم ڕاسپاردانە دەخاتەڕوو:

1- ڕاهێنانی مامۆستایان بۆ بەکارهێنانی شێوازی هەڵسەنگاندنی گونجاو بۆ خوێندکاران لەکاتی بەکارهێنانی فێربوونی ئەلیکترۆنیدا.

2- هاندانی مامۆستایان بۆ ناو تۆمارکردن لەو کۆرسانەی کەلەناو شار، یان دەرەوەی شار دەکرێنەوە و یارمەتیدەر دەبێت بۆ بەرزکردنەوەی کارامەییەکانیان لە بەکارهێنانی شێوازەکانی فێرکردن لەسەر بنەمای فێربوونی ئەلیکترۆنی.

3- هاندانی خوێندکاران بۆ خوێندن وفێربوونی کۆمپیوتەر لە قۆناغە سەرەتاییەکانی ژیانیاندا بۆ ئەوەی یارمەتیان بدات بە خێرایی خۆیان لەگەڵ فێربوونی ئەلیکترۆنیدا بگونجێن لە ئەگەری گشتاندنیدا (جێبەجێکردنی دا).

4- ئەنجامدانی خولی ڕاهێنان بۆ مامۆستایان لە وەزارەتی پەروەردە بۆ ئەوەی ڕاهێنانیان پێ بکرێت لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت لە کەرتی پەروەردەدا و چۆنیەتی بەکارهێنانی شێوازی فێرکاری لەڕێگەی تەکنەلۆجیاو زانیاری سەردەم، کە لەگەڵ بەکارهێنانی فێربوونی ئەلیکترۆنیدا بگونجێت.

5-دابینکردنی شوێنی گونجاو (تاقیگە) بۆ بابەتەکانی زانستی کۆمەڵایەتی بەتایبەتی جوگرافیا لە قوتابخانەکان، چونکە ئامرازو کەرەستەی فێرکاری جۆراوجۆر بەکاردەهێنرێت بەتایبەتی تەکنەلۆژیای نوێ، بۆ هاوکاریکردنی مامۆستایان و خوێندکاران لە کاتی جێبەجێکردنی فێرکردنی ئەلیکترۆنی لەسەر بنەمای بەردەوام.

6-ڕاهێنانی خوێندکاران لەسەر تواناکانی فێربوون و بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت لە پرۆسەی خۆفێربووندا (فێرکردنی خودی).

7-دامەزراندنی ماڵپەڕ و وێب سایتی پەیوەندیدار بە ڕاهێنانی مامۆستایان لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی ئامرازەکانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی لە فێرکردنی بابەتی زانستە کۆمەڵایەتیەکان.

## 4-4 پێشنیارەکان

لەبەر ڕۆشنایی دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە، توێژەر چەند پێشنیارێک دەخاتەڕوو ئەوانیش:

1- ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە بۆ مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتیەکان لە خوێندنگە بنەڕەتیەکان لە پارێزگاکانی تری هەرێمی کوردستان.

2- ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە بۆ مامۆستایانی زانستەکانی تر لە خوێندنگە ئامادەییەکان لەناوەندی پارێزگای سلێمانیدا.

3- ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی بەراوردکاری لە نێوان قوتابخانە بنەڕەتیە حکومی و ئەهلییەکاندا لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە بەکارهێنانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی لە فێرکردنی زانستی کۆمەڵایەتیدا.

4- ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لەسەر ئاستەنگەکانی بەردەم بەکارهێنانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی لە فێرکردنی زانستی کۆمەڵایەتی لەقۆناغەکانی تری خوێندن لە ڕوانگەی مامۆستایان و سەرپەرشتیارانەوە.

5- ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی ئەزموونی لەسەر کاریگەری بەکارهێنانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی لە فێرکردنی زانستی کۆمەڵایەتی دا لەسەر دەستکەوتی ئەکادیمی، ئاڕاستەکردن بەرەو زانستە کۆمەڵایەتیەکان و مانەوەی فێربوون.

# سەرچاوەکان

## لیستی سەرچاوەکان

سەرچاوەکان بەزمانی کوردی

سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی

سەرچاوەکان بەزمانی ئینگلیزی

سەرچاوەی ئینتەرنێت

# لیستی سەرچاوەکان

***قورئانی پیرۆز**

## یەکەم: سەرچاوەکان بەزمانی کوردی:


- أحمد و نوری، سامان حسێن و عادل محمد (2019): **ئاڕاستەی مامۆستایانی زانستەکۆمەڵایەتیەکان دەربارەی پسپۆریەکانیان لە قوتابخانە بنەڕەتیەکاندا**، ب23، ژ3، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتیەکان.
- اسماعیل، هونەر زاهیر (2014): **گۆڤاری پەروەردە و فێرکردن**،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، ژ10.
-ئێرتوغرول، خالد، (2017): **ڕێبەری مامۆستا بەرەو سەرکەوتن**، وەرگێڕانی: دۆستی عوسمان صدیق، چ1، ناوەندی ئارا، سلێمانی.
- بۆکانی، سابیر (2016): **میتۆدی توێژینەوەی زانستی**، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، چ1.
- ـــــــــــ (2020): **میتۆدی توێژینەوەی زانستی**، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، چ2.
- بەکرەجۆیی، ڕێبوار (2014): **ئەزموون و ئەنجام**، چ1 ،چاپخانەی کەمال، سلێمانی.
-حکومەتی هەرێمی کوردستان- وەزارەتی پەروەردە (2007): **پێشنیارو ڕاسپاردەکان بۆ کۆنگرەی پەروەردەیی 2007**، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
-حکومەتی هەرێمی کوردستان- وەزارەتی پەروەردە (2009): **سیستەمی قوتابخانە بنەڕەتییەکان وسیستەمی خوێندنگە ئامادەییەکان 2009**، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
- رسول، ابراهیم رسول (2014): **دەروازەیەک بۆ وانەوتنەوە** ،چاپ و پەخشی نارین، هەولێر.
- سیوەیلی، ئیدریس، (2017): **مامۆستای کارامەو وانەوتنەوەی سەرکەوتوو**، چ2، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
- صالح، سیروان حسن (2020): **فێرکردنی ئەلیکترۆنی وبەربەستەکانی لەهەرێمی کوردستان**، https://garmian.edu.krd/ ، ڕۆژی سەردانی 10-7-2020.
- صباح، علی جاف (2005): **پەروەردەو فێربوون، گرفت و گۆران**.
- عبدالله و ئەحمەد، عادل محمد نوری و عومەر عەلی (2018): **ئاستەنگەکانی بەکارهێنانی (ئی-سکوڵ) وکاریگەری لەپرۆسەی پەروەردەدا**، پرۆسیدینگی کۆنفرانسی هاوبەشی زانکۆی سۆران و پەیمانگە تەکنیکیە تایبەتەکانی (ڕواندز – ئایندە – ئاکرێ)، سۆران – هەولێر.

- عزيز ، کەریم ئەحمەد (2020): **بنەماکانی پەروەردە** ،چ2، دەزگای چاپ و بەخشـــی نارین ، هەولێر .
- قادر،رەمەزان حەمەدەمین (2020): **بنەماکانی پەروەردەی سـەردەم**، چ1، بەڕێوبەرایەتی گشـتی کتێبخانە گشتییەکانی سلێمانی، چاپخانەی سایە – سلێمانی.
- کاکە شێخ، هەردەوان مەحمود (2018): **ئابوری فێرکردنی ئەلیکترۆنی وکاریگەری فێرکردنی ئەلیکترونی لەسەر ئاستی دەرچووان**، پرۆسیدینگی کۆنفرانسی هاوبەشی زانکۆی سۆران و پەیمانگە تەکنیکیە تایبەتەکانی (ڕواندز – ئایندە – ئاکرێ)، سۆران – هەولێر.
- محمد،کاوە علی (2019): **هۆنەری وانە وتنەوە بەڕێوەبردنی پۆل** ،چابخانەی تاران ، چ١.تاران.
- معایتە، خەلیل عبدالرحمن (2013): **دەروونناسی کۆمەڵایەتی**، و:سەلاح سەعدی، چ1، کتێبخانەی نارین.

## دووەم: سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی:

- إبراهيم وأحمد، عبداللطيف فؤاد وســعد مرســي (1995): **المواد الإجتماعية وتدريســها الناجح**، القاهرة، مكتبة النهضة المصرية.
- إبراهيم، خيري علي (1990): **المواد الإجتمـاعيـة في منـاهج التعليم بين النظريـة والتطبيق**، الإسكندرية، دار المعرفة الجامعية.
- ابراهيم، مجدي عزيز (2002)، **التقنيات التربوية**، مكتبة انجلو المصرية، ط 1، القاهرة.
- أبو سريع، محمود محمد (2008): **المرجع في تدريس المواد الإجتماعية**، الجيزة، دار العالمية.
- أبولبدة،سبع محمد (2008): **مبادىء القياس النفسي و التقويم التربوي للطالب الجامعي**، دار الفكر للنشر و التوزيع، عمان.
- أدوري، علي حسين (2009): **اصول التربية في مفهومها الحديث**، دار أثراء للنشر – الاردن.
- إسماعيل، الغريب زاهر (2009): **التعليم الإلكتروني من التطبيق إلى الحتراف والجودة**، ط1، القاهرة، عالم الكتب.
- الأغا والأستاذ، إحسان خليل ومحمود حسن (1999): **تصميم البحث التربوي (النظرية والتطبيق)**، مطبعة الرنتيسي، غزة، فلسطين.
- بدوي ،محمد محمد عبد الهادي (2017): **فعالية برنامج مقترح في التعليم الإلكتروني لتنمية مهارات تصميم الاختبارات الإلكترونية والاتجاه نحو التقويم الإلكتروني لدى طلاب الدراسات العليا. منصة**

المنهل، يوم الزيارة (2022/5/25.)من الموقع الإلكتروني: https://platform.almanhal.com/Reader/Article/54448

- البياتي و اثناسيوس، عبدالجبار توفيق و زكريا (1977): **الأحصاء الوصفي و الاستدلالي في التربية و علم النفس**، مطبعة مؤسسة الثقافة العالمية، بغداد – العراق.
- التايه، أحمد إبراهيم (2015): **إتجاهات المعلمين نحو استخدام التمرينات المائية لتأهيل ذوي طيف التوحد و الأشخاص ذوي الإعاقة العقلية والسمعية**، مجلة العلوم التربوية، عدد1.
- التميمي، حيدر شمسي حسن (2021): **اتجاهات المعلمين نحو استخدام التعليم الإلكتروني في المرحلة الابتدائية، وقائع المؤتمر العلمي السنوي الرابع لقسم معلم الصفوف الاولى/ كلية التربية الاساسية/ الجامعة المستنصرية والموسم (واقع التعليم الإبتدائي في ظل جائحة كورونا) 15-16 اذار 2021**، مجلة كلية التربية الاساسية، الجامعة المستنصرية.
- التميمي، عبدالرحمن إبراهيم (2006): دراسة مقارنة لاستخدام التعليم الإلكتروني في تدريس **الرياضيات بالمرحلة الثانوية في ضوء معايير NCTM ببعض الدول المختاره**، رساله دكتوراه.
- التودري، عوض حسين (2001)، المدرسة الإلكترونية وأدوار حديثة للمعلم، الرياض، مكتبة الرشد.
- تيتيلة و آخرون، سارة وشهرة زاد بوعالية ولمياء تيتيلة (2018): **تصميم أساليب تقويم التعليم الإلكتروني بالجامعة الجزائرية: واقع التطبيق و مميزات الاستخدام منصة التعليم الالكتروني موودل بجامعة سطيف 2 نموذجا**، مجلة العلوم الاجتماعية- جامعة الأغواط، مجلد 7، عدد 28.
- جابر وكاظم، جابر عبدالحميد وأحمد خيري (1973): **مناهج في التربية وعلم النفس**، دار النهضة العربية، القاهرة.
- الجادري، عدنان حسين (2007): **إلاحصاء الوصفي في العلوم التربوية**، دار المسيرة للنشر، عمان.
- جامل، عبدالرحمن عبدالسلام (2002): **طرق تدريس المواد الإجتماعية**، عمان، دار المنهج.
- الجلبي، سوسن شاكر (2005): **اساسيات بناء الأختبارات و المقاييس النفسية و التربوية**، دار رسلان للنشرو التوزيع، ط1، دمشق.
- الجندي ولال، علياء عبداله و زكريا يحي (2005): **الاتصال الإلكتروني و تكنولوجيا التعليم**، ط3 ، مكتبة العبيكان، الرياض.
- الحارثي، زايد بن عجير (1992): **بناء الأستفتاءات وقياس الأتجاهات**، دار الفنون الطباعة و النشر، جدة (السعودية).

-الحربي، محمد بن صنت بن صالح (2007): **مطالب استخدام التعليم الإلكتروني لتدريس الرياضيات بالمرحلة الثانوية من وجهة نظر الممارسين والمختصين**، رسالة الدكتوراه، غير منشورة، قسم المناهج وطرائق التدريس، كلية التربية، جامعة أم القرى، المملكة العربية السعودية.

-الحسامو، سهى علي (2011): **واقع التعليم الالكتروني في جامعة تشرين من وجهة نظر كل من أعضاء الهيئة التدريسية والطلبة**، مجلة جامعة دمشق، المجلد 27.

-الحلية، محمد محمود (2014): **تكنولوجيا التعليم بين النظرية و التطبيق**، ط٩، دار الميسرة للنشر و التوزيع، عمان.

-الدرديري، عبدالمنعم (1997): **الكفاءة الذاتية لدى معلمي الرياضيات و علاقتها باتجاهاتهم نحو مهنة التعليم وبعض المتغيرات النفسية لدى التلاميذ**، مجلة كلية التربية، جامعة أسيوط، مجلة2، عدد 13.

-دعدع ،خالد علي ( 2010): **المنهج الالكتروني**، https://www.manhal.net/art/s/3490 يوم الزيارة (2-4-2022).

-دعمس، مصطفى نمر (2009): **تكنولوجيا التعلم وحوسبة التعليم**، ط1، دار غيداء للنشر والتوزيع، عمان.

-دنيا، محمود (1991): **إستراتيجية تدريس المواد الإجتماعية**، مكتبة الفلاح، الكويت.

-دياب، سهيل رزق (2003): **مناهج البحث العلمي**،غزة-فلسطين.

-ديفيد (2020): **التعليم الإلكتروني المتزامن والتعليم الإلكتروني غير المتزامن**، مجلة الأكاديميون السعوديون، تاريخ النشر (11- أوكتوبر- 2020)، تاريخ الزيارة (26-7-2022) https://www.saudiacademics.com/article/translated-article/item/2237.

-الردادي، عبدالمنعم بن سليمان (2008): **اتجاهات المعلمين و المشرفين التربويين نحو استخدام التعليم الألكتروني في تدريس مادة الرياضيات في المرحلة المتوسطة**، رسالة الماجستير غير منشورة، كلية التربية، جامعة أم القرى، مكة المكرمة، سعودية.

-رضا، رضوان (2013): **التعليم الإلكتروني**، https://sites.google.com/site/tamer900home/home/altlm-alalktrwny يوم الزيارة (2022/5/31).

-رضوان ومبارك، أبو الفتوح وفتحي (1995): **المواد الإجتماعية في التعليم العام أهدافها – مناهجها – طرق تدريسها**، دار المعارف، القاهرة.

- الرويشد، فيصل مداالله علي (2019): **اتجاهات المعلمين والمعلمات نحو مهنة التدريس وعلاقتها ببعض المتغيرات**، مجلة إبن خلدون للعلوم الانسانية والاجتماعية، عدد1، ISSN1112.
- زهران، حامد عبد السلام (1977): **علم النفس الاجتماعي**، عالم الكتب ، ط4،القاهرة.
- الزوبعي، عبدالجليل ابراهيم ومحمد احمد الغنام (1981): **مناهج البحث التربية**، ج1، جامعة بغداد، ط1، بغداد.
- زيتون، حسن (2005): **رؤية جديدة في التعليم الإلكتروني الفهوم القضايا التطبيق التقويم**، الدار البيضاء، الرياض.
- زينب (2011): **أهمية الإتجاهات ووظائفها**،تاريخ النشر (24- ديسمبر- 2011)، https://lamya.yoo7.com/t506-topic#1069، تأريخ الزيارة (2 -7-2022).
- سالم،أحمد (2004): **تكنولوجيا التعليم والتعليم الإلكتروني**، مكتبة الرشد، الرياض.
- السعود، خالد محمد (2008): **تكنولوجيا و وسائل التعليم و فاعليتها**، ط١، مكتبة المجتمع العربي للنشر و التوزيع، عمان.
- السفياني، مها بنت عمر بن عامر (2008): **أهمية واستخدام التعليم الإلكتروني في تدريس الرياضيات بالمرحلة الثانوية من وجهة النظر المعلمات والمشرفات التربويات**، رسالة الماجستير، غير منشورة، قسم المناهج وطرائق التدريس، كلية التربية، جامعة أم القرى، المملكة العربية السعودية.
- السكران، محمد (2002): **أساليب تدريس الدراسات الإجتماعية**، دار الشروق، عمان.
- سلامة وحسين، عبدالحافظ وصالح (2005): **مدرسة المستقبل**، دار الحرمين، الرياض.
- السلمي، فهد مسيعد مذيخر (2022): **إتجاهات المعلمين نحو توظيف التعليم الإلكتروني لتحقيق معايير الجودة في العملية التعليمية في المرحلة البتدائية**، مجلة الفنون والأدب وعلوم الانسانيات والإجتماع، عدد76، -:(Online) 3383-2414ISSN.
- شاهين، سعاد أحمد (2014): **طرق تدريس تكنولوجيا التعليم**، ط1، دار الكتاب الحديث، القاهرة.
- شحاتة، حسن (2009): **التعليم الألكتروني وتحرير العقل**، دار العالم العربي، القاهرة.
- الشناق و دومي، قسيم محمد وحسن علي أحمد بني (2010): **إتجاهات المعلمين والطلبة نحو استخدام التعليم الإلكتروني في المدارس الثانوية الأردنية**، مجلة جامعة دمشق، المجلد 26، العدد(1+2).
- الصبري، عزام عبدالرحمن (2006): **الأحصاء الوصفي وتعامل SPSS**، دار الكتاب العالمي، عمان.

- الصمادي وماهر، عبدالله والدرابيع (2004): **القياس و التقويم النفسي و التربوي بين النظرية و التطبيق**، مركز يزيد للنشر، ط1، جامعة المؤتة.
- الطيطي، محمد وأخرون (2002): **مدخل الى التربية**، دار المسيرة للنشر والتوزيع و الطباعة.
- الظفيري، فايز منشر (2004): **أهداف و طموحات في التعليم الإلكتروني**، رسالة التربية، العدد الرابع، سلطة عمان.
- العامري، عبدالله (2009): **المعلم الناجح**، ط1، دار أسامة، عمان، الأردن.
- عامر، طارق عبدالرؤوف (2014): **التعليم الإلكتروني و التعليم الإفتراضي (اتجاهات عالمية معاصرة)**، ط1، المجموعة العربية للتدريب والنشر، القاهرة.
- العبادي، سلمى مجيد حميد (2006): **أثر إستراتيجية تعليمية بالشرح و الرسم الأني في التحصيل و الدافعيه و تنميه مهارة رسم الخرائط التاريخية لدى طالبات المرحلة المتوسطة**، أطروحة دكتوره (غير منشوره)، جامعة المستنصرية، كلية التربية، بغداد – عيراق.
- عباس، هديل عماد محمد (2017): **واقع توظيف التعليم الإلكتروني في التدريس في كليات التربية بالجمعات السودانية**، رسالة ماجستير، غير منشورة، كلية التربية، جامعة السودان للعلوم والتكنولوجيا، سودان.
- عبدالحميد، عبدالعزيز طلبة(2010): **التعليم الإلكتروني ومستحدثات تكنولوجيا التعليم**، المكتبة العصرية.
- عبدالرحمن، سعد (1998): **القياس النفسي- النضرية و التطبيق**، ط2، دار الفكر العربي، القاهرة.
- عبدالفتاح، الهمص ولاء (2021): التقويم الإلكتروني و أساليب في ظل جائحة كوفيد المستجد، موقع التعليم جديد،23 أغسطس 2021، http://education.arab.macam.ac.il/article/1761 ،يوم زيارة (2022/5/25)
- عبدالكريم، مشاعل عبدالعزيز (2008): واقع أستخدام التعليم الألكتروني في مدارس المملكة الأهلية **بمدينة الرياض**، رسالة الماجستير غير منشورة، كلية التربية، جامعة الملك سعود، سعودية.
- عبدالمنعم وعبدالباسط، منصور أحمد وحسين محمد (2006): **تدريس الدراسات الإجتماعية وإستخدام التكنولوجيا المتقدمة**، مكتبة الأنجلو المصرية، القاهرة.
- العريفي، يوسف عبدالله (2003): ""**التعليم الإلكتروني تقنية واعدة و طريقة رائدة" ورقة عمل مقدمة لندوة التعليم الإلكتروني خلال فترة 21-23 أبريل**، مدارس الملك فيصل، الرياض.
- عزمي، نبيل جاد (2008): **تكنولوجيا التعليم الإلكتروني**، ط1، دار الفكر العربي، القاهرة.

- عطية، محسن علي (2008): **الاستراتيجيات الحديثة في التدريس الفعال**، دار صفاء، للنشر و التوزيع، عمان– الأردن.

- عفانة وأخرين، عزو اسماعيل و نائلة نجيب الخزندار ونصر خليل الكحلوت و حسن ربحي مهدي (2013): **طرق تدريس الحاسوب**، ط4، دار الميسرة، عمان.

- عكيشي، نور الهدى (2014): **المكانة الاجتماعية للمعلم و دورها في العملية التعليمية**، رسالة ماجستير (غير منشورة)، جامعة الوادي، كلية العلوم الاجتماعية، شعبة علوم الاجتماع.

- علام، صلاح الدين محمود (2006): **الأختبارات و المقايس التربوية و النفسية**، دار الفكر للطباعة والنشر، عمان.

- العنتبلي و الخطاف، حماده عيد نوار و نواف بندر سليمان (2016): **إتجاهات المعلمين نحو استخدام التعليم الإلكتروني في تدريس التربية الرياضية لذوي الإحتياجات الخاصة بدولة الكويت**، مجلة بحوث وتطوير انشطة علوم الرياضة، (2)ISSUE، ISSN 2414-6900.

- العنزي، أحمد معجون (1998): **إتجاهات طلاب كلية المعلمين في عرعر نحو الوسائل التعليمية**، رسالة ماجستير، جامعة الملك سعود، الرياض.

- عودة، احمد سليمان (1999): **القياس و التقويم في العملية التدريسية**، ج3، ط2، دار الأمل للنشر والتوزيع، عمان–الأردن.

- العيسى، عبدالوهاب (1974): **تنظيم تعليم الاجتماعيات في المرحلة الابتدائية**، مطبعة وزارة التربية، بغداد – العراق.

- الغزو، إيمان (2004): **دمج التقنيات في التعليم إعداد المعلم تقنيات للالفية الثالثة**، دار القلم، دبي.

- غلوم، منصـــور (2003): **التعليم الإلكتروني في مدارس التربية بدولة الكويت**، ورقة عمل مقدمة لندوة التعليم الإلكتروني خلال الفترة 21-23 إبريل، مدارس الملك فيصل، الرياض.

- الفهمي، ســعاد بنت ســفر هلال (2012): **واقع اســتخدام التعليم الإلكتروني في التدريس المواد الإجتماعية بالمرحلة الثانوية بمدينة مكة المكرمة**، رسـالة الماجسـتير، غير منشـورة، قسـم المناهج وطرق التدريس، كلية التربية، جامعة أم القرى، المملكة العربية السعودية.

- قطاوي، محمد إبراهيم (2007): **طرق التدريس الدراســـات الإجتماعية**، الطبعة الاولى، دار الفكر، الأردن.

- قطيط و سمير ، غسان يوسف و عبدسالم الخريسان (2009): **الحاسوب وطرق التدريس والتقويم**، ط1، الإصدار الأول، دار الثقافة، عمان.

-كشرود، عمار الطيب (2007): **البحث العلمي و مناهجه في العلوم الأجتماعية والسلوكية**، دار المناهج للنشر، عمان.

-مجاور، محمد صلاح الدين علي وفتحي عبدالمقصود الديب (1977): **المناهج المدرسي: أسسه وتطبيقاته التربوية**، ط4، دار القلم، كويت.

-محمد، جاسم محمد (2010): **سيكولوجية الادارة التعليمية والمدرسية**،ط1، القاهرة.

-محمود و البصيري، محمد صبري حافظ و السيد السيد محمود (2009): **اتجاهات معاصرة في إدارة المؤسسات التعليمية**، ط1، دار عالم الكتب للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة.

-محمود، ابتهال سهيل (2008): **أثر استعمال أسلوبين للتغذية الراجعة في اكتساب المفاهيم التاريخية و استبقائها لدى طالبات الصف الثاني المتوسط**، رسالة ماجستير (غير منشورة)، جامعة المستنصرية، كلية التربية الأساسية، بغداد – العراق.

-المدير عام (2010): **مفهوم العلوم الإجتماعية**، منتدى طلبة علم الاجتماع، 2022/4/8، http://kelaa.yoo7.com/l156.

-مرعي و الحلية، توفيق و محمد (2005): **طرائق التدريس العامة (الإصدار2)**، دار الميسرة للنشر والتوزيع و الطباعة، عمان.

-الملاح، محمد عبدالكريم (2010): **المدرسة الألكترونية ودور الإنترنيت في التعليم**، رؤية تربوية، دار الثقافة، عمان.

-الموسى، عبدالله بن عبدالعزيز (2002): **المنهج الإنترنتي نموذج مقترح لوضح مناهج التعليم في المملكة العربية السعودية عبر الأنترنت**، رسالة التربية و علم النفس عدد 18.

-الموسى، عبدالله بن عبدالعزيز (2003): (التعليم الإلكتروني- مفهومة و خصائصه، **فوائدة، عوائقة**، ورقة عمل مقدمة لندوة مدرسة المستقبل خلال الفترة (2003)، كلية التربية، جامعة الملك سعود، الرياض.

-النوايسة، أديب عبدالله (2007): **الأستخدامات التربوية لتكنولوجيا التعليم**، دار كنوز المعرفة، عمان.

-وحدة تكنولوجيا معلومات (2010): **أهمية التعليم الإلكتروني**، كلية مستقبل الجامعة، https://uomus.edu.iq/ElearnImportance.aspx ، يوم الزيارة (2022/5/15).

-الهاجري، محسـن سـعيد (2019): **الأتجاهات و تعلمها (الجزء الأول: تعريف الأتجاهات وأهميتها**، https://www.edutrapedia.com/ ، تاريخ الزيارة (2022/9/3).

-يوسف، زينب فتاح (2016): **تقويم التعليم الإلكتروني في مادة الحاسوب من وجهة نظر المشرفين والمدرسين**، رسالة ماجستير، جامعة بغداد، كلية التربية العلوم المعرفة/ إبن الهيثم، قسم العلوم التربوية والنفسية.

## سێیەم: سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی:

- Babble. Earl (1986), **the Practice of Socail Resarch, Thed**, Wad Sworth Belmont, Calif.
- Class G.V. and Stanly V.C. (1970): **statistical methods in Education Psychology**, New Jersey, Prentice – Hall Inc.
- JUSTIN FERRIMAN (2014):''10 Benefits of Using ELearning'' , https://www.learndash.com/10-benefits-of-using-elearning/ Retrieved 1-4-2022.
- Koumi, J. (2006): **Designing Educational Video and Multimedia for Open and Distance Learning**, Routledge, England.
- Marika Samarati (2016):"Six benefits of e-learning, https://www.itgovernance.co.uk/blog/six-benefits-of-e-learning Retrieved 1-4-2022.
- Uluyol, C. & Sahin, S. (2016): **Elementary School Teachers' ICT Use in the Classroom and Their Motivators for Using ICT**. British Journal of Educational Technology, 47(I), Retrieved from: https://doi:10.1111/bjet.12220.
- Yulia, H. (2020): **Online Learning to Prevent the Spread of Pandemic Corona Virus in Indonesia**, ETERNAL (English Teaching Journal). V.11.

## چوارەم: سەرچاوەی ئینتەرنێت:

- https://units.imamu.edu.sa/deanships/elearn/announcements/Pages/E-learning_Project_article_08_03_1438.aspx. (2022/6/5) يوم الزيارة .

# پاشكۆكان

## پاشكۆی (1)

نموونەی توێژینەوەكە بۆ ڕاوەرگری سەرەتایی

| ژ | ناوی قوتابخانە | بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی | ژمارەی مامۆستا | شوێنی جوگرافی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | هەڵوان | ڕۆژئاوا | 4 | باخان |
| 2 | گەل | ڕۆژئاوا | 8 | زەرگەتەی تازە |
| 3 | تەوار | ڕۆژئاوا | 5 | بەرانان |
| 4 | كانی ئاسكان | ڕۆژئاوا | 4 | مامۆستایان |
| 5 | گۆیژە | ڕۆژهەڵات | 4 | ئیبراهیم پاشا |
| 6 | ئازادی | ڕۆژهەڵات | 3 | ئازادی |
| 7 | مهاباد | ڕۆژهەڵات | 3 | شەهیدانی ئازادی |
| كۆی گشتی ژمارەی مامۆستایان | | | 31 | |

# پاشکۆی (2)

## نموونەی توێژینەوەکە بۆ ڕاوەرگری کۆتایی

| ژ | ناوی قوتابخانە | بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی | ژمارەی مامۆستا | شوێنی جوگرافی | ناوی قوتابخانە | بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی | ژمارەی مامۆستا | شوێنی جوگرافی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ئامێدی | ڕۆژئاوا | 5 | ئاوبارە | ئاڤێستا | ڕۆژهەلات | 5 | کازیوە |
| 2 | سانا | ڕۆژئاوا | 2 | ڕزگاری | ئەوین | ڕۆژهەلات | 2 | شاری ئەوین |
| 3 | کاشما | ڕۆژئاوا | 6 | گردی سەرچنار | ئارۆنا | ڕۆژهەلات | 5 | شێخ عەباس |
| 4 | حەپسەخانی نەقیب | ڕۆژئاوا | 4 | سەرچنار | هەوری | ڕۆژهەلات | 2 | مەجید بەگ |
| 5 | گڵەزەردە | ڕۆژئاوا | 6 | کوردسات | ئارارات | ڕۆژهەلات | 2 | خەبات |
| 6 | زرنگ | ڕۆژئاوا | 4 | ڕاپەڕین | ئاریاس | ڕۆژهەلات | 6 | نالی |
